دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

یەکشەممە ٣٠ی ڕێبەندان ١٣٩٠ـ ١٩ی فێوریە ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٧٧ | نرخ: ١٥٠ تمەن

### لە ماوەی ٤٠ ڕۆژدا پتر لە ١٠٠٠ چالاکی کورد لە باکووری کوردستان گیراون

پارتی ئاشتی و دیموکراسی «بەدەپە» لە ماوەی ٤٠ ڕۆژی ڕابردوودا هەزار و یەک کادر و ئەندامی ئەو حیزبە و ڕۆژنامەنوس و خەڵکی مەدەنیی باکووری کوردستان بە تۆمەتی ئەندامەتی و لایەنگری لە « کۆماجڤاکێن کوردستان»دا دەستبەسەر و زیندانی کراون.

هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەهەمان تۆمەت لە هەڵمەتەکانی پۆلیس و هێزە ئەمنیەتییەکانی تورکیە بۆ سەر ناوەندەکانی بەدەپە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە باکووری کوردستان و تورکیە، زیاتر لە ١٠ هەزار کەس دەستبەسەرکراون.

### گیرانی دوو ئەندامی دەستەی جێبەجێکردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە

دوو ئەندامی دەستەی جێبەجێکردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد بە ناوەکانی «محەممەد یوسف» و «ئیبراهیم برو» کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ڕەوەندی کوردی سووریە سەردانی باشووری کوردستانیان کردبوو، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی سووریەوە قۆڵبەست و زیندانی کران.

شایانی باسە کە کۆنگرەی ڕەوەندی کوردی سووریە ماوەیەک لەوە پێش بە بەشداریی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان گیرا.

### چوار حیزب و ڕیکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە و بە هاودەنگی:

# ١٢ی ڕەشەمە بکەن بە ڕۆژی بەربەرەکانیی نەتەوەیی دژی کۆماری ئیسلامی




سەرچاوەیەکی تایبەت:

حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادیی کوردستان، وەک وڵامدانەوەیەک بە پەیامی یەکیەتیخوازانەی خەڵکی کوردستان و بە مەبەستی هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی هەڵوێستی بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، هاودەنگ و پێکەوە داوا لە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمە، ڕۆژی بەڕێوەچوونی شانۆسازیی هەڵبژاردن لە ماڵەکانیان نەچنە دەر و بە تەحریمی یەکگرتووانە و گشتیی ئەو «هەڵبژاردن»ە، ئەم ڕۆژە بکەن بە ڕۆژی بەربەرەکانێی نەتەوەیی دژی کۆماری ئیسلامی. بەپێی ئەو زانیارییانەی بە «کوردستان» گەیشتوون، بڕیار وایە بەیاننامەی هاوبەشی ئەو چوار لایەنە کە کاروچالاکیی هاوبەش لە سەر هەڵوێستیی تەحریمیشی بەدواوەیە، بە زوویی بکەوێتە بەر سەرنجی بیروڕای گشتی.

شایانی باسە ئەم چوار لایەنە، هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە پێوەندی لەگەڵ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی دا، وێڕای چەندین لایەن و کەسایەتیی دیکەی کورد و نەتەوەکانی ئێران، وێکرا پشتیوانییان لە بانگەوازی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی کرد.


سیاسی



**٣٣ساڵ دوای شۆڕشی ٥٧، دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە کوێن؟**

٥


دیمانە



**عەبدولباقی یوسف: ئێران گوشاری خستۆتە سەر حکوومەتی ئێراق بۆ ئەوەی پشتیوانیی لە سووریە بکا**

٦

کۆمەڵایەتی



**کێ بەرپرسی یەکەمە لە کوشتنی ژنان لە کوردستان دا؟**

٨

زمانی زگماکی



**پاشکۆی «کوردستان» بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی‌یەوە**

بانگەواز

## بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

وڵاتی ئێران لە خەڵکێک بە میللییەت وزمانی جۆراوجۆرەوە پێک هاتوە. بەلام بە داخەوە میللییەتەکان و قەومییەتە نافارسەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ ستەم و هەلاواردنی جۆراوجۆری نەتەوەیی و زمانی بەرەوڕوون. مافی خویندن لە قوتابخانەکانی ئێراندا تەنیا بە یەک زمان(زمانی فارسی) هەیە و بە میلیۆن مندالانی میللییەت و قەومییەتەکانی دیکە لە مافی خویندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن و هیچ جۆرە ئیمکانێک بە مەبەستی پاراستن و پەرەپیدانی زمانی زگماکی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە ئاخێوەرانی ئەو زمانانە ڕەوا نەبینراوە. جگە لەمەش هەوڵ و تێکۆشانی تێکۆشەرانی ئەو میللییەت و قەومییەتانەی ئێران لە پێناوی بە ڕەسمی ناسرانی مافە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکانیان و یەک لەوان خوێندن بە زمانی زگماکی، لە ساڵی ١٣٠٤ەوە تا ئێستا لەگەڵ وڵامنەدانەوە و تەنانەت لە گەڵ هەڕەشە و سەرکوتی دامەزراوە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکان بەرەوڕوو بووە.

٢١ی فێوریە(٢ی ڕەشەممە)، ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییە. ئەم ڕۆژە دەتوانێ ببێتە دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەوەی هەموو خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی ئێرانی لە هەر نەتەوە و زمانێک، کە خوێندن بە زمانی زگماکی و بایەخدان بە زمانەکانی میللییەت و قەومییەتە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری خەڵکی ئێران بە مافێکی ڕەوا دەزانن، هەڵمەتێکی هاوبەش و بە کۆمەڵ بە داکۆکی لە ماف و داخوازە نەتەوەیی و زمانییە زەوتکراو و سەرکوتکراوەکانی هاونیشتمانیان، وەڕێ بخەن.

ئێمە لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیدا، حیزب و ڕێکخراوەکان، کەسایەتییەکان و چالاکانی ئێرانیی لایەنگری مافە نەتەوەیی، زمانی و فەرهەنگییەکانی میللییەتە ستەملێکراوەکانی ئێران لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ کار و هەنگاوی هاوبەش لەم ڕۆژەدا بانگەواز دەکەین. **ئێمە بۆ بەڕێوەچوونی هەرچی کاریگەرتری ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی لە ئێران دا پێشنیار دەکەین:**

١. داوا لە ڕاگەیەنە گشتییە فارسیزمانەکان و ڕاگەیەنەکانی سەر بە نەتەوە و قەومیەتەکانی پێکهێنەری ئێران دەکەین لە ڕۆژانی پێشتر و بە تایبەتی لە ڕۆژی ٢١ی فێوریە دا، بەرنامە و بابەتگەلی تایبەت لە بارەی داکۆکی و گرنگیدان بە پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکانی میللییەتەکان و قەومییەتەکانی نێو ئێران، بڵاو بکەنەوە و پرس و داخوازەکانی هاونیشتمانانی خۆیان لەو پێوەندییەدا بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی بگەیەنن.

٢. هاونیشتمانانی بێبەش لە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی، لە ڕۆژی دووی ڕەشەمە دا، ئەوەندی دەگونجی بە جلوبەرگی نەتەوەیی و ناوچەیی خۆیان بچنە قوتابخانە و شوێنی کاری خۆیان، و بە زمانی زگماکی قسە بکەن.

٣. لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و لەو ڕۆژە دا، کۆڕ و کۆبوونەوەی کەلتووری بە مەبەستی ڕێز گرتن لەم ڕۆژە و ئاشنا کردنی تاکەکانی کۆمەڵ لە گەڵ مافە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکانی نەتەوە و قەومەجیاوازەکان و دەرکردنی بەیاننامە و بڕیارنامەی گونجاو لە گەڵ ویست و داخوازەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییەکانی ئێران پێک بێنن.

ل٤

## یادی ٦٦ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە هەولێر

ڕۆژی ١٩ی فیوریە به بەشداریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵێک بەرپرس و کەسایەتی و بەرپرسانی پارتەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و هەیئەتێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە سکرتێری گشتی کاک خالید عەزیزی، بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و کاک جەلیل گادانی یادی ٦٦ ساڵەی کۆماری کوردستان لە هەولێری پێتەخت بەرز ڕاگیرا.

لەم ڕێوڕەسمەدا مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتەیەکدا باسی لە مێژوو و گرنگیی کۆماری مەهاباد کرد و ڕایگەیاند «ئێستا کاتی بەدەستهێنانی مافی کوردە و دەبێت بڕیار لەسەر مافی



کورد بدرێت».

مەسعوود بارزانی گوتی «هەموو ڕاستییەکان دەریدەخەن کە دەبێت کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، ئەگەر دەست بە ئاشتی بکەن ئەوە سەروەرییەکی گەورەیە، ئێمە دەبێت بەرەو ڕێگای دیالۆگ بچین و نەفەسمان درێژبێت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ».

هەر لەم مەراسمەدا خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتەیەکی لە بارەی فەلسەفەی کۆمار و هاوپێوەندیی نەتەوەی کورد لە پشتیوانیی کۆماری کوردستان دا، پێشکەش کرد کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی بەشداران بەرەوڕوو بوو.

تراکت

**بە تەحریمی بە ناو هەڵبژاردنی مەجلیس زیاتر لە هەمیشە کۆماری ئیسلامی بخەینە قەیرانەوە**

**.....**

**بە چۆڵکردنی شوێنەکانی دەنگدان خەباتی مەنفی دژی کۆماری ئیسلامی بە هێز دەکەین**

**......**

## ئێران دەستی کردۆتەوە بە هەناردەی تیرۆر

بەدوای زنجیرە تەقینەوەیەک و تیرۆری چوار زانای ئەتومی و زانستی لە ئێران، ئەو وڵاتە وێڕای تاوانبار کردنی ئیسرائیل، بریتانیاو ئەمریکا بە دەست هەبوون لەم کارانەدا، کرد کە لە لایەن بەرپرسە جۆراوجۆرەکانییەوە هەڕەشەی وڵامی ئەو کردەوانە دەداتەوە. لەو ماوەیەی ڕابردوودا لە چەند وڵاتی وەک گورجستان، هند، ئازەربایجان و تایلەند زنجیرە چالاکییەکی تیرۆریستی ڕوویان دا کە لە زۆربەیاندا دیپلۆماتکارە ئیسرائیلییەکان ئامانج بوون. لەمبارەوە بنیامین نەتانیاهۆ سەروک وەزرانی ئیسرائیل، ئێرانی بە دەست هەبوون لەم ڕووداوانەدا تاوانبار کرد و وتی: «ئێران بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەستوپێوەندەکان و مۆرەکانییەوە دەستی لەم ڕووداوانەدا هەیە. ناوبراو وێڕای ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئازەربایجان و تایلەند دەڵێ ئێران دەستی کردوەتەوە بە شەپۆلێکی نوێی تیرۆرو چونکی پێشەنگی ئەو وڵاتانە بووە پشتیوانی تیرۆریزم بوون. هەر لە پێوەندیی دەگەڵ ڕووداوە تیرۆریستییەکانی بانکۆکی تایلەنددا پۆلیس ڕایگەیاند



کەسێکی ئێرانی کە دەیویست لە نێو پۆلیسدا خۆی بتەقێنێتەوە هەردووک لاقی لە دەست داوەو یەکێکە لەو پێنج کەسەی کە دەستیان لە سێ تەقینەوەکەی گەڕەکی قەرەباڵغی بازرگانیی بانکۆکدا هەبووە.



## دانیشتنی هاوبەشی چوار حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەولێر



پێشنیوەڕۆی هەینی ٢٨ ی ڕێبەندان، چوار حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە بارەی ڕووداوەکانی کوردستان، ئێران و ناوچە، لە شاری هەولێر کۆبوونەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادیی کوردستان، کاتژمێر ١١ی ڕۆژی ٢٨ ی ڕێبەندان، لە بنکەی سەرکردایەتیی پارتی ئازادیی کوردستان لە شاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی دۆستانەی هاوبەشیان پێک هێنا.

هەیئەتەکانی ڕێبەریی ئەو چوار حیزب و ڕێکخراوە لەم دانیشتنەدا، گرنگترین ڕووداو پرسەکانی پێوەندیدار بە ئۆپۆزیسیونی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئۆپۆزیسیونی ئێرانیان تاوتوێ کرد. لە ماوەی ٤ سەعات باسی سیاسی و ئاڵوگۆڕی بیروڕادا، هەر چوار لایەن، ئەرکە هەنووکەییەکان و گرنگیی پرسی هاوکاری و هاوخەباتیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە خستەڕوو و هەر چوار لایەنیش لەسەر درێژەدان بە دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوەو ئامادەکاری بۆ کاری هاوبەش پێیان داگرت.

پێویستە بگوترێ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیئەتێک پێکهاتوو لە هاوڕێیان کەماڵ کەریمی، قادر وریا و برایم زێوەیی لەم دانیشتنەدا بەشداربوون. لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڕێزان جەلیل ئازادیخوازو ئارام مودەرەسی و لە لایەن سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیشەوە بەڕێزان کامیل نوورانی فەردو عەلی بەهرامی بۆ ئەم کۆبوونەوەیە هاتبوون.

هەر سێ هەیئەت لە لایەن هەیئەتێک پێکهاتبوو لە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەجلیسی گشتیی پارتی ئازادیی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز حوسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستانەوە پێشوازییان لێ کرا.

## سلێمانی: بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنی



لە هاوڕێیان کەریم مەهدەوی، برایم چووکەڵی و هاشم عەزیزی پێک هاتبوون.

کوردستان و کورد نیوز: هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنیدا کرد کە لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی هەینی، ٢١ ی ڕێبەندان لە سەر گڵکۆی مامۆستا شێخ عیزەددین بەڕێوە چوو، هەیئەتی حیزب بە دانانی چەپکەگوڵ لە سەر گڵکۆی مامۆستا ڕێزیان لە یاد و بیرەوەری و خەبات و تێکۆشانی بەڕێزیان گرت.

شایانی باسە کە هەیئەتی حدک بۆ ئەو ڕێوڕەسمە

## سەردانی هەیئەتێکی حدک لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لە شاری هەولێر

هەیئەتێکی حدک لە شاری هەولێر سەردانی کۆمیتەی هەرێمی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەی کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١٧ی ڕێبەندان، هەیئەتێکی حدک پێکهاتوو لە بەڕێزان حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و برایم زێوەیی نوێنەری حیزب لە شاری هەولێر سەردانی کۆمیتەی هەرێمی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەی کرد و لەلایەن بەڕێزان کاک نووری بریمۆ و بێهجەت بەشیر پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا سەرەتا پیرۆزبایی حدک بە بۆنەی پێکهاتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە پێشکەش بەوان کرا و لە سەر چۆنیەتیی پەیوەندی دوولایەنە و درێژەپێدانی ئەو پێوەندییانە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی سووریە و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە سیاسیەکانی کورد لەم بەشە لە کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکان و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان و بارودۆخی ئێستا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد بەشێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە بوون.

شایانی باسە کە لەو دیدارەدا دوولایەن باسی ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان کرد و کۆدەنگیی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوایان لەمەڕ ڕەفتاری وەحشیانەی ڕێژیمی ئەسەد دەرحەق بە خەڵکی سووریە بەرز نرخاند.

## دیداری هەیئەتێکی حدک لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە شاری هەولێری کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ١٧ی ڕێبەندان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و برایم زێوەیی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە شاری هەولێر سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیان کرد و، لە لایەن بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ڕێبەرایەتیی یەکگرتوو بە سەرپەرستیی مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا دوایین ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناوچەکە بە تایبەتی ئەو قۆناغەی کە ئێستا عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێ، هاتە بەر باس و هەروەها ئاوڕێک لە ڕووداوەکانی سووریە و مەسەلەی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و هێزو توانای کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی درایەوە و نەخش و دەوری هەرێمی کوردستان بە نیسبەت ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەو هاوکاری و پشتگیریی هەموو لایەنەکان بۆ هەرچی زیاتر سەقامگیربوونی پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان خرانە بەر باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا.

لە بەشێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارەدا ئاوڕێک لە دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران درایەوەو باس لەو گیروگرفت و فشارانە کرا کە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە خراوەتە سەر ئێران و هەروەها ئاماژە بە شەپۆلی نارەزایەتیی خەڵک لە شێوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم کرا کە هەموو ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر تووشی قەیران بێ.

هەر لەو دیدارەدا بە لەبەر چاوگرتنی ئەو وەزعییەتە باسێک لە نەخش و ڕۆڵی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و هاوکاری و لێک نزیکبوونەوەی ئەو هێزانە کە ئارەزووی خەڵکە بە ئەرکێکی هەنووکەیی بۆ دەستەبەرکردنی ویست و داخوازەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەدرا.

## هەڵسەنگاندنی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی لە کۆڕێک دا



لە بەرەبەری ٣٣ ساڵەی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێران دا، سمایل بازیار، تێکۆشەری دێموکرات و مامۆستای زانکۆ لە سمینارێکدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە شۆڕش و ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبیی تاوتوێ کرد.

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٥ی ڕێبەندان بە بەشداریی ژمارەیەک لە کادرو پێشمەرگەکانی حدک کۆبوونەوەیەکی بۆ کاک سمایل بازیار، تێکۆشەری ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و مامۆستای زانکۆ پێک هێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا سمایل بازیار بە ئاوڕدانەوەیەک لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ لە ئێران، خوێندنەوەیەکی مێژوویی لە ئاکامەکانی ئەم گۆڕانانە کرد.

کۆڕگێڕ لە سەرەتای باسەکەی دا شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانی بە گرینگترین ڕووداویی مێژوویی لە سەدەی ڕابردوودا پێناسە کرد و بنەماکانی ئەو شۆڕشەی بۆ سەردەمی مەشروتە گەڕاندەوە. هەر لە پێوەندی لە گەڵ چۆنایەتیی شۆڕشی ٥٧ ی ئێراندا، بازیار پێی وابوو لە ماوەی ئەو ٣٣ ساڵەدا و دوای ئەو شۆڕشە لە هیچ کوێی جیهان هاوشێوەی وەها شۆڕشێک بەو تایبەتمەندییانەوە ڕوویان نەداوە و گوتیشی کە گۆڕانەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەو ڕاستیەی سەلماند کە سەردەمی شۆڕشەکانی هاوشێوەی شۆڕشی ٥٧ کۆتاییان پێ هاتوە.

سمایل بازیار لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا چووە سەر سەرهەڵدانەکانی یەکساڵی ڕابردووی وڵاتانی عەرەبی و بە سەرنجدان بە ئاکامەکانی تا ئێستای ئەم گۆرانانە ڕایگەیاند کە لە سەرجەم ئەم گۆڕانانەدا لاوانی پێشکەوتنخواز دینامیزمی سەرهەڵدانەکان بوون، بەڵام لە دابەشکردنی دەسەڵات و بیری بەڕێوەبەریدا لاوان کەمتر خوێندراونەتەوە. بۆ وێنە لە میسر ئەوە لاوان بوون کە سەرهەڵدانەکانیان ساز کرد و هیدایەتیان دەکرد، بەڵام لە دابەشکردنی دەسەڵات دا لاوانی میسر کەمترین کورسییان وەدەست هێناوە.

بازیار بە هینانەوەی ئەم نموونانە و بە ئاوڕدانەوە لە ڕەوتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە و لە نێویاندا ڕەوتە ئیسلامییەکان کە لە هەڵبژاردنەکان دا زۆرترین کورسییەکانی پارلمانیان وەدەست هێناوە، بە شیکردنەوەی چەند هۆکارێکی بنەمایی و مێژوویی وڵامی ئەو پرسیارە ئەساسییەی دایەوە کە بۆچی هیزە ئیسلامییەکان توانیویانە لە هەڵبژاردنەکاندا زیاترین کورسی وەدەست بێنن.

لە پیوەندی لە گەل هۆکارەکانی سەرکەوتنی هیزە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی وەک میسر دا سمایل بازیار، کە ناتەبایی سوننەت و مودێرنیتە، بێ عەداڵەتی ئابووری، ئیسلامی سیاسی، ئینکارکردنی دین، سەرنەکەوتنی ئایدۆلۆژییەکانی پێشوو و هەروەها زێدەخوازییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلی وەک هۆکاری بردنەوەی گرەوی هەڵبژاردنەکان لە لایەن هێزە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتانە ناو برد.

سمایل بازیار لە داویین بەشی باسەکەیدا لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە، باسی لەو ڕوانگەو بۆچوونانە کرد کە تا ئێستا لە پێوەندی لە گەڵ شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی دا باس کراون و بە ڕوونی ڕەخنەی لە دوو ڕوانگە گرت کە ئەم سەهەڵدانانە بە ڕێنسانسێک لەو وڵاتانەدا پێناسە دەکەن. ئەو بۆچوونەشی ڕەت کردنەوە کە پێی وایە دەکرێ شێوە دەسەڵاتێکی ئیسلامیی هاوشێوەی تورکیە لە وڵاتانی میسر و تونس دا بێتە گۆڕێ.

دوایین بەشی ئەم کۆبوونەوەیە و دوای باسەکەی بەرێز بازیار بریتی بوو لە پرسیارو و باسی بەشێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کە دواتر لە لایەن کاک سمایلەوە وڵامیان درایەوە.

## سەردانی هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی سووریە لە دەفتەری سیاسیی حدک



پێشنیوەڕۆی پێنج شەممە ٢٠ ی ڕێبەندان، هەیئەتیکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی سووریە، پیکهاتوو لە بەڕێزان مستەفا عوسمان، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و دوکتور مەلەک ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی ناوبراو و بەرپرسی ژنان لە ڕەوەندی کورد لە ئۆکراپین، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد ئەم هەیئەتە لە لایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و بەشی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنە هاوبەشە دا کە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەش ئامادە بوو، وێڕای ئاوردانەوە لە دۆستایەتی و پیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و برایانی کوردی سووریە، بارو دۆخی ئەمڕۆی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە سووریە کەوتە بەر باس. هەیئەتی میوان تیشکی خستە سەر کۆنگرەی ئەم دواییانەی هێز و لایەنە کوردییەکانی سووریە لە هەولێر و ئاکامەکانی ئەو کۆنگرەیە و پیوەندیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عەرەب لە سووریە. لەو بڕوایەش دابوو کە یەکگرتوویی گەلی کورد لەو وڵاتە و وشیاریی نەتەوەیی و پێداگرییان لە سەر مافەنەتەوەییەکانیان و هەڵسوکەوتی وریایانەیان لە گەڵ ڕووداوەکانی ئەو وڵاتە، فاکتەری بە هێزن بۆ گەشبینبوون بە داهاتووی کورد لە سووریە دا. هەیئەتی خانەخوێیش وێڕای مەحکوومکردنی تاوان و دڕندەیی ڕێژیمی بەعس لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ خەڵکی ڕاپەڕیو، خۆشحاڵیی خۆی لە پڕۆسەی لێکنزیکبوونەوە ی هێز و لایەنە کوردەکانی سووریە و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ڕاپەڕینی خەڵکی ئەو وڵاتە بە دژی دیکتاتۆری دەربڕی و هیوای خواست کە گەلی کورد لە سووریە لە ئاکامی ئاڵوگۆرە پێشبینی کراوەکاندا، بە ئامانجە لەمێژینەکانی بگا.

## شاندێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی ڕێبەندان، شاندێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی سەید کامیل، کارگێڕی کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێ کرا.

دوولایەن لە دانیشتنێکی دۆستانەدا، بارودۆخی گشتیی جیهان و ناوچەکەیان هێنایە بەر باس و گفتوگۆیان لەسەر کرد. هەروەها بۆ جارێکی دیکە لە سەر بایکۆتی نۆیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس پێیان داگرت و هاوکاریی زیاتری هێزە سیاسییەکانی کوردستانیان بە شتێکی پێویست زانی.

شایانی باسە کە دوو لایەن لە سەر زۆربەی پرسە سیاسییەکان هاودەنگ و هاوڕا بوون.

# هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی وەرگێڕ و نووسەری بە توانا، برایم یوونسییەوە

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی ڕێبەندان هەواڵدەرییەکان هەواڵی کۆچی دوایی وەرگێڕ و نووسەری بە توانا، برایم یوونسییان بڵاو کردەوە. برایمخانی یوونسی ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوو. لە تەمەنی لاوەتیدا چووە ریزی ئەرتەش وبە هەوڵ و تێکۆشان و نیشاندانی لێهاتوویی لە خۆی گەیشتە پلەی ئەفسەری. خولیای ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی



ئەویشی وەک زۆر لە لاوانی دیکەی نیو ئەرتەش لەو سەردەمەدا، بۆ لای حیزبی توودە ڕاکێشا و چووە ریزی ڕایەڵکەی نهێنیی ئەفسەرانی سەر بە حیزبی توودە. لە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ، کە ئەو ڕایەڵکە نهێنییە ئاشکرا بوو، برایم یوونسی وێڕای چەندین ئەندامی دیکەی ڕێکخراوی ئەفسەرانی حیزبی توودە بە ئێعدام مەحکووم بوو. بەڵام بەو هۆیەوە کە پێشتر لاقێکی لە کاتی ئەنجامی خزمەت لە ئەرتەشدا لە دەستدابوو، سزاکەیان بۆ کرد بە حەبسی ئەبەد.

برایمخانی یوونسی لەو دە ساڵە دا کە لە زینداندا بوو، سەرەرای بەرەوڕوو بوون لە گەڵ کۆسپ و گرفتی جۆراوجۆر، لە خۆ پێگەیاندن غافڵ نەبوو و مانەوە بەندیخانەی کرد بە دەرفەتیک بۆ باشتر فیربوونی زمانی بێگانە، فیربوونی هونەری ڕۆماننووسی و وەرگێڕانی کۆمەڵێک شاکاری ئەدەبی و بە نرخ. لە دوای ئازاد بوونی لە زیندان بە تەواوی خۆی بۆ کاری وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و نووسین تەرخان کرد و توانی دەیان شاکاری ئەدەبی و کتیبی مێژوویی ، کۆمەڵایەتی وەربگێڕێتە سەر زمانی فارسی و چەند کتێبیش لە بارەی هونەری ڕۆماننووسییەوە دابنێ. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە سەردەمی سەرۆکوەزیریی مێهدیی بازرگان دا، بە هۆی خۆشناو بوون و ڕابردووی سیاسیی خاوێنییەوە بۆ ماوەیەک کرا بە پارێزگاری پارێزگەی سنە. دواترلە کاری سیاسی و حکوومەتی کشایەوە و سەرلەنوێ کاری فەرهەنگی و ڕۆماننووسی و وەرگێڕانی بەرهەمە ناودارەکانی جیهان بۆ سەر زمانی فارسیی دریژە دایەوە. برایم یوونسی لەو کەسایەتییە فەرهەنگییە کوردانەیە کە زمان و ئەدەبیاتی فارسی ،خوینەرانی فارسی زمان و فارسیزانان و تینووانی خوێندنەوە و کاری فکری و سیاسی لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوو دا قەرزداریانن، چونکە بۆ یەکەم جار لە ڕێگای وەرگێردراوەکانی ئەوانەوە ، لە گەڵ زۆر شاکاری ئەدەبی و بەرهەمی مێژوویی و فەرهەنگی و بیری نوی و هونەری ڕۆماننووسی ئاشنا بوون. نەمر برایم یوونسی ئەگەرچی بە زمانی فارسی کاری نووسین و وەرگێڕانی دەکرد، بەڵام ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو ستەم و مەینەت و خەم و ئازار و نەبوونی و بێبەشییانەی نەتەوەکەی لە گەڵیان بەرەوروو بوو، دەکرد بە هەوێنی ڕۆمانەکانی و بەم جۆرە، نووسینەکانی ئەو قەڵەمە بە توانایە، ڕەنگدانەوەی ژیان و سەربردەی پڕکارەساتی نەتەوەی کوردن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆچی دوایی برایمخانی یوونسی بە زیانێکی گەورە بۆ نەتەوەی کورد و ئۆگرانی کتێب و خوێندنەوە و فیربوون و کۆمەڵگەی فەرهەنگی لە سەرانسەری ئێران دەزانێ. بەم بۆنەیە بەرێز و پێزانینەوە ئاوڕ لە ژیانی سەربەرزانە و پڕبەرهەمی دەدەینەوە و سەرەخۆشی و هاودەردیی گەرمی خۆمان پێشکەشی بنەماڵەی ئەو نەمرە و تێکڕای ئۆگرانی قەدرزانی نووسین و وەرگێردراوەکانی دەکەین.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٣٩٠/١١/٢٠**
**٢٠١٢/٢/٩**

## بۆ ئاگاداریی ڕای گشتی

# دەربارەی کۆبوونەوەی ناوەندی ئولۆف پاڵمە، ستۆکهۆلم




ڕۆژانی ٤ – ٥ ی مانگی فێوریەی٢٠١٢ کۆبوونەوەیەک لە لایەن ناوەندی ئولۆف پاڵمە، لە ژێر ناوی «اتحاد برای دموکراسی در ایران» ( یەکیەتی بۆ دیموکراسی لە ئێراندا) بۆ کۆمەڵێک لایەن و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێک هات.

پێشەکی، ئەم کۆبوونەوەیە لایەن ناوەندی ئولۆف پاڵمە کە ناوەندێکی بێلایەنە پێک هاتوە. ئەو ناوەندەش تەنیا بە مەبەستێکی خێرخوازانە ، بۆ ئەوەی کە لایەنە ئێرانییەکان وێڕای تەمرینی دیموکراسی، هەوڵ بدەن لە سەر شتە هاوبەشەکان ڕێک بکەون و سازش بکەن، ئەرک و زەحمەتی پێکهێنانی ئەم کۆبوونەویەی گرتبووە ئەستۆ. دیارە من بەش بەحاڵی خۆم زۆر سپاسیان دەکەم بۆ زەحمەت و میوانداریان.

ئەم کۆبوونەوەیە هەر لەو کاتە دا کە کۆمەڵێک لە لایەن و کەسایەتیی موخالیفی کۆماری ئیسلامیی تێدا بەشدار بوو، بە داخەوە جێگەی زۆر لایەن و کەسایەتیی دیکەشی تیدا بەتاڵ بوو. ئەوە بەو مانایە نییە کە لە گرنگیی ئەو کۆبوونەوەیە کەم کەینەوە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە لە داهاتوو دا ئەو بۆشاییە باشتر پڕ بێتەوە و ئاڵقەی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بەرینتر بکرێت.

ئەم کۆبوونەویە هەر لەو کاتە دا کە چەند لایەنی کوردی تێدا بەشداربوو، بەڵام بێ گومان جێگەی لایەن و کەسایەتیی کوردی دیکەشی تێدا دەبۆوە. هیوادارم لە داهاتوودا ئێمە لایەنە کوردییەکان بە ئەزموون و ئامادەیی و هەماهەنگیی باشترەوە بەشداری ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بین. دیارە، لایەنە کوردییەکانی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە، لە ڕادەی توانا و مەجالی خۆیاندا چالاک بوون و دەوری باش و بەرچاویان هەبوو.

هەرچەند لە باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و فیدرالیزم بە شیوازی جۆراوجۆر باسی لێکراوە، بەڵام دەستوری کار و مەبەستی کۆبوونەوەکە ئەوە نەبوو کە لە سەر داڕشتنی چەند و چۆنی چوارچێوە و سیاسەتی کەلان ساغ بێتەوە.

چاوەڕوانی لەم کۆبوونەوەیە دەبێ لە چوارچێوەی دەستوری کارەکەیدا بێت کە بریتی بوو لە وەزعی ئێستای ئێران، هەڵبژاردن، هاوکاریی لایەنەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەم جۆرە کۆبوونەوانەدا خۆپێناسە کردن و دۆزینەوەی ڕێگاچارە و میکانیزمی هاوکاری، باسێکی پڕ کێشەیە کە دەبێ وەک ڕاستییەک ئاماژەی پی بکەین. لە هەمان کاتیشدا، قەبووڵی ئەو واقعییەتە کە ئێمە جیاوازین، ڕێگاچارەش دیالۆگە و دەبێ لە سەر شتە هاوبەشەکان سازش بکەین، هەنگاوێکی باش بوو بۆ ئەوەی فەرهەنگ سازی و گوفتومانسازیی باشتر بکرێ بۆ درێژەی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە لە داهاتوودا.

لە ڕاگەیەندراوی کۆتایی ڕووبەدەرەوە دا، وێڕای داوای یەکگرتوویی و بەردەوامبوونی دیالۆگ و بانگەواز بۆ پەیوەستبوونی لایەن و کەسانی دیکە، خاڵی «پێویستیی چاوەدێریی نێونەتەوەیی»، «جیایی دین لە حکوومەت» و «نەهێشتنی هەرجۆرە هەڵاواردنێک» وەبەرچاو دەکەون.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٦ی فێورییەی ٢٠١٠**
**١٧ی ڕیبەندانی ١٣٩٠**

# ڕاپۆرتێک لەسەر کۆبوونەوە دوو ڕۆژییەکەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ستۆکهۆلمی سۆئێد

کوردستان و کورد نیوز: ناوەندی ئۆلاف پالمە، لە ڕۆژانی ١٥ و ١٦ ی ڕێبەندان‌دا کۆبوونەوەیەکی لە ژێر ناوی یەکیەتی بۆ دێموکڕاسی لە ئێراندا بە بەشداریی نیزیک بە ٥٠ کەس لە کەسایەتییە سیاسییەکان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان بەڕێوە برد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و گولاڵە شەڕەفکەندی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حدک و نوێنەرانی دوو حیزبی کوردیی دیکە ( کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران) و چەند لایەنێکی سیاسیی ئێرانیی ئۆپۆزیسیۆن وەک، بەرەی میللی، کۆماریخوازەکان، نێهزەتی ئازادی و فەداییانی خەڵق و نوێنەرانی نەتەوەکانی عەڕەب و بەلووچ بەڕێوە چوو، خەسارناسیی ئەوە کرا کە بۆ دیالۆگ و پێکهاتن لە نێوان ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ یەکتر لاوازە.

پێویستیی کردنەوەی دەرگای دیالۆگ، چاوەڕوانیی ئۆپۆزیسیۆن لە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی و ئەزموونی بزاوتە عەڕەبییەکان لە ڕەوتی بەهاری عەڕەبی بەشێکی دیکە لە تەوەرەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوون کە لە لایەن بەشدارانەوە بە تێر و تەسەلی تاوتوێ کران.

لەو کۆبوونەوەیەدا خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەر گرینگیی ڕۆڵی کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی لە سەر چارەنووس و دوارۆژی ئێران بۆ بەشداران دوا و ڕایگەیاند کە کە ئەگەرچی جیاوازیی بۆچوون لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا سروشتییە، بەڵام دەبێ لە بەردەوامیی دیالۆگ و دانیشتنەکانی ئۆپۆزیسیۆندا یەک گوتارمان بۆ دەرەوە و بەرەوڕووی کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی هەبێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا عەبدوڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە سەر پێویستی و بەردەوامیی دیالۆگی نێوخۆیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و گرینگیی ئەو خاڵانەی کە دەبێ لە سەریان ڕێککەوتن بکرێ، وتارێکی پێشکێش کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا لە لایەن بەشدارانەوە باس لە نەخشەی سیاسیی داهاتووی ئێرانێکی پلۆراڵ و بە بێ فەرق و جیاوازیی نەتەوە و لایەنەکان لە بەشداریی سیاسی و دەسەڵات و داڕشتنی ئێرانی داهاتوودا کرا.

# مانگرتنی محەممەد سدیق کەبوودوەند لە بەندی ٣٥٠ی گرتووخانەی ئێوین

محەممەد سدیق کەبوودوەند چالاکی مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٣٨٥ەوە لە زیندانی ئێوین دایە ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی ڕێبەندان مانی لە خواردن گرتن.

ئەم چالاکە کوردە لە نامەیەکدا کە بۆ دادستانی تارانی نووسیوە کە بەو هۆیەوە کە ڕێگەی پێ نەدراوە چاوی بە منداڵەکەی بکەوێ کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتووەو هەروەها سەبارەت بە پێڕانەگەیشتنی پزیشکی و بە هێند نەگیرانی ڕاپۆرتی پزیشکی وناتوانایی ناوبراو و بێبەشکران لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکانی زیندانییەک بەپێی قانوون و مافە قانوونیەکانی وەک چاوپێنەکەوتن بە بنەماڵەکەی و ئازارو ئەشکەنجەی دەروونی و ڕەوانی و هەروەها ناقانوونی بوونی حوکمی ناوبراو و سزادان بە توندترین شێوە کە دژایەتی لەگەڵ هەموو مافەکان و قانوونەکان هەیە، مانی لە خواردن گرتوە.

ناوبراو لە کۆتایی نامەکەیدا پێداگریی کردوە کە ئەگەرچی مانگرتن دژایەتی لەگەڵ ڕێساکانی مافی مرۆڤ و مافی ژیان هەیە بەڵام ئەمە دوایین و تەنیا ڕێگە چارەیە کە دەزگای قەزایی و ئەمنیەتی بە سەریدا سەپاندووە.

هەروەها کەبوودوەند ڕایگەیاندوە کە هەتا گەیشتن بە داواکانی کۆتایی بەم مانگرتنە ناهێنێ.



جێی وەبیرهێنانەوەیە کە محەممەد سدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و سەرنووسەری بڵاو کراوەی«پیام مردم» لە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ەوە دەسبەسەرو حوکمی ١١ ساڵی زیندانی بەسەردا سەپاوە.

# شەپۆلی نوێی گرتن و ڕاوەدوونان لە خوزستان

**ئا: تەها ڕەحیمی**

دەگەڵ نزیک بوونەوەی زیاتر لە بەرواری هەڵبژاردنەکانی خولی نویەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە زۆربەی هەرە زۆر و تەنانەت هەموو ئۆپۆنیسیۆنی دەرەوەی وڵاتی ئێران بە هەموو نەتەوەکانییەوە و تەنانەت زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆش بە هۆی شانۆیی بوون و ڕەچاو نەکردنی پێوەرە سەردەمی و نێونەتەوەیی و باوەکان ئەم هەڵبژاردنەیان تەحریم کردوە، تاقمی دەسەڵات بەدەست و پاوانکاری ئوسوولگەرایی کە لە نێو خۆشیدا کرمۆڵ بووەو ڕۆژ بە ڕۆژ کێشەکانی نێوانیان زیاتر دەبێ لە هەوڵی ئەوە دایە بۆ مانۆری مەشرووعیەتی سیستمەکەی بە هۆکارو ئامرازو فرتوفێڵ خەڵکێکی زۆر لە سەر سندووقەکانی دەنگدان بە جیهان نیشان بدا. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی دەسپێشخەریی ئۆپۆزیسیۆنی گەلانی ئێران جموجۆڵ و چالاکیی پڕۆپاگەندەیی بۆ تەحریمی فەعال لە ئارا دایە. هەر بە هۆی ئەم چالاکییانە دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم لە شارستانی شووشی خوزستان بە بیانووی نووسینی دیواران و چالاکیی پڕۆپاگەندەیی بۆ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان، هەڵیانکوتایە سەر دانیشتووانی ئەم شارستانەو بە چەندین کەسیان لێ دەسبەسەر کردوون. بەدوای ئەم هەڵسوکەوتەی دەوڵەتدا فەزای شار ئەمنییەتی بووەو فەرمانداری ڕایگەیاندوە شەوانە کەس بۆی نییە هاتوچۆ بکا و تەواو کەشێکی ئەمنییەتی بەسەر شارەوە دیارە.

بەدوای شاری شووشدا شەپۆلی نوێی ڕاوەدوونان و گرتنەکان گەیشتە حەمیدیەو لە ١٠ی ڕێبەندان هێزە ئەمنییەتییەکان چەندین کەسیان لەو شارەش دەسبەسەر کرد.

نائارامییەکان بە شووش و حەمیدیەو دەوروبەریانەوە نەوەستا و شاری ئەهوازیشیان گرتەوەو یەکێک لە دەسبەسەرکراوەکان چوار ڕۆژ دوای گیرانی لە گرتووخانەکانی ئیتلاعات لەژێر و ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست دا. کارناسانی شارەزا لە ڕووداوەکانی خوزستان دەڵێن ئەم شەپۆلەی گرتن و ڕاوەدوونانی لاوانی عەرەبی خوزستان ڕەنگە بە هۆی نزیک بوونەوەی ساڵوەگەری خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٨٤ بێ کە لە مانگی ئاوریلدا لە خوزستان بۆ دژایەتی دەربڕین بە سیاسەتی پڕ لە هەڵاواردن و داوای مافە سەرەتاییەکان و کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی نامەیەکی دەفتەری سەرکۆماری لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیی ناوچەی شوێنی نیشتەجێی ئەم نەتەوەیەی چوارچێوەی ئێران هاتنە سەر شەقامەکان. ئێستاش هێزە ئەمنییەتییەکان بۆ حاکم کردنی کەشی ئەمنییەتی بەسەر ناوچەکەدا دەیانەوێ بە هەر جۆرێک بێ پێشگیری لە یاد کردنەوەی ئەم سەرهەڵدانە بکەن. ئاڵۆزییەکانی خاکەلێوەی ٨٤ی خوزستان کە چەند کوژراوو دەسبەسەر کرانی کۆمەڵێکی زۆری خەڵکی لێ کەوتەوە هەموو ساڵی لە لایەن خەڵکی خوزستانەوە یادی لێدەکرێتەوە. عەلی یونسی وەزیری ئیتلاعاتی ئەو کات باس لە دەسبەسەرکردنی ٣٣٠ کەس دەکا و ئەم ئاڵۆزییانەی بە پیلانی دەرەکی بۆ هەڵخراندنی هەستی نەتەوەیی نەتەوەکانی نێو ئێران لە قەلەم دەدا. دەگەڵ هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاد ئاڵۆزییەکانی خوزستان ڕەهەندێکی نوێ بەخۆوە دەگرن و گرژتر دەبنەوە کە ئەمەش دژکردوەی توندی دەسەڵاتبەدەستانی بەدواوە بوو. گرتن و بڕین و ڕاوەدوونانەکان لەژێر ناوی «ئەنجامدانی تەقینەوەکان»، هەنگاونان دژی تەناهیی نەتەوەیی» و «هەڵگەڕانەوە لە خوا». بە پیی ڕاگەیاندنی فەرمیی حکوومەت تا ئێستا ١٥ کەس لە خوزستان بەم بیانووانە ئیعدام کراون. کۆتایی پووشپەری ئەمساڵیش دادستانی ئەحواز حوکمی ئیعدامی سێ کەسی دیکە لە پێوەندی دەگەڵ ئەم تاوانانەی ڕاگەیاند. ئەگەرچی بەرپرسانی دەوڵەتی بە ئەمنییەتی کردن و گرتنی خەڵک دەیانەوێ ئاڵۆزییەکانی خوزستان کۆنترۆڵ بکەن بەڵام ویدەچێ قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە خوزستان ڕوو لە هەڵکشان بێ. قوربانی بوونی گیراوان لە زیندانەکانی ئیتلاعاتدا درێژەی هەیەو کەسێکی خەڵکی شاری شووشیش لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی جەللادەکانی ئیتلاعاتدا گیانی لە دەست دا. هەروەها ساڵی پێشتریش دانیشتوویەکی عەربی خەڵکی دزفووڵ لە ئیتلاعاتی ئەم شارە بە ئازارو ئەشکەنجەی لەرادە بەردەر گیانی لە دەست دابوو. بە پێی ڕاپۆرتەکان ٤٩ کەس لەم ماوەیەدا لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کراون کە دووانیان گیانیان لە دەست داوە. لەم پێوەندییەدا بە وتەی یوسف عەزیزی بەنی ترۆف نووسەرو چالاکی خوزستانی ماوەی مانگێک دەبێ ڕێژیم بە گرتنی ١٠ کەس لە ژێر ناوی «سوننی گەرایی» شەپۆلی نوێی گرتنەکانی دەست پێکردوە. ناوبراو دەڵی لە ساڵانی پێشووە ڕەوتێکی مەزهەب گۆڕین لە ناوچە عەرەبنشینەکان دەستی پێکردوە کە بەپێی قانوونی کۆماری ئیسلامی بە تاوان دەژمێردرێ.

پارێزگای خوزستان لە دوو ساڵ لەوە پێشەوە چەندین ئاڵۆزی و تەقینەوەی بەخۆوە بینیوەو بەدوای دا کۆماری ئیسلامی کەسانێکی بە بیانووی دەست هەبوون لەم تەقینەوانەدا ئیعدام و زیندانی کردوە. لەم مانگانەی دواییشدا ئیمامی جومعەی مزگەوتی شیلینگ ئابادی ئەهواز تیرۆر کراوەو پێکهەڵپڕژاردنی نێوان بەرپرسان و خەڵک، مانگرتنی کرێکارانی (نیشکر هفت تپه)، ١٥٠ کرێکاری کارگەی کاغەزسازی به ئاڵۆزییەکانەوە زیاد بوون. پارێزگای خوزستان ئەگەرچی خاوەن کانگە و سەرچاوەی گرنگی ژێر زەویی وەک نەوتە بەڵام لە بواری ئابووری و گەشەوە بە یەکێک لە پارێزگا بێبەش و دواکەوتووەکان دەژمێردرێ. دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە گرتن و ڕاوەدوونانی خەڵکێکی وەزاڵەهاتوو لە بەرەبەری هەڵبژاردنێکی حەیسییەتیدا کە بە هەموو هەوڵ و تواناییەوە تێدەکۆشێ مەشرووعییەتی داسەپاو و ساختەییانەی خۆی دیسان بە خەڵکی جیهان نیشان بدا، ئەم سیگناڵە بە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش بدا کە لە ئەگەری سەربزێوی و پڕۆپاگەندە بۆ بەشداری نەکردن و بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بەمجۆرە پەلاماری ئەوایش دەداو هەروەها بۆ بەرگری زیاتر لە پاشهاتەکانی «بەهاری عەرەبی» و بەتایبەت ڕووخانی سووریەی هاوپەیمانی ستراتژیکی کە ڕەنگە زیاتر لە سەر گەلی عەرب وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران کاریگەریی هەبێ، قایمکارییەکی زیاتری نواندبێ. بەڵام خافل لەوەیکە میلەتێک کە ڕابردوویەکی لە خەبات و هەروەها بیرەوەرییەکی لە ئازدای هەیە (بیرەوەری دەسەڵاتی خۆجێی خەزعەل لە ماوەی پێش شەڕی جیهانی یەکەم) بە ترساندن و تۆقاندن دەست لە داواو داخوازییەکانی هەڵناگرێ. کۆماری ئیسلامی بە جێی ڕەچاوکردنی پێوەرو پێودانگە سەردەمییەکان و پێبەندبوونی بە پەیماننامەو ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان، ٣٣ ساڵە بە سەرکوت و پێشێلکردنی جاڕنامەو یاساورێساکان نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی پێکهاتەی ئێرانی لە کۆت و بەند کردوە و بە ناوی ئایین و خودا و سەپاندنی سیستمی تئۆکراسی خەڵکی ئێرانی کە ڕابردوویەکی دووروودرێژی لە خەبات بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی و ئازادی هەیە گەڕاندەوە دۆخی سەدە ناڤینییەکان.

**درێژەی:**

# بانگەوازبە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

٤. هەر دەستپێشخەری و هەنگاوێک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە و پێداچوونەوەی سیاسەتە فەرهەنگییەکانی و هەڵگرتنی کۆسپەکانی لە پێوەندی لە گەڵ بە ڕەسمی ناسینی مافی خوێندن بە زمانەکانی نەتەوە و قەومە جیاوازەکانی ئێراندا بکا، بە کارێکی باش دەزانین.

بە هیوای بەشداریی بەرین و گشتیی هاونیشتمانانی ئێرانی لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات لەو هەرەوەزە دا و بە ئاواتی سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی ئێران لە پێناوی کۆتاییهێنان بە ستەم و هەڵاواردنی دینی، نەتەوەیی، قەومی، زمانی و ڕەگەزی دژی خەڵکی ئێران.

## پشتیوانانی بانگەواز:

**ئاماژە:**

**بانگەوازی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی کە بە پێشنیار و دەستپێشخەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادە کراو خرایە بەر سەرنجی رای گشتی، لەگەڵ پێشوازی گەرمی حیزب و ڕێکخرا و کۆمەڵە و ئەنجومەن و میدیا و کەسایەتی و چالاکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەرەوروو بووە. هەتا ئێستا (٣٠ ڕێبەندان، ١٩ی فێوریە) ئەم ناوانە پشتیوانییان لەم بانگەوازە کردوە:**

**حیزب ، ریکخراو ، کۆمەڵە ، ئەنجومەن و راگەیەنەکان:**

١- بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان
٢ - حیزبی خەڵکی بەلووچستان
٣ - ناوەندی توێژینەوەکانی بەلووچستان
٤ - حیزبی دیموکراتی کوردستان
٥ - کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
٦ - پارتی ئازادیی کوردستان
٧ - یەکێتی دیموکراتی کوردستان( ئێران)
٨ - سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
٩ -ڕێکخراوی خەڵکی کورمانج(کوردانی باکووری خوراسان)
١٠ - کۆمارخوازانی ئێران لە لەندەن(ئینگیلستان)
١١ - جنبش فدرال دموکرات آذربایجان (بزووتنەوەی فیدراڵی دیموکراتی ئازەربایجان)
١٢ - ئەنجومەنی فەرهەنگیی کۆمەڵەی یارسان لە دەرەوەی وڵات
١٣ - دەستەی نووسەرانی سایتی ئازەربایجان – بڵاوکراوەی ئەنترنێتیی دیموکراتەکانی ئازەربایجانی ئێران
١٤ - ماڵپەڕی «کوردستان وکورد»
١٥ - ڕۆژنامەی ‹کوردستان›
١٦ - کەناڵی فەزایی ئاسۆسات
١٧ - تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ
١٨ - ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان
١٩ - بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان
٢٠ - پارتی سەربەستی کوردستان
٢١ - ناوەندی پێشەوا بۆ لێکۆڵینەوە – نورویژ
٢٢ - خوێندکارانی ناسیۆنالیستی کورد
٢٣ - ڕێکخراوی یاری کورد
٢٤ - یەکێتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
٢٥ - ماڵپەڕی سەردەشت
٢٦ - ماڵپەڕی گیارەنگ
٢٧ - ماڵپەڕی «خەبات»
٢٨ - کومیتەی خوێندکاری بەرگری لە زیندانیانی سیاسی
٢٩ - بەرەی خەڵکی بەلووچستان
٣٠ - کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد
٣١ - ڕۆژنامەی «هیوای نوێ»
٣٢ - پارتی ئازادی و دێموکراسی کوردستان (پادک)
٣٣ - Nåraskåne kultur gruppen
٣٤ - ناوەندی لاوانی پێشرەو
٣٥ - دەستەی نووسەرانی تورکمان سحرا گلۆباڵ
٣٦ - turkmensahraglobal. wordpress.com
٣٧ - ماڵپەڕی بەیانی
٣٨ - مەڵبەندی هونەری ماملێ – نۆرویژ
٣٩ - مەڵبەندی فەرهەنگی ئازەربایجان – هۆلەند
٤٠ - کۆمەڵەی کوردی لە تاراوگە
٤١ - ماڵپەڕی»راقە« (-www.rave online.org)
٤٢ - چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی عەربی ئەهواز
٤٣ - ماڵپەڕی رادیۆ کوردانە
٤٤ - ماڵپەڕی بمانی
٤٥ - ماڵپەڕی پاییز

**کەسایەتییەکان و چالاکانی سیاسی، کولتووری و...:**

١ - عەبدوڵلا حەسەن زادە – کوردستان
٢ - ئیسفەندیار مونفەرید زادە – سوئێد
٣ - دوکتور گولمراد مرادی- ئاڵمان
٤ - هاشم کەریمی – بریتانیا
٥ - عەلی مێهرپەروەر- سوید
٦ - کازم کردوانی
٧ - موحوسێن سازگارا – ئامریکا
٨ - زیبا سەدرولئەشرافی – کانادا
٩ - د.سیاوەش عەبقەری- ئامریکا
١٠ - یوسف عەزیزیی بەنیترۆف
١١ - جەلال ئازەری چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٢ - عیففەت ماهباز – ئەڵمان
١٣ - د.هێمن سەیدی – بریتانیا
١٤ - سیامەک فەرید – بلژیک
١٥ - جەمشید ئەمیری -بریتانیا
١٦ - جەهانگیر حاتەمی، چالاکی سیاسی و بواری مافی مرۆڤ – ئەڵمان
١٧ - د.عەبدولسەتتار دوشوکی- بریتانیا
١٨ - عەلی نیدئازەر – هولەند
١٩ - حەسەن نایب هاشم – ئوتریش
٢٠ - کەریم عەبدیان- ئامریکا
٢١ - ڕەحیم بەندوئی- بریتانیا
٢٢ - ناسر بولیدە یی- سوئێد
٢٣ - موحەممەد کەدخودایی- بریتانیا
٢٤ - ئەفراسیاب شکوفتە، کوردی خوراسان – بریتانیا
٢٥ - پەرویز لاشاری
٢٦ - حامید جەهانی، چالاکی سیاسی
٢٧ - کوێستان فتوحی، چالاکی مافی ژنان -کوردستان
٢٨ - ئەنوەر میر سەتتاری- بلژیک
٢٩ - جەعفەر بایەزیدی – نۆرویژ
٣٠ - سیامەک حەیدەری، ڕۆژنامەوان- سوئیس
٣١ - محەممەدعەلي توفيقي- فرانسە
٣٢ - لەیلا سەمەدی
٣٣ - فەرروخ نێعمەتپوور، نووسەر – نۆرویژ
٣٤ - وشیار ئەحمەدی، ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ
٣٥ - مەهین شوکروڵلاپوور – فەرانسە
٣٦ - پەیمان مەهدیزادە، شاعیر- نورویژ
٣٧ - ناسر ئێرانپوور، نووسەر و چاوەدێری سیاسی – ئاڵمان
٣٨ - ئاسۆ سالح، ڕۆژنامە نووس- سوئێد
٣٩ - جەمشید بەهرامی، ڕۆژنامەنووس
٤٠ - بێهرووز هەمزەیی، بەرپرسی تەلەڤیزیۆنی kbc – سوید
٤١ - عەبدوڵلا سوهرابی
٤٢ - شەهابەدین شێخی – ئاڵمان
٤٣ - عەلی قلیچزادە لە کوردەکانی خوراسان
٤٤ - عارف نادری، ڕۆژنامەنووس – نورویژ
٤٥ - سورەبیا فەللاح- کانادا
٤٦ - سووسەن محەممەدخانی غەیاسوەند ڕۆژنامەنووس
٤٧ - ناسری سینا، ڕۆژنامەوانی بەشی کوردیی ڕادیۆی سوید
٤٨ - ڕەزا کەعبی، چالاکی سیاسی
٤٩ - ئەنوەر سوڵتانی، لێکۆڵەر – بریتانیا
٥٠ - سیامەک نەجەفی
٥١ - کاوە خسروی- سوید
٥٢ - کامران عوسمانپوور، چالاکی سیاسی- ئاڵمان
٥٣ - عەلی بداغی، ڕۆژنامەنووس وچالاکی سیاسی- کوردستان
٥٤ - سەحەر دیناروەند
٥٥ - کاکشار ئورەمار – ئاڵمان
٥٦ - یوسف پەری، چالاکی سیاسی- دانمارک
٥٧ - سیرووس مەدەدی – ڕۆژنامەنووس- ئاڵمان
٥٨ - ئەحد واحیدی – شاعیر و ڕۆژنامەنووس- ئاڵمان
٥٩ - محەممەد عەلی حوسێنی – ئەدەبیاتناس- ئاڵمان
٦٠ - وهاب انصاری- چالاکی سیاسی- ئاڵمان
٦١ - بێهزاد کەریمی – چالاکی سیاسی- هلند
٦٢ - باریش جەلال زادە – چالاکی سیاسی- نورویژ
٦٣ - دوکتۆر عەلی قرە جە لوو
٦٤ - دوکتۆرسدیقە عەداڵەتی
٦٥ - هیدایەت سوڵتان زادە
٦٦ - محەممەد ڕەزا ئەلئەردەبیلی
٦٧ - عەلی ڕەزا قەزوینی زادە
٦٨ - حوسێن انورحقیقی
٦٩ - محەممەد ئازادگر
٧٠ - شەهلا مورتەزا زادە، خوێندکار و چالاکی مافی ژنان- کوردستان
٧١ - ژیلوان حەسەنپوور – کورد – نۆرویژ – خوێندکار
٧٢ - مەنووچێرئاتەش پووش چالاکی سیاسی- سوید
٧٣- دوکتۆر عەلی ڕەزا نووریزادە
٧٤ - نەسرین حەداد، سکرتێری یەکێتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان – کوردستان
٧٥ - ئالان نەبی زادە – نوروژ
٧٦ - محەممەد ڕەسوڵ حەسەنپوور، بەرپرسی ماڵپەڕی گیارەنگ
٧٧ - سۆران ئەمینی
٧٨ - هەیاس کاردۆ، چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس-ئۆستراليا
٧٩ - شەهلا دەباغی، چالاکی بواری مافەکانی ژنان
٨٠ - ئەحمەد ڕەسولی – کورد – سویس
٨١ - فوئاد لوتفی فەر- بریتانیا
٨٢ - ئەنوەر کەریمی، چالاکی سیاسی کورد – کانادا
٨٣ - عوسمان بێورانی، چالاکی سیاسی کورد – نوروژ
٨٤ - عەبدوڵلا سەیدا، چالاکی سیاسی کورد – کانادا
٨٥ - هەمزە ئاگوشی، ڕۆژنامەنووسی کورد
٨٦ - دنیز ئیشچی
٨٧ - کەمال ئافەرین
٨٨ - سەلیم بێورانی
٨٩ - فاروق ئیسمایلی – سوید
٩٠ - عومەر فەخرەپور، بەرپرسی ماڵپەڕی سەردەشت- سوید
٩١ - موراد ئەحمەدی، چالاکی سیاسی- ئەمریکا
٩٢ - خالید وەنەوشە، چالاکی سیاسی کورد – کوردستان
٩٣ - حامید خانزادی، چالاکی سیاسی کورد – کوردستان
٩٤ - حوسێن پەڕشەیی
٩٥ - شەهریار پویان راد
٩٦ - حامید گەوهەری، نووسەر و لێکۆڵەری کورد
٩٧- مێهدی مێهرپەروەر، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی کورد – نورویژ
٩٨ - عەلی سمایل نژاد، چالاکی فەرهەنگی- کوردستان
٩٩ - ئامین ئیسمایلی
١٠٠ - تریفە فەتحی
١٠١ - خسرو قادری، چالاکی سیاسی کورد – نورویژ
١٠٢ - عوسمان جەعفەری – کوردستان
١٠٣ - محەممەد خۆشچێرە، چالاکی سیاسی کورد و ڕۆژنامەنووس کرد- کوردستان
١٠٤ - جیهانگیر ئەڵماسی کەلهۆڕ، چالاکی سیاسی کورد – کوردستان
١٠٥ - خالید زۆکالاب، چالاکی سیاسی کورد – کوردستان
١٠٦ - هێرش لهۆنی، چالاکی سیاسی کورد – کوردستان
١٠٧ - یوسف حاتەمی، چالاکی سیاسی کورد – کوردستان
١٠٨ - موحسین باباخانی، چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس – کوردستان
١٠٩ - ماریا کارگەر، چالاکی بواری مافەکانی ژنان- کوردستان
١١٠ - سەید خدر میر سەیدی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی کورد – تورکیە
١١١ - حەسەن حاتەمی، چالاکی سیاسی کورد – فنلاند
١١٢ - قادر محەممەد گوڵ، چالاکی سیاسی کورد – فرانسە
١١٣ - حشمەت وەڵدبەیگی- چالاکی سیاسی کورد – سوید
١١٤ - شەهلا مام حوسێنی – نورویژ
١١٥ - عەلی لالە – نورویژ
١١٦ - ڕەحیم محەممەدزادە، چالاکی سیاسی کورد – نورویژ
١١٧ - ئاسۆ پیرۆتی – ئۆتریش
١١٨ - سمایل حوسێن پوور- ئۆتریش
١١٩ - ئاگری باڵەکی- چالاکی سیاسی کورد – نورویژ
١٢٠ - ئازاد محەممەد ، ڕۆژنامەنووس – کوردستان
١٢١ - کەمال گرۆیسی ، چالاکی سیاسی کورد – سوید
١٢٢ - دیار مەولایی، ڕۆژنامەنووس – نورویژ
١٢٣ - ڕزگار ئەمین نژاد، نووسەر و وەرگێڕ- نورویژ
١٢٤ - کاروان ئەحمەد – کوردستان
١٢٥ - ناسر قادر پوور. ئەندامی ئەنجومەنی قەڵەمی نورویژ
١٢٦ - بەشیر ئەمیر خانی
١٢٧ - ئئازاد بانەیی، چالاکی سیاسی کورد و ڕۆژنامەنووس کورد – سوید
١٢٨ - حەسەن زارع زادە ئەردەشیر – چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ
١٢٩ - ڕۆژین شەریفی
١٣٠ - فەریبا محەممەدی
١٣١ - مەریم فەتحی
١٣٢ - ڕەزا حوسێن بۆر
١٣٣ - مەنسوور جەوانمیری- سوید
١٣٤ - شلێر شبلی
١٣٥ - مەحموود شەریفی، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان – کوردستان
١٣٦ - یوسف قەدیری، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان- کوردستان
١٣٧ - مەحیەدین سەلامی – کوردستان
١٣٨ - مەنسوور مروەتی، ڕۆژنامەنووس – کوردستان
١٣٩ - غفور سۆفی، چالاکی سیاسی کورد – کوردستان
١٤٠ - یاسین مەولوودی، سویس
١٤١ - سوورکێو زەکی، چالاکی مەدەنی، سوید
١٤٢ - ڕۆژە عەزیزی، چالاکی بواری مافەکانی ژنان- کوردستان
١٤٣ - نزار کوێستانی
١٤٤ - قەسیم خان نەرزیوە – نورویژ
١٤٥ - سوهیلا مورادی
١٤٦ - فەرزانە کاویان، چالاکی بواری مافەکانی ژنان – نورویژ
١٤٧- سەید عەلی هاشمی – سوید
١٤٧ - مستەفا شێخە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس – کوردستان

لیستی دووەم:

١٤٨ - ئازاد عەبباسیان
١٤٩ - گلاوێژ پەیرەوان
١٥٠ - مەولوود سوارە، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٥١ - فەرزاد حیکمەت، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٥٢ - ڕزگار قادر زادە ، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٥٣ - هیوا ڕەزایی، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٥٤ - ڕەحیم دەستیار، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٥٥ - کیوان شێرزاد، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٥٦ - شێخە قەلەڕەشی، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٥٧ - محەممەد مستەوجید فەرد (میراوەیی)، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٥٨ - تاهیر مورتزا زادە، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٥٩ - فەریدوون مەعرووفی، چالاکی سیاسی – بریتانیا
١٦٠ - عەلی خزری، نووسەر و ڕۆژنامەنووس
١٦١ - دوکتۆر فریشتە پوور قوباد- بریتانیا
١٦٢ - یداالله کەنعانی(نمینلی)، لایەنگری فیرقەی دێمکراتی ئازەربایجان
١٦٣ – سمایل شەرفی، چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس – کوردستان
١٦٤ - سەرگوڵ شابازی،خوێندکار- کوردستان
١٦٥ - مستەفا مەعروفی، مامۆستای زانکۆ و چالاکی سیاسی- کوردستان
١٦٧ - نەسرین حەسەنزادە، مامۆستای قوتابخانە و چالاکی ژنان- کوردستان
١٦٨ - حوسێن خوڕەمی ، زمانی دیکی ئازەری – ئاڵمان
١٦٩ - عەبدوڵلا بەهرامی، ڕۆژنامەنووس- کوردستان
١٧٠ - هوشەنگ قادر- کوردستان
١٨٠ - ئاوات کەریمی – کوردستان
١٨١ - ئەژین قادری- کوردستان
١٨٢ - سەلاح ئەنوەری – کوردستان
١٨٣ - شیلان یونسی – کوردستان
١٨٤ - د. کامران ئەمین ئاوە
١٨٥ - شلێر باپیری، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافی مرۆڤ- کوردستان
١٨٦ - حامیدمائیلی
١٨٧ - جەلیل ئازادیخواز
١٨٨ - ئارام مودەرسی
١٨٩ - محەمەد فەرهادزادە
١٩٠ - بیژەن قوبادی
١٩١ - پەرویز ڕەحیمزادە
١٩٢ - عەلیرەزا قادری
١٩٣ - نێعمەت سەروەری
١٩٤ - قادر نادر ئەحمەدی، چالاکی سیاسی و کلتوری
١٩٥ - عومەر ڕۆستەمی، چالاکی سیاسی – ئاڵمان
١٩٦ - سیامەک سوڵتانی- چالاکی سیاسی
١٩٧ - هاشم بەخشی،لە دیک بووی تۆربت جام – دانیشتووی ستهکۆڵمی سوید
١٩٨ - هوشەنگ سنەیی، چالاکی مدنی و مافی مرۆڤ- نورویژ
١٩٩ - مەسعوود ڕەواندوست، چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس – کوردستان
٢٠٠ - زێڕین عومەری، چالاکی سیاسی – کوردستان
٢٠١ - ڕەحمان مەحموودی، چالاکی سیاسی- کوردستان
٢٠٢ - بەفرین مەحموودی، دەرچووی مێژوو- کوردستان
٢٠٣ - مادح ئەحمەدی، ڕۆژنامەنووس – کوردستان
٢٠٤ - زەهرا شەریف نژاد، ڕۆژنامەنووس – تاران
٢٠٥ - کیان شایگان، ڕۆژنامەنووس – تاران
٢٠٦ - سوهراب کەریمی، چالاکی سیاسی – کوردستان
٢٠٧ - ئەرسەلان هیدایەتی، چالاکی خوێندکاری – کوردستان
٢٠٨ - حەسەن ڕەحیمی- کوردستان
٢٠٩ - بەهرام ئیمامی – سوید
٢١٠ - ڕامیز لامێعی ، چالاکی سیاسی – نورویژ
٢١١ - فەرزانە کەیوانی، چالاکی بواری مافەکانی ژنان – نورویژ
٢١٢ - محەممەد مەجیدزادە
٢١٣ - سیامەک وەکیلی، چالاکی سیاسی – کوردستان
٢١٤ - ئەحمەد تالش، چالاکی سیاسی ئازەری- هۆلەند
٢١٥ - د. بێردی ئاهنگەری ، چالاکی سیاسی و فەرهەنگی
٢١٦ - ئاواز خزری -نەرویژ
٢١٧ - جەمشید خونجوش، فارس – ئاڵمان
٢١٨ - شۆرش سوڵتانی- هولەند
٢١٩ - د.تاهیر حیکمەت- ئاڵمان
٢٢٠ - مەنسوورسدقی – ئاڵمان
٢٢١ - تاهیربەرهوون – ئاڵمان
٢٢٢ - حەسەن ماوەرانی – ئاڵمان
٢٢٣ - شکۆفە قوبادی، چالاکی مافی مرۆڤ، سوید
٢٢٤ - شاهۆ حەسەنپوور، مامۆستای زمان – سوید
٢٢٥ - حەکیم حوسین زادە – نۆرویژ
٢٢٦ - ئەحمەد حسەینی، چالاکی سیاسی کورد – فینلەند
٢٢٧ - محەممەد فەقێ عەلی- ئوتریش
٢٢٨ - عەزیز بەلوچ، بەرەی یەکگرتووی بەلوچستان
٢٢٩ - پەرۆش قادری، بەرپرسی کۆمەڵەی کوردی لە تاراوگە
٢٣٠ - د. موسا مەزیدی، چالاکی مەدەنی ئەهواز- ئاڵمان
٢٣١ - محەممەد ڕەزا ئێسکەندەری
٢٣٢ - تاهیرە خۆڕەمی
٢٣٣ - محەممەد تەوفیق ئەسەدی
٢٣٤ - تەیبە ئەسەدی
٢٣٥ - مەنووچێهر گەنجی
٢٣٦ - موجتەبا نەزەری
٢٣٧ - فیروزە راد
٢٣٨ - عادڵ ئەسەدی نیا، نوێنەری پێشووی خەڵکی ئەهواز لە مەجلیسی ئێران – سوید
٢٣٩ - تاهیر مەولانی
٢٤٠ - حوسێن ئەحمەدپوور، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی – کوردستان
٢٤١ - جابر ئەحمەد، ئەندامی چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی عەرەبی ئەهواز و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ – فینلاند
٢٤٢ - ئەنوەر ئەڵمان، نووسەر – ئاڵمان
٢٤٣ - ڕەشید ئاهەنگەری، تورکمان، بەڕێوەبەری بڵاوکراوەی ئینتێرنێتی «گوتاری تورکمانەکان»- ئاڵمان
٢٤٤ - پێشەوا عەلیپوور – کوردستان
٢٤٥ - ڕەحمان نەقشی
٢٤٦ - کارۆ ڕە سووڵی – کوردستان
٢٤٧ - شەهلا کاوە کوردستان
٢٤٨ - محەممەد ئیسماعیلی
٢٤٩ - عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ، نووسەر و ڕۆژنامەنوس – باشووری کوردستان
٢٥٠ - ماردین مەحموودی – کوردستان
٢٥١ - ئە بوو بە کر ڕاد – مامۆستا – سوید
٢٥٢ - ئارام ئیبراهیم خاس، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی – کوردستان
٢٥٣ - بابان سەقزی – دانمارک
٢٥٤ - حوسێن ئارەزوو، شاعیر – ئەمریکا
٢٥٥ - پروین مەلەک، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی فەرهەنگ و هونەری ئێرانیان – فرزنو
٢٥٦ - سیامەک قەوی پەنجە، چالاکی سیاسی – کوردستان
٢٥٧ - عەبباس خورسەندی، ئەندامی شورای ناوەندیی بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە دەرەوەی وڵات
٢٥٨ - شەکبووس تالیبی، دەروونناس و سەر بە ئیلی قەشقایی – ئەمریکا
٢٥٩ - فەرشید، ئازەر نیوش
٢٦٠ - عەزیز شێخانی، ڕۆژنامەنووس – فینلاند
٢٦١ - یوسف ڕە حمانی دانشیتووی فینلاند
٢٦٢ - چنوور مێهرپەروەر – نورویژ
٢٦٣ - حوجەت نارنجی، چالاکی سیاسی، ئەندام و لایەنگری فیرقەی دێمکراتی ئازەربایجان
٢٦٤ - غوڵامڕەزا داوەرنیا، تورک – ئاڵمان
٢٦٥ - هاشم ڕەزایی – سوید
٢٦٦ - ئامانج عەزیز کەندی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی – ئاڵمان
٢٦٧ - دلشاد جەمشیدی، فینلاند
٢٦٨ - ئەحمەد سەفا، ڕۆژنامەنووس – بریتانیا
٢٦٩ - عەبدولواحد خەندەڕەش
٢٧٠ - ئیحسان قادر، چالاکی سیاسی و وتە بێژی کنفرانسی پارتە کوردستانیەکان لە بریتانیا
٢٧١ - حیسام قادرپوور، چالاکی سیاسی و سەرپەرەستی تیمی هەڵپەرکی دیلان- کوردستان \ بۆکان
٢٧٢ - ڕەسوڵ خوڕەم، موستەنەد ساز- فینلاند
٢٧٣ - عەبدوڵلا فەتاحی، چالاکی سیاسی و تێکۆشەری دێرینی دیموکرات – نورویژ
٢٧٤ - ئاسۆ خەبات،شاعیر – کوردستان
٢٧٥ - جەمیلە ڕەحیمی- چالاکی سیاسی
٢٧٦ - ئاریا جەبارپوور
٢٧٧ - جان ئۆڵفەتی – سوید
٢٧٨ - هیوا ئەحمەدی – نۆرویژ
٢٧٩ - خالید ئسپەندار – کوردستان
٢٨٠ - هەژیر عەبدوڵلاپوور، ڕۆژنامەنووس – کوردستان
٢٨١ - حەسەن ڕەستگار – کەسایەتیی سیاسی
٢٨٢ - جەمال نەجاری، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز
٢٨٣ - جەواد حەیدەری، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز
٢٨٤ - ئارام عوسمانی، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز
٢٨٥ - چیا کوردستانی، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز
٢٨٦ - سابیر کاکە حەسەن، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز
٢٨٧ - ئەنوەر عەبباسی، ئەندامی دەستەبەڕیوەبەری خۆرنیوز
٢٨٨ - هیرۆ مەولودی، ڕۆژنامەنووس
٢٨٩ - ح. شەبەق، مامۆستا – نورویژ
٢٩٠ - ئاسۆ موکریانی، ڕادیۆ ئاشتی – ستۆکهۆڵم
٢٩١ - بە یان کە ریمی، کورد – کانادا
٢٩٢ - ئەحمەد عەزیزی – سوێد
٢٩٣ - لوقمان زەهرایی، نوسەر وچالاکی سیاسی – فەنلاند
٢٩٤ - جەمیلە کەریمی – ئالمان
٢٩٥ - ئاسۆ ئیسلام پەنا، ڕۆژنامەنووس
٢٩٦ - عەتا ناسرسەقزی. چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنوس- کوردستان
٢٩٧ - هەتاو عەبدوڵلا، میدیا کار- کوردستان
٢٩٨ - بێهزاد خۆشحاڵی، نووسەر و لێکۆڵەر – کوردستان
٢٩٩ - ئارێز داراپوور، چالاکی سیاسی و مافی مرۆڤ

ل ٥

# ٣٣ ساڵ دوای شۆڕشی ٥٧، دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە کوێن؟

مەسعوود ڕەواندوست

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ٣٣ ساڵ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پەهلەوی‌دا تێ‌دەپەڕێ، شۆڕشێک کە دواتر ناوی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی لێنرا و بوو بە دەسپێکی دەسەڵاتی ئاخوندە شیعەکان و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر تەمەنی ٣٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامی و بەراوردی دروشم و بەڵێنەکانی خومەینی و دامەزرێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ ڕاستییەکانی ئەمڕۆ و ٣٣ساڵەی ڕابردووی ئێران، دەبینین کە نەک هیچکام لە بەڵێن و دروشمەکان نەهاتونەتەدی بەڵکوو بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئێران لە هەموو بوارەکان بە بەراورد لەگەڵ پێشوو ئەگەر زۆر خەراپتر نەبووبێ باشتر نەبووە.

ئازادی، دادپەوەری و ئابووری و ژیانێکی خۆشتر لە سەرەکیترین دروشمەکانی ڕێژیم لە سەرەتای دامەزرانی‌دا بوو کە قەرار بوو لە ڕێگەی قانوون و بەرنامەکانی ئیسلامەوە بۆ خەڵکی ئێران دابین بکرێن.

ئەمڕۆ دوای ٣٣ ساڵ نەک هەر خەڵکی ئێران بەڵکوو هەموو جیهان دەزانن ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی‌دا بوونی نەبێ ئازادی و یەکسانییە. ئازادی لە هیچکام لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی خەڵکدا بەدی ناکرێ و ڕاگەیەنی ئازاد ئیجازەی بوونی پێ نادرێ. زیندانەکان لە جیابیران و ئەو کەسانەی وەک ڕێژیم بیرناکەنەوە ئاخنراون و بە ئیعترافی موحسین ڕەزایی، لە مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم، زیاتر لە ٢٣٠ هەزار کەس زیندانی لە زیندانەکانی ئێران‌دان.

دادپەروەری و عەداڵەت و دەزگای قەزایی دەستەواژە و ئامرازێکن بۆ پێناسەکردنی بەرژەوەندییەکانی تاقمی دەسەڵاتدار و حەزف و وەلانان و گرتن و ڕاوەدوونانی جیابیران و دژبەرانی نیزام و، ئەشکەنجە و دادگایی و حوکمە نادادپەروەرانەکان بوونەتە ڕەوتی ئاسایی و سەرەکیی دەزگای قەزایی و، ئەو عەدڵی عەلی کە بەڵێنیان بە خەڵکی ئێران دابوو بۆتە شمشێرێک لە دەستی وەلیی فەقیهـ دا بۆ سەرکوتی خەڵک.

لە بواری ئابوورییەوە وڵاتێک کە لەسەر دەریای نەوت هەڵکەوتوە و بە سەرچاوە سروشتییەکان دەوڵەمەندە، خەڵکەکەی لەگەڵ هەژاری و گرانی و بێ درەتانی بەرەوڕوون و ئامارە سانسۆرکراوەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ هەژاری و پەرەسەندنی فەحشا و بێکاری و گیرۆدەبوون بە مادده سڕکەرەکان و دەیان دیاردەی کۆمەڵایەتیی دیکە، گۆشەیەکی بچووکن لەو ڕاستییە تاڵ و دڵتەزێنەی بەسەر ئێرانی دوای شۆڕشی ٥٧ هاتوە و سیمایەکی جیاواز لە بەڵێنەکانی سەرەتای شۆڕش دەنوێنێن.

ئەم چارەنووس و تراژێدیایەی لە هەموو بوارەکان‌دا چ سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و چ تەنانەت لە بواری ئایینی و مەزهەبی‌دا لە سایەی ئەم ڕێژیمەوە تووشی ئێران هاتوە دوورەدیمەنی وڵاتێک دەخاتە بەرچاو و هزری مرۆڤ کە وڵاتە بەڵالێدراوەکانی دوای شەڕە جیهانییەکانمان دێنێتەوە بیر.

ئەگەر لە هەموو ئەم بەرهەم و دەسکەوتانە تێپەڕین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێرانی بە دیاری هێناون، مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێش و جێی لێ‌وردبوونەوەی دیکە چارەنووسی پشتیوانان و دامەزرێنەرانی ڕێژیمە کە کاتی خۆی لە دانانی خشت خشتی بناخە سیاسی، قانوونی، فکری و ئیدئۆلۆژیکەکانی ئەم نیزامەدا دەوری سەرەکییان گێڕاوە و ڕێژیمێکیان دامەزراند و تەیاریان کرد کە تا ئەمڕۆ لە ڕشتنی خوێن و کوشتنی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە درێغی نەکردوە.

ئێستا دوای ٣٣ ساڵ بە ئاوڕدانەوە لە شۆڕشی ئێران و لایەن و گرووپ و کەسایەتییە بەشدارەکان لەم شۆڕشەدا و لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌دا دەبینین زۆرن ئەو لایەن و کەسانەی لە هێنانە سەرکاری ئەم ڕێژیمە و وەگەڕخستنی قەتاری نیزام‌دا دەوری زۆر گرینگ و چارەنووسسازیان گێڕا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت یەک یەک و دوو دوو و تەنانەت بە کۆمەڵ لە قەتاری نیزام دابەزێندران و خرانە دەرەوە.

خومەینی و داروودەستەکەی کە لە سەرەتای کاردا ئەزموونی حکوومەتداری و بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان نەبوو بە شێوەیەکی بەرتەسک و کۆنترۆڵکراو لایەنە جۆراوجۆرە فکری و سیاسییەکان بە کۆمۆنیست و میللی ـ مەزهەبی و سێکۆلار و تێکنۆکراتەکانیانەوە گرتە خزمەت و، داموودەزگای ئیداری و حکوومەتییان پێ داڕشتنەوە و بناغە قانوونی و حقووقییەکانی ڕێژیمێکی ئیسلامییان پێ دامەزراندن و دواتر بەرە بەرە دەستیان کرد بە حەزف و وەلانانی ئەم لایەنانە. حیزبی توودە و دەوری ئەم حیزبە لە دامەزران و سەقامگیریی ڕێژیم بەرچاو و، ئەم چارەنووسەش کە ڕێژیم بە حیزبی توودەی بەخشی جێی سەرنج بوو.

دیارە ئەم کەس و لایەنانەی کەوتوونەتە بەر حەزف و وەلانانەکان دەبێ لە دوو دەستە و جۆری جیاوازدا پێناسە بکرێن. یەکەمیان لەم جۆرە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا و، ئەم کەس و لایەنانە دەگرێتەوە کە هەر لە جەوهەر و ماهییەتدا لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی ناتەبا بوون و بە هەڵە و بە پێی لێکدانەوە و تێگەیشتنی هەڵە کەوتنە بازنەی خزمەت بە دامەزراندن و سەقامگیر کردنی ڕێژیم و، کاتێک ڕێژیم توانی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆی پتەوتر کرد بە شێوازی جۆراوجۆر



کەوتە حەزف و گرتن و وەلانانیان.

بەڵام جۆری دووەم لە وەلانانەکان کە سەرنجڕاکێشترە ئەم کەس و لایەنانە دەگرێتەوە کە لە جۆری دەسەڵاتدارانن و لە بناخەڕا لە باوەڕمەندان بە ئایدۆلۆژیا و بنەما فکری و بەهاییەکانی ئەم ڕێژیمە بوون.

حەزف و وەلانانی ئەم کەسانە لە نەریتێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە خومەینی و هەموو دیکتاتۆرەکانی دیکە پێڕەوی لێ‌دەکەن و لە پێناو مانەوەی نیزام و دەسەڵاتی دیکتاتۆری‌دا هەموو دەنگ و بیرە جیاوازەکان کپ دەکەن و وەلادەنێن.

لێرەڕا ڕێژیم دەکەوێتە ئەم قۆناغە کە بە وتەی هێندێک لە خاوەن ڕایان بوو بە «شۆڕشێک کە ڕۆڵەکانی خۆی قوت دا». ئەم قۆناغە لە کاتی تەسویە حیسابەکانی باندی ڕەفسەنجانی و تیرۆر و حەزفەکان لە سەرەتای شۆڕش و، دواتر هەر لە سەردەمی خومەینی‌دا مەسەلەی وەلانان و دەسبەسەرکردنی مونتەزیری دەستی پێکردبوو. شەڕی دەسەڵات و وەلانانەکان لە ڕەوتی خۆی‌دا گەیشتە شوێنێک کە تەنانەت ڕەحمیان بە بنەماڵەی خومەینیش نەکرد و گەیشتە کوشتنی ئەحمەد خومەینی و دواتر بەرتەسک کردنەوەی بنەماڵەی خومەینی و، هەتا دەهات کەسانێکی زیاتر لە قەتاری نیزام فڕێ دەدران.

لە سەرەتاکانی دەیەی سێهەمی شۆڕش بەولاوە و دواتر لە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازیی نێو دەسەڵات‌دا ئەم ڕەوتە خێراییەکی زیاتری بەخۆوە گرت و بە کردەوە لیستی ئەو کەسانەی کەوتنە بەر شالاوی ئەم نەریتەی نیزامی ئیسلامی و لە قەتاری نیزام فڕێ دران بە خێراییەکی زیاترەوە ڕووی لە زیادبوون کرد.

لەم سەردەمەدا ئەو کەس و لایەنە سیاسییانەی کاتی خۆی لە پێناوی چەسپاندنی مەشرووعییەتی نیزام و قایم کردنی بناغەکانی دەسەڵاتی ڕێژیم‌دا تێکۆشابوون و ئێستا لەگەڵ ڕووی ڕاستەقینەی ڕێژیم بەرەوڕوو ببوونەوە، دەستیان کرد بە نووسین و تەحلیل و لێکدانەوەیەکی نوێ لە نیزام و ئەوە کە «شۆڕش لە ڕەوگەی خۆی وەدەرکەوتوە» و «شۆڕش ئامانجەکانی وەلاناون» و زۆر شتی دیکەی لەم دەستە.

تەحلیل و لێکدانەوەی ئەو کەس و لایەنانە ئەگەرچی هاوکاتە لەگەڵ دوورخرانەوەیان لە دەسەڵات و، ڕێژیمی ئیسلامی هەتا ئەو کاتە کە خۆیان تێیدا بوون بە باش و مەشروع دەزانن و بە ڕای ئەوان سەردەمی لادانی ڕێژیم لە کاتی دەرکرانی ئەوانەوە دەست پێ دەکا، بەڵام هەرکام لەم لێکدانەوانە باس لە بەشێک لە ڕاستییەک دەکەن کە ماهییەتی ئەم ڕێژیمە دەردەخا کە ئەمڕۆ دوای ٣٣ ساڵ زیاتر لە هەر کاتێک ڕوون و ئاشکرایە.

لە دوای کۆتایی هاتنی دەورانی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازەکان و هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و بە تایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ٨٨، بازنەی دەرکراوان لە دەسەڵات و بە واتایەکی دیکە «غەیرە خودییەکان» ئەوەندە گەورە بووە کە سەرۆک وەزیر و سەرۆک کۆمار و سەرۆکی مەجلیسی پێشوو و تەنانەت سەردەمی خومەینییشی گرتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە تیۆریسیەن و بیرمەندان و سیاسەتمەداران و ئابووریزانانی پێشووی نێو دەسەڵات وەلانران و تەنانەت تووشی زیندان و دەسبەسەربوون هاتن.

دوای ٣٣ ساڵ لە شۆڕشی ٥٧ ئەگەر بمانهەوێ لیستێک لەو کەسانە بگرین کە لە دامەزراندن و هێنانەسەرکار و بەڕێوەبردنی ڕێژیمدا دەوری گرینگ و تەنانەت پۆست و پلەی زۆر بەرزیان هەبووە و ئێستا لە ڕۆڵی خۆیان لە دامەزرانی ڕێژیم پەشیمانن، ئەم لیستە لە دەیان و بگرە سەدان کەس تێدەپەڕێ. حەزف و وەلانانی هەر لە سەرەتای شۆڕشەوەی بەنی سەدر، ئیبراهیم یەزدی، قوتب زادە، سادق تەباتەبایی، ئێشکەوەری و بازەرگان و دواتر ئایەتوڵڵا مونتەزیری و ئەحمەد خومەینی و لەم دواییانەش‌دا خاتەمی، ڕەفسەنجانی، عەبدولکەریم سرووش، مووسەوی، کەڕووبی و دەیان کەس لە بەرپرسانی بەرزی ڕێژیم لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا، ئەم پەیامە دەگەیەنێ کە ئەم ڕێژیمە تەنانەت ڕەحمی بە ڕۆڵەکانی خۆشی نەکردوە و بۆ مانەوەی خۆی نەک خەڵکی ئێران بەڵکوو نزیکترین ڕۆڵەکانی خۆی ناپارێزێ و لە هەمان کاتیش‌دا ئەو پەیامە بە مۆرەکانی ئێستای نێو دەسەڵات دەدا کە ئەگەر تەنانەت بە ڕادەی ڕەفسەنجانیش بۆ ئەم ڕێژیمە جینایەت بکەن، هەر کات پێویست بێ بۆ مانەوەی ڕێژیم زۆر بە ئاسانی فڕێ دەدرێن و ئەوە نەریتی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

# ڕووسیە خۆی بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی قورس لە ناوچەی کەنداو ئامادە دەکا

ئا: ئازاد بانەیی

حکوومەتی ڕووسیە بە نیازە لە داهاتوویەکی نزی دا پێگەیەکی موشەکی بەهێز لە دەریای خەزردا دامەزرێنێت. فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ڕووسیە هاوکات لەگەڵ ئاڵۆز بوونی دۆخی ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و هەڵکشانی بڵێسەی شەڕ لە ناوچەکەدا، بڕیاری داوە بنکەیەکی چاوەدێری لە نزیک سنوورەکانی ئێران دامەزرێنێ و کارناسانی سیاسی و سەربازیش لەو بڕوایەدان کە ئەو هەنگاوانەی ڕووسیە ئاماژەیەکن بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی قوورس لە نێوان ئێران و هێزە نێودەوڵەتییەکاندا.

نیکۆلای ماکارۆفی سەرۆکی ناوەندی سوپای ڕووسیە لە وتووێژێکدا لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەکەی ئاشکرا کرد کە مۆسکۆ لە کاتی هەڵگیرسانی هەرچەشنە تێکهەڵچوونێکی سەربازی لە ناوچەکە، ڕێکاری تایبەت و جیاوازی هەیە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێران جێیەکی زۆر هەستیار و پڕ ئازارە و لەوانەیە تا نزیک هاوین بە جۆرێک بڕیاری لەسەر بدرێت و ناکرێ ئەو دۆخە ئاوا بەردەوام بێ.

« پاوڵ فلگن هاور» کارناسی کاروباری سەربازی ڕووسیە لەو بڕوایە دایە کە ڕووسیە خۆی بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی قوورس لە ناوچەکە ئامادە دەکا. ڕووسیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە وڵاتانی قەوقاز و دەڤەری خەزەر ناچارە بەزوویی بکەوێتە خۆو لەڕاستی



دا گواستنەوەی پێگە موشەکییەکانی و دامەزراندنیان لە وڵاتانی قەوقاز و هێنانی هێزی زیاتر بۆ ئەو ناوچەیەش هەر لەو سۆنگەوە دەبینێت.

لە لایەکی دیکەوە ئیگۆر گوربولی لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی هێزی دەریاوانی باشووری ڕووسیە هەواڵی جێگیر کردنی ئەو پێگە موشەکیانەی لە کەنارە ئاوییەکانی دەریای خەزەر پشتڕاست کردەوە و ڕایگەیاند لە ماوەی یەکساڵی داهاتوودا ئەو پێگە موشەکییانە لە شوێنە لە پێشدا دیاری کراوەکان جێگیر دەکرێن و تەنانەت بڕیارە چەندین تاقی کاریشیان بۆ پێکانی خاڵە دەستنیشان کراوەکان پێ بکرێت. ئەو کاربەدەستە ڕووسییە ئاشکرای دەکا ئەو موشەکانە لە توانایاندایە لە هەموو کەش و هەوایەکدا چ بە شەو و چ بە ڕۆژ خاڵە دیاری کراوەکان لە نێو دەریادا بپێکن.

لە لایەکی دیکەوە لئۆنید گوسییێف، یەکێک لە کارناسە پلەبەرزەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانی زانستگەی نێودەوڵەتی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە، دامەزراندنی ئەو پێگە سەربازیانە بۆ نزیک بوونەوەی وادەی هەڵگیرسانی شەڕێکی قوورس لە ناوچەکەدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت کە ڕووسیە زۆر نیگەرانی ئەنجامەکانی شەڕێکی لەو جۆرەیە، هەر بۆیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەی دەریای خەزەردا ناچارە کە ئامادەکاری باش بکا.

لئۆنید گوسییێف لەو بڕوایە دایە کە هەڵگیرسانی هەرچەشنە شەڕێک دژ بە ئێران، بۆ ڕووسیە کارەساتێکی گەورەیە، هەربۆیە ڕووسیە هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ پێشگیری لە ڕوودانی ئەو شەڕە خستووەتە گەڕ. ڕووسیە بە ڕاوێژ لەگەڵ دۆستەکانی و گەڕانەوە بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و باس و خواس لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شەڕێکی لەو جۆرە بەکار دێنێ. ڕووسیە دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و بەدڵنیایەوە لەو پێوەندییە دۆستانەیە بۆ پەشیمان کردنەوەی ئیسڕائیلیەکان لە هێرشکردنە سەر ئێران کەڵک وەردەگرێ.

بەڵام گۆسییێف بەپێچەوانەی سەرۆکی ناوەندی هاوبەشی سوپای ڕووسیە کە پێی وایە لە نزیک هاویندا کێشەی ئێران چارە سەر دەکری، دەڵێ: من پێوایە کە کێشەی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئەمریکا، تا کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا درێژەی دەبێت، ئەوە جگە لەوەی کە ڕۆژئاواییەکانی هێشتا بە دۆخی نالەباری سووریەوە سەرقاڵن و گشت بیر و فکریان لە سەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ڕووسیە تۆخ کردووەتەوە.

پاوڵ فلگن هاور لەو بڕوایە دایە کە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئێران و هێزە دەرەکییەکان کارێکی حەتمییە و ناکرێ نکولی لێ بکری. ئەو پێی وایە کە ڕووسیە لەو شەڕەدا بەشداری ناکا و تەنانەت چۆنیەتی پشیوانی ڕوسیە لە ئێران و وڵاتانی جیرانی ئەو وڵاتە، پێوەندی بە دۆخی نێوخۆیی ڕووسیەوە دەبێ.

ناوبراو لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گشت ئەو ئامادەکارییانەی ڕووسیە و هێنانی ئەو هەموو هێز و جبەخانەی سەربازییەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، نیشانەیەکی باشن بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی دژوار لە ناوچەی کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەگشتی، کە لەوانەیە ئاگرەکەی تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێت.

درێژەی

## لیستی پشتیوانی لە بانگەواز بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

٣٠٠ ـ عەلی مەحموود، چالاکی مافی مرۆ – کوردستان
٣٠١ ـ هێرش ئەحمەد
٣٠٢ ـ ئارش ناجی ، چالاکی مافی مرۆڤ – ئاڵمان
٣٠٣ ـ حوسێن بەخشی
٣٠٤ ـ پەروین سدقی
٣٠٥ ـ د.سۆران – یۆنان
٣٠٦ ـ شنۆ مێهرپەروەر، چالاکی بواری مافەکانی ژنان ـ نورویژ
٣٠٧ ـ مزەفەر نامداری
٣٠٨ ـ عەبدوڵڵا ئەمیر هاشمی، نوسەر و مێژووناس– سوید
٣٠٩ ـ ئایدا ئەمیر هاشمی، وەرگێڕ و چالاکی سیاسی کۆمەڵایەتی – سوید
٣١٠ ـ سریە ئەردەبیللی، چالاکی سیاسی کۆمەڵایەتی – سوید
٣١١ ـ عەبدوڵڵا ئیبراهیمی – ئۆستورالیا
٣١٢ ـ ئارنە گوڵی، لێکۆڵەری مێژوو – سوید
٣١٣ ـ سەلاح شەشە، بەرپرسی مەڵپەڕی شەهید – سوید
٣١٤ ـ بێهروز ئە مین پور
٣١٥ ـ حەبیبە عەبدولاهی، ڕۆژنامەنووس وچالاکی بواری مافەکانی ژنان
٣١٦ ـ هێرۆ دانیش
٣١٧ ـ سامۆئیل کرماشانی
٣١٨ ـ ئەحمەد شێربەگی –سویس
٣١٩ ـ جەماڵ پوور کەریم، میدیاکار – فەرانسە
٣٢٠ ـ شلێر دەروێشی، میدیاکار – فەرانسە
٣٢١ ـ کوردستان زورار، توێژەری کۆمەڵایەتی

### «عەبدولباقی یووسف»، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی یەکیەتیی کوردی سووریا لە وتووێژ لە گەڵ «کوردستان»دا:

# ئێران گوشاری خشتۆتە سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی پشتیوانیی سووریا بکا

دیمانە: مادح ئەحمەدی

**کوردستان: وەک یەکەم پرسیار بە پێ دوایین ئاڵوگۆڕەکان ڕەوشی ئێستای سووریە چۆن دەبینن؟**

عەبدولباقی یووسف: بێگومان ڕەوشی سووریا ئێستا بەرەو خراپ بوونێکی زۆر دەچێ. بە تایبەتی کە دیتمان دەسەڵات دژی خۆپێشاندەران و ناڕازییان لە شارەکانی سووریا تانک و تۆپی بە کار هێنا. بە هۆی ئەم پەلامارەوە لە شارەکانی حمس و دەرعا و... خەڵکێکی زۆر کوژران و زۆرەوە و زیانێکی زۆر بە خەڵک گەیشت. ئەمەش کاریکەریی گەورەی هەیە لە سە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە سووریا. بینیشمان لە ئەنجومەنی ئاسایش پرۆژەیەک دژی سووریا هاتە گۆڕێ کە بەداخەوە لە ئاکامدا لە لایەن چین و ڕوسیاوە ویتۆ کرا و پێشی پێ گیرا. ئەمەش کاریگەری دانا لە سەر خەڵکی سووریا و وڵاتانی عەرەبی. ئێستاش دانوستان زۆرە لە نێوان وڵاتانی جیهاندا بۆ پاڵپشتی کردنی خەڵکی سوریا. فشارێکی زۆریش لە سەر چین و ڕووسیا هەیە کە بکشێنەوە لەو بڕیارە و پاڵپشتی خەڵکی سووریا بکەن.

**کوردستان: پێتوایە ڕووسیا و چین لە پاڵپشتی کردن لە ڕێژیمی سووریا بکشێنەوە؟**

عەبدولباقی یووسف: مەوزووعی چین و ڕووسیا مەوزووعێکی جودایە. ئەو دوو دەوڵەتە بەرژەوەندیان لەگەڵ سووریا دا هەیە. لەم ڕوانگەوە ئەو

**سوریا بنکەیەک بوو بۆ ئەو گرووپە چەکدارانەی کە دەهاتنە نێو عێراق و کاری تیرۆریستیان دەکرد و دەوڵەتی عێراق دژی سوریا لەم بارەوە ناڕەزایەتی دەربڕی و داوایەکی ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش دژی سووریا کرد. ئێستا بە پێچەوانەوە لە ژێر گوشاری ئێراندا بارودۆخەکە گۆڕاوە و دەوڵەتی مالیکیش پشتیوانی لە مانەوەی بەشار ئەسەد دەکا**

دوو دەوڵەتە لە گۆڕانکاری لە سوریا دەترسن. ئەگەر سووریا لە دەستی عەلەوییەکان دەر بچی، ئێرانیش ئاڵۆزی تێ دەکەوێ. سووریا بۆ ئێران مەوقعیەتێکی ستراتیژی هەیە. لەم ڕووەوە ئێران زیاتر لە چین و ڕووسیا نیگەرانی هەیە. بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و هەڵکەوتەیی سووریا لە ڕووی ژێئۆپۆلۆتیکەوە بۆتە هۆی ئەوەی چین و ڕووسیا و ئێران نیگەران بن. چونکە بە نەمانی دەسەڵاتی ئێستای سووریا، ئەمریکا لە ناوچەکە بە هێزتر دەبێ. ئەمەش مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و چین و ئێران.

**کوردستان: لە بەرانبەر چین و ڕووسیا دا، ڕۆڵی وڵاتانی عەرەبی و تورکیا لە پشتیوانی کردنی ناڕازییان دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد چۆن دەبینن؟**

عەبدولباقی یووسف: لەم دواییانەدا وڵاتانی عەرەبی بە گشتی و بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو و سعودیا هەڵوێستیان زۆر توندە دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد. بەتایبەتی خەریکە بارودۆخەکە خراپتر دەبێ و بەرەو شەڕێکی تایفی لە نێوان عەلەوییەکان و سوننەکان دەچێ. ئەمانەش کێشەیان لەگەڵ یەکتری هەیە و لەم بارەوە کێشە هەیە لە نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداودا. لە لایەکی دیکەشەوە تورکیاش زۆر هاتۆتە نێو کێشەکەوە بەو قەناعەتە گەیشتوە کە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەڕووخێ و ئێستا تورکیا بۆ دەسەڵاتی بەشار ئەسەد مەترسییەکی گەورەیە. ڕەنگە تا سالێک یان شەس مانگی دیکە بەشار ئەسەد دەسەڵاتی لە دیمەشق نامێنێ. لەو کاتەدا ئەگەری ئەوەش هەیە کە بەشار ئەسەد و دەوروبەری بچن حکوومەتێکی تایبەت بە پارێزگای «لازقیا» و... پێک بێنن. لە ڕاستییدا ئەمەش دەبێتە هەرێمێکی عەلەوی. ئەگەر ئەمە ڕووبدا، ئەوکات کاریگەری زۆری دەبێ لە سەر تورکیا، چۆن لە تورکیا نزیک ١٥ تا ١٨ میلیۆن عەلەوی هەیە. ئەمەش دیسان مەترسییە بۆ سەر تورکیا و تورکیا بە تەواوەتی دەیەوێ دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بڕووخێ. لە حاڵەتێکی وادا، واتە ئەگەر هەرێمێکی عەلەوی دروست بێ، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە کوردیش بتوانێ هەرێمێک بۆ خۆی پێک بێنێ و دەسەڵاتی ناوەندگەرا نەمێنێ و حاڵەتێکی فیدراڵ دروست بێ. لەم ڕووەوە تورکیا زۆر نیگەرانی داهاتووی سووریاشە و هۆی نیگەرانییەکەشی کورد و عەلەوییەکانە.

**کوردستان: باسی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە سووریا دەکرێ و بە شێوەیەکی کورت ئاماژەتان پێدا. دەوترێ سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی لە سەرکوت کردنی ناڕازییان لە سووریا هەیە. ڕای ئێوە لەو بارەوە چییە؟**

عەبدولباقی یووسف: لەو ماوەیەدا کە توندوتیژیی دژی خۆپێشاندەران لە سووریا پەرەی ئەستاندوە، خەڵکێک ناڕازین و دەڵێن سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی سەرکوتی خەڵک دەکا، بەڵام شتێکی بەڵگەمەند لەو بارەوە لە بەردەستدا نییە.

**کوردستان: باشە چەند کەسی ئێرانی گیران کە دان پێدانانەکانیان بڵاوکرایەوەو دانیان بەوەدا نابوو کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ڕەوانەی سووریای کردون بۆ هاریکاری کردنی هێزەکانی سووریا لە سەرکوت کردنی خۆپێشاندەراندا.**

عەبدولباقی یووسف: شتێکی وا لە ڕاگەیاندنەکان بڵاو کرایەوە، وەک دەڤەری کوردستانی سووریا تا ئێستا شتێکی لەو بابەتەمان نەبینیوە. ئەوە زیاتر لە حەمس و دەرعا و... ڕوویدا. هەمووومان دەزانین ئێران لە ڕووی چەکداری، سیاسی، ئابووری و... پاڵپشتی سووریا دەکا. تەنانەت ئێران گوشاریشی خشتۆتە سەر حکوومەتی مالکی لە عێراق بۆ ئەوەی پشتیوانیی سووریا بکا. ئەمە لە کاتێکدایە کە سوریا بنکەیەک بوو بۆ ئەو گرووپە چەکدارانەی کە دەهاتنە نێو عێراق و کاری تیرۆریستیان دەکرد و دەوڵەتی عێراق دژی سوریا لەم بارەوە ناڕەزایەتی دەربڕی و داوایەکی ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش دژی سووریا کرد. ئێستا بە پێچەوانەوە لە ژێر گوشاری ئێراندا بارودۆخەکە گۆڕاوە و دەوڵەتی



مالیکیش پشتیوانی لە مانەوەی بەشار ئەسەد دەکا.

**کوردستان: لە نێو ئەم ئاڵوگۆڕانەدا لە سووریا دەبینین ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد وەخۆکەوتوون. دەمەوێ بپرسم کە هێزە کوردییەکان لەو نێوانەدا چیان کردوە؟ ئایا لەسەر سیستمێکی نوێ بۆ داهاتووی سووریا ساغ بوونەتەوە؟ هیچ ڕێککەوتنێک هەیە لەو بارەوە؟**

عەبدولباقی یووسف: لە ماوەی ڕابردوودا، کۆنگرەیەکی نیشتمانیی کوردی لە شاری قامیشلوو بەڕێوەچوو. لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری گرنگ دەر کرا. یەکێک لەو بڕیارانە پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سریا بوو. ئێستا ئێمە ئەنجومەنێکی نیشتمانیمان هەیە. هەروەها لەو کۆنگرەیەدا باسی ئەوە کرا کە لە سووریا شۆڕشێک سەری هەڵداوە و کوردیش بەشێکە لەو شۆڕشە. بۆیە لەو چوارچێوەیەدا پێویستە ڕێژیمی سووریا بە هەموو دامەزراوە فیکری و ئایدۆلۆژیەکانیەوە نەمێنێ. ئەزموونی ئێستا ئەوەمان پێدەسەلمێنێ کە دەوڵەت یان دەسەڵاتی ناوەندگەرا لە سووریا شکستی هێناوە. لەم ڕوانگەوە ئێمە دەبێ بیر لە داهاتووی سووریا بکەینەوە و ڕێگا نەدین کە چیدیکە دەسەڵاتێکی ناوەندگەرای بەهێز پێک بێ. سووریای داهاتوو دەبێ «لا مرکزی» بێ. ئەمانە کۆمەڵێک باس بوون کە لەو کۆنگرەیەدا هاتنە گۆڕێ. لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد لە سووریا، لایەنە کوردییەکان لەو کۆنگرەیەدا لە سەر «دیاری کردنی مافی چارەنووس» لە چوارچێوەی سووریا ساخ بوونەوە. ئەمە ئێستا بۆتە سیاسەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد. ئەم ئەنجومەنە لە ١١ حیزبی کوردی لە سووریا پێک هاتوە و ژمارەیەکی زۆر لە سیاستوانانی سەربەخۆ و کەسایەتییەکان و نوێنەرانی ژنان، ڕۆشنبیران و لاوان تێیدا بەشداران. ئێستا ئەم ئەنجومەنە تەعبیر لە ڕای و هەڵوێستی گەلی کورد لە سووریا دەکا و لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی ئێستای سووریا لە پێوەندی و دانوستان دایە.

**کوردستان: ئەو کۆنگرەی کە لە هەولێر بەڕێوە چوو، چ ئاکامێکی لێکەوتەوە؟ بۆ «پەیەدە» لەو کۆنگرەدا بەشدار نەبوو؟**

عهبدولباقی یووسف: ئێمە پێمانخۆش بوو «پەیەدە» بەشدار بێ. پەیەدە لە سویریا لە کۆبوونەوەی حیزبەکانی کوردی سووریا بەشدار بوو. بە داخەوە پەیەدە لەم دوایەدا کۆمەڵێک هەڵوێستی سەیری هەبوو و لەو کۆنگرەیەدا بەشداری نەکرد. ئێستا ئەوان بەرگری لە مانەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەکەن و دژی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی ئێستای سووریان. پەیەدە نایەوەێ دژی دەسەڵاتی ئێستای سویریا خۆپێشاندان بکرێ و نایەوێ خۆپێشاندان لە شارە کوردییەکانی سووریا دژی دەسەڵاتی سووریا بکرێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەوان(پەیەدە) لەگەڵ دەسەڵاتی سووریا ڕێک کەوتوون.

**کوردستان: ئەم ڕێککەوتنەی «پەیەدە» لەگەڵ دەسەڵاتی سووریا، ئایا سیاسەتی پەکەکەیە کە بەو شێوەیە بجووڵێتەوە؟**

عەبدولباقی یووسف: ئێمە جیاوازییەک لە نێوان پەکەکە و پەیەدەدا نابینین. پەیەدە بەشێکی پەکەکەیە لە ناو سووریا و پابەندن بە بڕیار و هەڵوێستەکانی پەکەکەو لەو چوارچێوەیەدا دەجووڵنەوە. پەکەکە لەگەڵ دەوڵەتی سووریا ڕێککەوتنی هەیە و پەیەدەش پابەندە بەو ڕێککەوتنە.

**کوردستان: ئەم ڕۆڵەی پەکەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەمە دەستێوەردان نییە لە کاروباری پارچەکانی دیکەدا و بە زەرەری بەرژەوەندی گشتیی کورد دەجووڵێتەوە؟**

عهبدولباقی یووسف: بێگومان وایە. ئەگەر هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و باکووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پشتیوان بن بۆ خەباتی کورد لە ڕۆژئاوا، ئەوە شتێکی باشە. مەخابن پەکەکە وا نییە. لەگەڵ دەسەڵاتی سووریا ڕێک کەوتوە و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بەرژەوەندی خەڵکی کوردی سووریای کردۆتە قوربانی. بۆیە ئەو کارانەی پەکەکە بە دەستێوەردان دەزانین. سەرەڕای ئەوە کە زۆرمان

**ئێمە دەبێ بیر لە داهاتووی سووریا بکەینەوە و ڕێگا نەدین کە چیدیکە دەسەڵاتێکی ناوەندگەرای بەهێز پێک بێ. سووریای داهاتوو دەبێ «لا مرکزی» بێ**

هەوڵداوە کە وانەبێ، بەڵام بەداخەوە پەکەکە هەر بەردەوامەو ناهێڵێ پەیەدە بێتە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا و لە ڕێگای پەیەدە و لایەنگرانیەوە بەرگری لە حکوومەتی ئێستای سووریا دەکا.

**کوردستان: وەک دوا پرسیار پێتوایە کێشەی سووریا لە ئاکامدا چۆن یەکلایی بێتەوە؟ ئایا پێتوایە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگای سەربازییەوە بێنە ناو کێشەکەو بە قازانجی ناڕازییان لە سووریا کێشەکە یەکلایی بکەنەوە، یان نا ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی خەڵک لە ئاکامدا سەر دەکەوێ و کۆتایی بە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دێنن؟**

عهبدولباقی یووسف: ڕەوشی سووریا ئاڵۆزە و ئێستا دەبینین کێشەکە ماوەیەکی زۆرە بەردەوامە. ئێستا لە ڕووی نێونەتەوەییە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە بە شێوەی سەربازی بێنە ناو کێشەکە. ئەگەر ئاڵۆزییەکان لە نێوخۆی سووریا زیاتر بێ، ئەوا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە سووریا بەرەوە شەڕێکی نێوخۆیی تایفی بڕوا. لەو حاڵەتەدا ئەگەری ئەوە هەیە کە لە ڕێگای سەربازییەوە کێشەکە یەکلایی بکەنەوە. ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵدەدا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە فشار بێنێ بۆ دەسەڵاتی ئێستای سووریا بۆ ئەوەی پاشەکشە بکا.

---

## بریتانیاو فەرانسە: ناڕازییانی سووریە! یەکگرتوو بن تا یارمەتیتان بدەین!

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی خۆپێشاندانەکان لە سووریە کە تەنیا لە ڕۆژی هەینیدا کوژران و برینداربوونی دەیان کەسی لێ کەوتەوە، بریتاینا و فەرانسە داوایان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی دژبەری بەشار ئەسەد لەو وڵاتە کردوە کە یەکگرتوو بن تا جیهان بتوانێ بۆ ڕووخاندنی بەشارا ئەسەد یارمەتییان بدا.



نیکۆلا سارکوزی، سەرکۆماری فەرانسە لە کۆنفرانسێکی خەبەریی هاوبەش لەگەڵ دیوید کامێڕوون، سەرۆک وەزیری بریتانیا ڕایگەیاند کە نایەکگرتوویی گرووپە جۆراوجۆرەکانی سووریە و پرش و بڵاویی ئەو هێزانە کۆسپێکی سەرەکی بۆ چارەسەریی قەیرانی ئەو وڵاتەیە. ناوبراو هەروەها وریایی داوە کە لەوانەیە بە هۆی نەبوونی جێگرەوەیەک بۆ بەشار ئەسەد و پرش و بڵاوی هێزەکانی دژبەر شۆڕشی ئەم وڵاتە لەبار بچێ.

سارکوزی هەروەها گوتی کە کێشە تەنیا ڤیتۆکردنی بڕیارنامەی شوورای ئەمنیەت لە لایەن ڕووسیەو چین نیە. لە وڵاتی لیبی بە بێ خەڵکی ئەم وڵاتە نە شۆڕشێک ڕووی دەدا و نە سەرکەتووش دەبوو. لە سووریەش ئەگەر ناڕازییان یەکگرتوو نەبن، شۆڕشەکە وەها پەل ناهاوێ ناکرێ تا بتوانین پشتیوانی لێ بکەین.

ناوبراو پێداگریی کردوە کە ناتوانین قەبووڵی بکەین کە ڕێبەی وڵاتێک خەڵکەکەی بکوژێ. بەڵام ناکرێ شۆڕشێک لە دەرەوە ڕێبەری بکرێ و شۆڕش دەبێ لە نێوخۆوە ڕێبەری بکرێ، وەک ئەوەی لە توونیس، میسر و لیبی ڕووی دا و بینیمان.

لەو کۆنفرانسە خەبەرییەدا دیوید کامێروونیش ایگەیاند کە نایەکگرتوویی ناڕازییانی سووریە بەرتەسکبوونەوەی هاوکاریی هێزە دەرەکیەکانی لێ دەکەوێتەوە. ناوبراو هەروەها وەبیری هێنایەوە کە بریتانیا و فەرانسە لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەن بۆ یارمەتیدان بە دژبەرانی سووریەن.

# ڕەوشی سووریە:١ پرسیار و ٧ تێبینی ڕووبەڕووی جیهانی گلۆباڵ

ڕێبوار مەعروف زادە



لە سووریە ڕۆژ لە گەل ڕۆژ شار و گوندی زیاتر خاپوور دەکرێ، ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ جۆغرافیایەکی زیاتر لە شەر دەگلێ و خەڵکێکی زیاتر دەکوژرێ. هەروەها جار لە گەڵ جار تۆپ و تانگی زیاتر بەرەو شارەکان وەرێ دەکەون و شەقام و فەزایەکی گشتیی بەرینتر قۆرخ دەکرێن. دیارە سەرەڕای هەمووی ئەوانە خەڵکی سووریە ئامادە نین دۆراوی شەڕی حکوومەت و خەڵک بن، تەنانەت ئەگەر گیانیان فیدا بکەن. ئۆپۆزسیۆنی سووریەش هەروا لە دوو بەرەییدا ماوەتەوە. زۆربەی جەماعەتی ئیخوانولموسلمین، لیبراڵەکان و بەشێک لە کوردەکان لە نێو شوورای نیشتمانیی سووریە(المجلس الوطنی السوری) دان. ئەو گرووپەی ئۆپۆزسیۆن لە پشتگیرییەکی بەرچاوی عەرەبی_ڕۆژئاوایی بەهرەمەندە. گرووپی دووهەم واتە گرووپی هاوئاهەنگی بۆ گۆڕانی دێموکراتیک(هیئە التنسیق من اجل التغییر الدیمقراطی) بەشێکی بەرچاو لە کوردەکان(١١حیزبی کوردی) و چەپەکان لەخۆ دەگرێ. گرووپی یەکەم خوازیاری چارەسەری پرسی سووریە لە نێو شوورای ئەمنییەتن و پشتگیریی ناردنی هێزی نیزامیی ڕۆژئاوایی_عەرەبی دەکەن، بەڵام گرووپەکەی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن دژایەتی هەر جۆرە هێرشێکی نیزامی بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئەسەد دەکەن. هەروەها لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانیشتنی شووڕای نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٥ی فێوریەدا، بە هۆی ڤیتۆی ڕووسیە و چین بێ ئاکام مایەوە. دیارە بە دوای ئەم هەڵوێستەی چین و ڕووسیەدا زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوایی وەک توونیس، عەرەبستان، قەتەر، ئەمریکا، بریتانیا، کانادا و... باڵوێزخانەکەیان لە دیمەشق داخست. دەکرێ بڵێین دەوڵەتی ئەسەد لە ئیستادا تا ڕادەیەکی زور لە دەرەوەی سیستمی نێودەوڵەتی دایە. هەنووکە لە لایەک وڵاتانی ڕۆژئاوایی، وڵاتانی عەرەبی و تورکیە لە هەوڵی پێکهێنانی هاوپێوەندییەکی نێودەوڵەتی و دیتنەوەی ڕێگەچارەیەک لە بارەی ڕەوشی سووریە دان، لە لایەکی دیکە ڕووسیە، چین، ئێران،ئەڵجەزایر، pkk، حیزبوڵلای لوبنان و تۆڕی ئەلقاعیدە دژایەتی هەر جۆرە هێرشێکی نیزامی بۆ سەر سووریە دەکەن. دیارە دژبەرانی هێرشی نیزامی باس لە ناقانوونی و ناڕەوابوونی ئەو کردەوەیە دەکەن. بەو پێیە ڕەوشی سووریە پرسیارێکی جیدی و دژواری ڕووبەڕووی جیهان کردۆتەوە. ئەو پڕسیارە بریتییە لەوە کە دەوڵەت تا چ شوێنێک ڕەوایی هەیە؟ ئایا هەوڵێکی نێودەوڵەتی لە بارەی دۆخی ناڵەباری وڵاتێک (هاوشێوەی ڕەوشی سووریە) دەکەوێتە خانەی دەستێوەردانی جیهانی یان هاوکاری جیهانی؟

بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارە بنچینەییە پێویستە ئاگاداری چۆنیەتیی بیچمگرتنی سیستمی نێودەڵەتیی هەنووکەی جیهان بین. بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ دەدەین لە سێ بەشدا جیاوازی و پێوەندیی نێوان چەمکەکانی «نەتەوە»، «نەتەوەخوازی»، «دەوڵەتی ساختە»، «دەوڵەتی نەریتی»، «دەوڵەتی مۆدێرن»(دەولەت–نەتەوە) و دواجار «دەوڵەت لە سەردەمی بەجیهانی بوون»دا نیشان بدەین. ئەو کارە یارمەتیمان دەدا هەتاکوو لە سیستمی نێودەڵەتی و کۆمەڵگەی جیهانی سەردەم تێبگەین.

**ئەلف) جیاوازی و پێوەندیی نێوان «نەتەوە»، «نەتەوەخوازی» و «دەوڵەت»:** لە ڕوانگەی بەندیکت ئەندرسۆنەوە نەتەوە کۆمەڵگەیەکی سەمبۆڵیک و فانتازیاکراوە و نەتەوە لە ڕێگەی نەتەوەخوازی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بەرە بەرە دروست دەبێ. بزووتنەوەی نەتەوایەتی هەوڵ دەدا خاڵە هاوبەشەکانی وەک زمان، جوغرافیا، کلتوور و ...خەڵکێک بەرجەستە بکا و بیانکاتە شتێکی گشتی، نیشتمانی و نەتەوەیی بە جۆرێک کە ئەو خەڵکە لە خەڵکێکی دیکە جیا بکاتەوە. هەروەها بزووتنەوەی نەتەوایەتی بەردەوام تێدەکۆشێ ئەو هەست و فەزایە لە نێو خەڵکەکەیدا دروست بکا کە ئەوان خەڵکێکی هاوچارەنووسن. ئەوە لە حاڵێک دایە کە دەوڵەت پێک هاتەیەکی سیاسییە و مەرج نییە کە ئەو پێک هاتەیە لە کۆمەڵگەیەکی سەمبۆڵیک پێک هاتبێ. پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی لە دوای شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی پێک هاتن هەڵگری نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکی سەمبۆڵیک نین. بە واتایەکی دیکە ئەو دەوڵەتانە بەرهەمی خواست و تێکۆشانی کۆمەڵە خەڵکێک نین، بەڵکوو بە هۆی هێزی نیزامی و لە ژێر پلانی نگریسی زلهێزەکاندا پێک هاتوون. ئەو دەوڵەتانە دەکەونە خانەی «دەولەتە ساختەکان» چونکی بە ئیرادەی خەڵک و بە شێوازێکی ئازادانە و دێموکراتیک پێکنەهاتوون. لە «دەوڵەتە ساختەکان» دەتوانین ئاماژە بە عەرەبستان، سووریە، بەحرەین،تورکیە و ... بکەین. دیارە دەوڵەتی ئیسرائیلیش دەچێتە ئەم خانەیەوە بەڵام گرفت و نارەوایی ئەو دەوڵەتە بە هۆی هاووڵاتییەکانی نییە. ناڕەوایی ئیسرائیل ناڕەواییەکی ژئۆپۆلێتیکە بەو واتایە کە دەوڵەتی ئیسرائیل دەوڵەتێکی داگیرکەرە. هەروەها دەوڵەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن چێدیکە دەوڵەتێکی دەستکرد نییە، گرفتی ئەو دەوڵەتە لە ئیستادا گرفتی ناکارامەیی و گەندەڵییە. دیارە کۆمەڵێک لە خەڵکیش هەن کە خۆیان بە نەتەوە دەزانن و کۆمەڵگەیەکی سەمبۆلیکن، بەڵام خاوەنی دەوڵەت نین کە دەکرێ ئاماژە بە سکاتڵەندییەکانی بریتانیا، باسکەکانی ئیسپانیا، کوردەکان و فەلەستینییەکان بکەین. بەو پێیە خەڵک و نەتەوەکانی جیهان لە باری سیاسییەوە بە سەر سێ دۆخی «دەوڵەت–نەتەوەکان، «دەولەتە دەستکردەکان» و «نەتەوە بێ دەوڵەتەکان» دابەش دەبن.

**ب) جیاوازیی دەوڵەت–نەتەوە و دەوڵەتی نەریتی:** «دیارە دەوڵەت–نەتەوە دامەزراوەیەکی مێژوویی تا ڕادەیەک نوێیە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی چاخی هەژدەهەم و پێکهاتنی ئورووپا و هەندێ کۆمەڵگەی وەک ئەمریکا، ئۆستراڵیا و نیوزیلەند کە ئورووپییەکان تێیدا دەژیان. بۆ یەکەم جاڕ دەوڵەت–نەتەوە لەو بەشە لە جیهاندا دامەزرا و دواتر پەڕگیر بووە، کەوایە «دەولەت»، «نەتەوە» و «نەتەوەخوازی» بە پێچەوانەی «دەوڵەت–نەتەوە» بەردەوام بوونیان هەبووە.»(ئانتۆنی ئیسمیت)

لە پێوەندی لەگەڵ جیاوازیی دەوڵەت–نەتەوە و دەوڵەتدا دەکرێ ئاماژە بە پێنچ خاڵ بکەین:

١- دەوڵەتە نەریتییەکان لە نێو خۆیاندا پارچە پارچە بوون و خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسیی ناوەندی نەبوون. لە ڕاستیدا خەڵک لە دەوڵەتە پێش مۆدێرنەکاندا هاووڵاتی نەبوون، چونکی ئەو ڕۆڵە چالاکەیان نەبوو کە ئەمڕۆکە خەڵک لە نێو دەوڵەتە مودێرنەکاندا هەیانە. دەوڵەتە کۆنەکان خاوەنی سیستمێکی ئابووری و سیاسیی نیشتمانی و ناوەندی نەبوون، هەر بۆیە زۆرینەی خەڵک لە گۆڕانکاریەکانی وڵاتەکەیان ئاگادار نەدەبوون و تەنانەت بە لایانەوە گرینگ نەبووە.

٢- دەوڵەتە کۆنەکان خاوەنی کەوشەن بوون نەک سنوور. دیاری کردنی سنوور بە شێوەیەکی ورد و لە سەر نەخشە شتێکی زۆر نوێیە. سنوور شوێنێکە کە لەوێدا ئۆتۆریتەی دەوڵەتێک کۆتایی پێدێ و ئۆتۆریتەی دەوڵەتێکی دیکە دەست پێدەکات.

٣- دەوڵەت- نەتەوەکان لە نێو سنوورەکانیاندا ئامرازەکانی توندوتیژی و مافی بەکارهێنانی توندوتیژییان لە چنگ گرت. پێکهێنانی سوپا و هێزی پۆلیس بە شێوەیەکی بەرجەستە ئەو ڕاستییە نیشان دەدا. دەوڵەتی هەنووکەی ئەفغانستان کە کونترۆڵی بە سەر بەشێک لە ناوچەکانیدا نییە نموونەی دەوڵەتێکی نەریتی لە سەردەمێکی مودێرن دایە.

٤- دەوڵەتە نەریتییەکان خاوەنی زمانێکی هاوبەش و شۆناسێکی کلتووریی گشتی نەبوون. لە دەوڵەتە نەریتییەکاندا چینی دەسەڵاتدار بە زمانێکی جیاواز لە زۆربەی خەڵک قسەیان دەکرد. بەو پێیە پەیدابوونی سیستمی پەروەردە و سیستمی خوێندنی نیشتمانی هاوپێ بووە لە گەڵ هاتنی دەوڵەت––نەتەوەکان.

٥- دەوڵەتە نەریتییەکان لە نێو سیستمی نێودەوڵەتیدا نەبوون. لە بەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە دەسەڵاتیان بە سەر ناوچەیەکی دیاریکراودا نەبوو، هەر بۆیە گرفتێکی سەرەکیی بەردەم پتەوتربوون و یاسامەندتربوونی سیستمی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدران.

**ج) دەوڵەت لە سەردەمی بەجیهانی بوون** : گلۆباڵیزم کۆمەڵێک گۆڕانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووریی بەربڵاوە. پرۆسەی گلۆباڵیزم لە سەر بناغەکانی جیهانی مۆدێرندا دەستی داوەتە دروستکردنی جیهانێک کە ئەو جیهانە،هاوکات لەگەڵ ئەوە کە جیاواز و ئاڵۆزترە لە جیهانی مۆدێرن، بەڵام دابڕاو لە جیهانی مۆدێرن نییە. بەو پێیە بۆ گەیشتن بە جیهانی ئیستا(سەردەمی گلۆباڵیزم) سەرەتا پێویستە بزانین کە سەردەمی مۆدێرن چ جۆرە سەردەمێک بوو. لە سەردەمی مۆدێرندا کۆمەڵێک ئامراز،پیشە، دامەزراوە و سیستمی تازە دروست بوو کە دەتوانین ئاماژە بە هاتنەئارای دەزگای چاپ، دراو، دروستبوونی کاتژمێر، سەربازی کردن،بیمەی بێکاری، سینەما، سوپا، حیزب، پارڵمان، زانکۆ، سیستمی پەروەردە، سیستمی تەندروستی و .. بکەین. لە بەشی مودێرنەی سیاسیشدا بە هاتنەئارای شێواز و دامەزراوەی نوێ وەک گشتی بوونی مافی دەنگدان و هەڵبژاردن، دروستبوونی پارلمان و حکوومەتی قانوون، بەشداریی سیاسی چووە نێو قۆناغێکی بەرفراوان. دیارە ئەو گۆڕانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بە پشتبەستن بە زانست و عەقڵی مرۆڤ هاتەئاراوە، هەر بۆیە لە سەردەمی مۆدێرندا ئەو بڕوایە پەیدابوو کە مرۆڤ خۆی سەرچاوەیە، چارەسازە، خوڵقێنەرە و تەنانەت خۆی خودایە. بەو پێیە مرۆڤی مودێرن لە وەرچەرخانێکی گەورەی مێژووییدا بۆ گەشەکردن، سڵامەتبوون، کارامە بوون، دڵنیابوون، دەوڵەمەندبوون و...بە گشتی بۆ هەموو ڕەهەندەکانی ژیان ئیمانی بە زانست و عەقڵ هێنا. ئەوە لە حاڵێکدایە هاوکات لە گەڵ زیادبوونی بەرهەمە زانستی و عەقڵییەکان، ژیانی مرۆڤیش ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بەربڵاو و ئاڵۆزتر بوو. بە هۆی شۆڕشی پێوەندییەکان هەموو ڕەهەندەکانی جیهانی مۆدێرن هاوکات ئاوێتەی یەکتربوون، گەشەیان کرد و گۆڕانیان بە سەردا هات. لە ڕاستیدا شۆڕشی پێوەندییەکان و گلۆباڵیزم پێکەوە لە دایک بوون. تەلەفۆن، سەتەلایت، کامپیوتێر و ئینتێرنێت و فەیس بووک نە تەنیا پێوەندییە فیکری، کلتووری، ئابووری و سیاسییەکانی مرۆڤیان خستە نێو جوغرافیا و نیشتمانێکی گەورەتر و سەرتر لە دەسەڵاتی دامەزراوەکانی مۆدێرن بە تایبەتی سەرتر لە دەسەڵاتی «دەوڵەت–نەتەوە»کان، بەڵکوو گرفتە مرۆییەکانیشیان زۆرتر و ئاڵۆزتر کردوە. دیارە تەکنۆلۆژی و ئابووری بە هۆی ئەوەی کە نە شوناسیان هەیە نە ئایین زیاتر و خێراتر لە ڕەهەندەکانی دیکەی مودێرنە پەرەیان ئەستاند و بەجیهانی بوون. ئەمڕۆکە لە لایەک بە پێکهاتنی کۆمپانیا بان نەتەوەیییەکان، سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، بانکی جیهانی، گرووپی G٢٠، کەڵک وەرگرتن لە یۆرۆ و... بە تەواوەتی هەست بە بەجیهانیبوونی ئابووری دەکەین. لە لایەکی دیکە کۆمپانیا بان نەتەوەیییەکان دەسەڵات و کاریگەرییان بە سەر بەستێن و پرسە گشتییەکان، ئەو پرسانەی کە پێوەندیدارە بە هەمووی هاووڵاتییان وەک سیستمی تەندروستی و خزمەتگوزاری، هەیە بە بێ ئەوەی هەڵبژێردراوی خەڵک بن. لەو پێوەندییەدا خەڵک لە وڵاتانی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی دەردەبرن، بەڵام چارەسەرکردنی پڕسەکە لە توانا و دەرەقەتی «دەوڵەت–نەتەوە»یەک بەدەرە. لە ئیستادا بەشێکی بەرچاوی خەڵک لە وڵاتانی لەحاڵی گەشە یان هەژاردا لە ئینتێرنێت کەڵک وەردەگرن بە بێ ئەوەی پێدانی خزمەتگوزاریی ئینتێرنێت یاسامەند کرابێ. پێویستە سەرنج بدەینە ئەوە کە سیستمی کامپیوتێر و ئینتێرنێت لە زۆر بواردا یارمەتیان داوین، بەڵام لە لایەکی دیکە بوونەتە هۆی ئەوەی کە کەسانێک پەیدا بن کە بە دزە کردن بۆ نێو سیستمی کامپیوتێریی کەسانی دیکە و بەدەستهێنانی ژمارە حیسابی بانکی یان زانیاریی شەخسی ئەو کەسانە، ئەوان تووشی خەسار بکەن. لێرەدا ئەگەر کەسی خەساروێکەتوو خەڵکی ئورووپا و کەسی تاوانبار خەڵکی وڵاتێکی دواکەوتوو یان وڵاتێکی لە حاڵی گەشەدا بێ، دەوڵەت بۆ داکۆکی لە هاووڵاتییەکەی دەبێ چ بکا؟ بۆ ئەوەی نیشان بدەین کە بە چ شێوەیەک گلۆباڵیزم دیاردە، پێوەندی و گرفتی تازەی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی و دەوڵەت–نەتەوەکان بە دیاری هێناوە با نموونەیەکی گەورەتر بێنینەوە. لە دەیەکانی هەفتا و هەشتای چاخی بیستەمدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خەڵکێکی زۆر بێکار و داماو بوون بە تایبەتی لە تورکیە و عێراق، دیارە هەر لەو کاتەدا پیشەسازیی ئورووپا پێویستی بە هێزێکی زۆری کار هەبوو، بەو پێیە هەزاران کرێکاری کورد(بە تایبەتی کوردەکانی تورکیە) ڕوویان کردە ئۆرووپا. لە ساڵی ١٩٩١ نزێک ١/٥ میلیۆن کورد لە ترسی سەدام حوسێن، لە ترسی ئەو چەکوچۆلە مۆدێرنانەی لە ڕۆژئاوا بەرهەم هاتبوون و لە دەست سەدامدا بوون، بەرەو سنوورەکانی تورکیە و ئێران هەڵاتن. ئەو کات کارەساتێکی مرویی لە حاڵی ڕوودان‌دا بوو، هاوکات ئەو کارەساتە مرۆییە لە ڕێگەی میدیاکانەوە بۆ ئورووپا ڕادەگوازرا. ڕاگواستنی ئەو کارەساتە مروییە بۆ ئورووپا دیاسپۆرای کوردی، بە پیر و گەنج و منداڵەوە، هەژاند بە جۆرێک کە کۆمەڵێک چالاکیی دەگمەن و بێ وێنەیان ئەنجام دا کە لە سەر دەرچوونی بڕیارنامەی٦٨٨ شۆڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێکهاتنی ناوچەی دژەفڕین لە باشووری کوردستان، کاریگەریی زۆری دانا. دیارە تۆپ و تانگ، کۆچ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، میدیاکان و ناوچەی دژە فڕین هەر هەموویان بەرهەمی تازە و مۆدێرنن کە لە سەردەمی گلۆباڵیزم بە یەک گەیشتوون. بەجیهانی بوون لە گەڵ خۆیدا هێندێک تابلۆی مرۆیی دەگمەنیشی دروست کردوە. لێرەدا باسی یەکێک لەو تابلۆیانە نۆمایش دەکەین: « قۆتابییەکی کورد لە قۆتابخانەی هارڤێلد لە شاری ئایندهۆڤن سەردانی ئەو٧٢٠ کوردە دەکا کە لە مانگی یەک و دووی ساڵی١٩٩٣ دا لە شاری بروکسێل مانیان لە خواردن گرتبوو. ئەم خانمە بچکۆڵەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ قۆتابخانەکەی، چیرۆکی مانگرتووان بۆ هاورێ هۆلەندییەکانی دەگێڕێتەوە. لە ژێر کاریگەریی قسەکانی ئەودا هاوڕێ هۆلەندییەکانی بڕیاری ئەوە دەدەن کە نامەیەک بۆ حکوومەتی هۆلەند بنووسن و داوای گرینگیدان بە مەسەلەی کورد بکەن.»(ناسیۆناڵیزم و سەفەر) ئەو تابلۆیە بە جوانی ئەو بابەتە نیشان دەدا کە لە پرۆسەی گلۆباڵیزمدا تەنیا شتومەک و سەرمایە و مرۆڤەکان سنوور و جوغرافیاکان نابەزێنن، بەڵکوو کلتوور، ڕوانگە سیاسی و پرسە لۆکاڵییەکانیش بەجیهانی دەبنەوە. بەو پێیە جیهانی گلۆباڵ جیهانێکی ئاڵوز و فرە ئاستتر لە جارانە بە چەشنێک کە لە لایەک پرسە لۆکاڵییەکان جیهانی دەبنەوە و لە لایەکی دیکە پرسە جیهانییەکان لۆکاڵی دەبنەوە. کۆمەڵگەی جیهانی لە سێ ئاستی «نەتەوە بێ دەڵەتەکان»، دەسەڵاتە نەتەوەییەکان(دەوڵەتە ساختەکان، دەوڵەتە نەریتییەکان و دەوڵەت–نەتەوەکان)، دەسەڵاتە بان نەتەوەیییەکان(یەکیەتیی ئورووپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمپانیا گەورەکان و...) بەردەوام بە یەکدا دەچێتەوە. بەو پێیە وتەکەی دانیێل بێل زۆر ڕاستە کە دەڵێ: «دەوڵەت–نەتەوە لەوە بچووکتر بۆتەوە کە بە تەنیا کێشە گەورەکان چارەسەر بکا و لەوەش گەورەتر بۆتەوە کە تەنیا چارەسەری کێشە بچووکەکان بکا.» ئیستاکە پاش ئەو ڕێگە دوورە کە بریمان دەگەینە ئەوە کە، پێویستە لە بارەی ڕەوشی سووریە و جیهان چەند تێبینییەک لەبەرچاو بگرین :

١- دەوڵەتی ئیستای سووریە، دەوڵەتێکی ساختەیە.

٢- ئەمڕۆکە شەقامەکان و فەزای گشتیی هەر وڵاتێک، لە ڕێگەی میدیاکانەوە، بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە فەزای گشتیی جیهان. بەو پێیە شەقامەکان توانایی ئەوەیان هەیە کە قەناعەت و ڕێککەوتنی جیهانی دروست بکەن.

٣- مودێرنەی سیاسی دەرەقەتی بەشێکی زۆر لە سیستمە دیکتاتۆرییەکان نەهاتوە. دەوڵەتە نەریتی و دەوڵەتە ساختەکان هەڵبژاردن، حیزب، ڕاگەیاندن و پارڵمانیان لە چنگ گرتوە. لە سووریە، ڕووسیە، ئێران، ئەلجەزایر، بەحرەین و توونس و میسری سەردەمی بن عەلی و موبارەک و...هەڵبژاردن و پارلمان و ...هەبووە و هەیە، بەڵام دێموکراسی و ئازادی نەبووە و نییە.

٤- کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی شەقامەکان چاوەدێری هەموو دەوڵەتەکان دەکا، بەڵام ئەو هێزەی کە پێش لە هەر هێزێک(پێش لە هەر پلانێکی ئەمریکا، بریتانیا، عەرەبستان، قەتەر و...) و کاریگەرتر لە هەر هێزێکی دیکە دوسیەی دەوڵەتی ئەسەدی بردۆتە نێو شووڕای ئەمنییەت، شەقامەکانی سووریەیە.

٥- شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی بەرهەمێکی بە نرخی بۆ جیهانی سەردەم هەبوو. ئەو بەرهەمە بریتییە لەوە کە جیهانی گلۆباڵ قانوونێکی هەیە، شەقامەکانی هەر وڵاتێک بڕیار لە سەر دەوڵەتەکەیان دەدەن.

٦- خۆپێشاندان هەڵبژاردنێکە، هێز و پێوەرێکە، کە لە جوغرافیایەکی جیهانی دا ڕەوایی هەیە.

٧- ئەرتەشی ئازادی سووریە هاوکات هەم خۆپێشاندانی خەڵکی شێواند و هەمیش دروستی و پێویستیی هاوکاریی جیهانیی خستە ژێر پرسیارەوە. ئەو چەکانەی کە لە چنگ ئەرتەشی ئازادی سووریە دان ، ئەو چەکانەی کە چەکی تورکیەن یان لە باشترین حاڵەتدا چەکی زەوتکراوی ڕێژیمی ئەسەدن، شەرعییەت و هێزێکی جیهانیان نییە. تا پێش لە پەیدابوونی ئەرتەشی ئازاد فەزا و ڕەوشی سووریە بەو جۆرە بوو کە خەڵکی مەدەنی لە بەرامبەر ڕێژیم، خۆپێشاندان لە بەرامبەر تۆپ و تانگدا بوو، هەر بۆیە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانی شەڕی ئەسەد لە شەقامەکان پاساوهەڵنەگر و هاوسۆزی و هاوکاریی جیهانی پێویستییەکی بێ ئەملاوئەولا بوو.

سەرچاوەکان :
١- ئاسۆ جیهانییەکان، ئانتۆنی گیدێنز و: عەتا جەماڵی
٢- ناسیۆناڵیزم و سەفەر، مەریوان وریا قانع

# کێ بەرپرسە لە کوشتنی ژنان لە کوردستان دا؟

کوێستان فتووحی

بە گوێرەی هەواڵەکان بەداخەوە کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستان هەر بەردەوامە. لە ماوەی کەمتر لە یەک حەوتوودا ۲ ژن تەنیا لە یەک ناوچە بە دەستی پیاوانی بنەماڵەکانیان کوژران.

بەپێی هەواڵێک کە ماڵپەڕی پەیامنێر بلاوی کردووەتەوە ڕۆژی شەممە ۱۱ی ڕێبەندان لە ڕانیە پیاوێکی تەمەن ۲۳ ساڵان بە گوللە ژنە۲۱ ساڵانەکەی خۆی کوشتوە. ئەوە دووهەمین ڕووداوی لەو چەشنەیە کە لە ماوەی ۳ ڕۆژدا ڕوو دەدەا. پێشتریش باوکێک هەر لەو دەڤەرە، کچەکەی خۆی کە مامۆستای قوتابخانە بووە، بە تاوانی خۆشویستنی کوڕێک کوشتوە. لە ماوەی ۳ ڕۆژدا دوو کەس کە بە ڕێکەوت هاوناویش بوون دەبنە قوربانیی دڵڕەقی و نەزانیی پیاوانی بنەماڵە.

ئەو هەواڵە دڵتەزێنانە وایان لێکردم دیسان بە نووسینێک نارەزایەتیی خۆم بەرانبەر بەژنکوژی لەم هەرێمە، دەرببڕم.

کۆمەڵگەی کوردستان زۆری کارەساتی ناخۆشی دانیشتوانی بەخۆیەوە دیوە. ماڵوێرانی ، دەربەدەری، ئەنفال، زیندان ، ئەشکەنجە ، ئێعدام و.... بەڵام باشووری کوردستان زیاتر لە ۲۰ ساڵە لە شەڕ وتوندوتیژییەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمی جینایەتکاری بەعسی عێراق، ئەو ڕێژیمەی لە ڕۆژێکدا گیانی ٥ هەزار مرۆڤی کوردی دەستاند، ڕزگاری بووە. هەر کوردێک لە هەر بەشێکی کوردستان بەم ڕزگارییە دڵخۆش بوو شایی لە دڵدا دەگەڕا. ئێمەمانانیش وەک کوردێکی ڕۆژهەڵاتیی پەڕیوە ودانیشتووی ئەم بەشەی کوردستان، تێکەڵاوی خۆشی و ناخۆشییەکانی هاونەتەوەکانانمان لەم بەشە ئازادکراوە بووین و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەرمان هەبووە و نەمانتوانیوە و ناتوانین بەرانبەر بە سەرکەوتن و شکستەکانی بێخەم و بێلایەن بین.

ئارەزوو دەکەین ئەم بەشە لە نیشتمان لە هەموو بوارەکاندا ببێتە نموونە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان. بەڵام ئێستا و لەم کاتەدا هەرگیز حەز ناکەم ڕۆژهەڵاتی کوردستان باشووری کوردستان بکاتە نموونە. چونکە بەداخەوە لە هێندێک بواردا، نموونەیەکی باش نابێ.

**هەلومەرجی ژنان:**

کە چاو بە ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دژ بە توندوتیژیی دژی ژناندا دەخشێنین، مرۆڤ تووشی شۆک دەبێ. لە ساڵێکدا ئەویش نەک ساڵەکانی سەرەتای ڕزگار بوونی کوردستان لە دەست ڕێژیم، - کە زۆرجار پاساوی ئەوە دەهاتەوە کە کەلتووری بەعسە و کۆتایی نەهاتوە - «ساڵی ڕابردوو، لە سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک و سنووری گەرمیان، ۳٤۹ ژن بە هۆی کوشتنی بەئەنقەست ( قتل عمد)، خۆکوشتن، سووتان و خۆسووتاندن یان سووتان بە قەزا و قەدەر و خنکان و خۆخنکاندن گیانیان لەدەست داوە. ۱۷۱ ژن بریندار بوون و ۱۳٤ حاڵەتی دەستدرێژی تۆمار کراوە». (ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ئاماژە پێکراو). ئەوەی ئەمڕۆ بە نیسبەت ژنان لە کوردستان ڕوودەدا، کەم مەترسیتر نییە لەهێندیک لەو نەهامەتییانەی ڕێژیمی سەددام حوسێن بەسەر نەتەوەی کوردی دێنان.

ژنان دەکوژرێن، خۆدەکوژن، ئازار دەدرێن، سووکایەتییان پێدەکرێ. بەڵام دام ودەزگا بەرپرس و پیوەندیدارەکان لە ئاستیدا بێدەنگ و دەستەوەستانن. کاتێک کەسی تاوانبار ڕێوشوێنی یاسایی بۆ سزاکەی بەکار ناهێنرێ یان بە پووڵ کێشەکان چارەسەر دەکرێن، یان زۆر جار هەوڵ دراوە کێشەکان بە بچووککراوەیی نیشان بدرێن، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی دووبارە بوونەوە و هاندانی کەسانی تاوانبار بۆ ئەوەی لە تاوان نەسڵەمێنەوە.

**کێ بەرپرسی یەکەمە لە کۆتایی هێنان بەم وەزعە**

ئازاردانی ژنان لە لایەن پیاوانەوە، هۆکاری پەروەردەی کۆمەڵایەتی و دەروونیی تاکەکانیان لەپشتە. حاشا لەوە ناکرێ کە ڕێژیمی بەعسی عێراق، کەلتوورێکی پڕ لە توندوتیژی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چاند و دوای نەمانی، کاتی دەویست تا کۆمەڵگە هێندێک ئاسایی بێتەوە. ڕاستە بە هۆی شەڕ و ململانێی حیزبی، زۆر هەل و دەرفەت بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە لەدەست چوون، بەڵام حاشا لەوەش ناکرێ کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە نیسبەت گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی کومەڵگە، کەمتەرخەمی کراوە .

۲۰ ساڵ بۆ داڕشتنی بناغەی کەسایەتیی منداڵان، مێرمنداڵان، گەنجان و بۆ پێگەیاندنی نەوەیەک و ئارام کردنەوەی دەروونیی نەوەیەکی دیکە کەم نییە. لە هەموو ئەو ۲۰ ساڵەدا پەراوێز خراوترین بوار، بواری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و دەروونیی تاک بووە لە کوردستان. ئەمە ئیدیعایەکی بێ بنەما نییە. ڕەفتار و کرداری تاکەکان، لە نێو بنەماڵە، لە شەقام، ئیدارە و بنکە و بارەگا حیزبی و حکوومەتییەکان بە تایبەت بە نیسبەت ژنانەوە، ئەو ئیددیعایەمان بۆ دەسەلمێنێ.

لە کوردستان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ڕۆژ و حەوتوو نەبووە ژنێکی کورد خۆی نەکوژێ یا نەکوژرێ. هەرکەس توسقاڵێک دەرکی ئینسانیی هەبێ دەبێنێ، دەزانێ ئازار و ئەزیەتی ژنان لە لایەن پیاوانەوە سنووری نەبووە. ئایا تاوانبار تەنیا ئەو پیاوانەن کە ژنان دەکوژن یا ئازاریان دەدەن یا ئەو سیستەمە پەروەردەییە، کە مرۆڤی توندوتیژ دروست دەکا؟ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە بەرنامە و پلانێکی جیددیی بۆ کار کردن لە سەر پەروەردە و باری دەروونیی تاکی کورد نەبووە یان ئەگەر هەشبووە بە ناتەواوی و کەموکووڕییەوە بەڕێوە چوون. ئاکامەکەی ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەبینین هەر ڕۆژەی لە شوێنێک ژنێک بە هۆی گومان و دڵپیسیی پیاوانی بنەماڵە دەدرێتە بەر چەقۆ و گوللە و گیانی لێدەستێندرێ یان ژیانیان وا لێ تاڵ دەکەن کە بۆخۆیان خۆیان لەناوبەرن.



**هێزێک نەبوو ببێتە هۆی فشار بۆ سەر دەسەڵات**

لە دوای ڕاپەڕینەوە هەزاران ژن یان خۆیان کوشت، یا بە تاوانی «نامووسی» کوژران. ڕووناکبیرانی کورد دانەچڵەکین و هەڵوێستێکی جیدییمان لێ نەدیتن. یەکێک لە تراژیدییەکان ئەوەیە کە ڕووناکبیران لە ئاست کێشەکاندا متەقیان لێوە نایە. ئەم هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیە دەردەچن، ئەم هەموو میدیا و ئیمکاناتە هەیە بەڵام کەمپەینێک، حەرەکەتیکی جیددی بە بەشداریی ڕووناکبیران و نوخبەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بە دژی ژنکوژی بەدی ناکەین. کارێکی ڕەوشەنگەرانە، و هەڵمەتێکی گشتی و سەرانسەری کە کەسایەتی و تاکە شوێندانەرەکانی ئەم کۆمەڵگەیە تێیدا بەشدار بن، نابینین. ئەم هەموو خۆکوژی و کوژرانی «نامووسی»یە دەبیسرێ و دەدیترێ کەس بەرپرسیارانە لێی ناڕوانێ و لە هۆکارەکانیان ناپرسێتەوە. ئەو هەمووە زانکۆ و ناوەندە زانستییە هەیە، بە دەگمەن لێکۆڵەرێک، خوێندکارێک، خاوەن بڕوانامەیەک دەبینین کە توێژینەوەیەک لەسەر دۆخی نالەباری ژنان بکا. ڕێکخراوێکی ژنان جارێک لەسەر ئەو کوشت وکوشتارە شەقامی نەهەژاند و هەڵوێستێکی جیددی نەگرت. پارلمانتارێکی ژن وەها دەنگی هەڵنەبڕی کە کۆمەڵ لە گەڵ خۆیدا بهەژێنێ. یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی ئەو دۆخەی ژنان لە کوردستان، نەبوونی هێزێکی کارا و چاوەدێرە کە وڵام و ڕوونکردنەوە لە هەر مەقام و ناوەند و دامەزراوێک بخوازێ.

**گەشەکردنەکان پێ بە پیی یەک نین**

ئاستی کولتووری و ڕوشنبیریی خەڵک لەپێوەندی لە گەڵ پرسی یەکسانی و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا لەخوارێیە. لە سەر شەقام پیاوان بەشەڕ دێن، دایک و خوشک و هاوسەری یەکتر وەبەر هێرشی جوێن و قسە سووکەکانیان دەدەن. کۆمەڵگە هەر بە دروستکردنی ویلا و شاری خەونەکان پێش ناکەوێ. کاربەدەستان و بەرپرسانی حکوومەتی ڕۆژ نییە بەردی بناغەی بازاڕێک، کۆشک و تەلارێک دانەنێن، بێئەوەی خەمێکیش لە ناخ و دەروونی ئەو هەموو منداڵانەبکەنەوە کە ڕۆژانە شاهیدی لێدان و ئازاردان و تەنانەت کوشتنی دایک و خوشکەکانیانن. جوانکردنی ڕوخساری شەقام و شارەکان چ نرخێکی هەیە کە کەلتوورەکەمان لە دیاردە ناحەزەکان پاک نەکەینەوە. بەداخەوە بەرەوژوور بردنی وشیاریی کۆمەڵگە کەوتۆتە پەراوێزی هەموو پرۆژەکانی دیکەوە.

مرۆڤ کە گوێ لە هێندیک لە ڕاگەیەنەکان دەگرێ بەردەوام گوێی لە وشەی سەرکەوتن و پێشکەوتن لە بواری جۆراوجۆردا دەبێ! کە سەردانی ڕێکخراوێکی ژنان دەکەی و باس لە کارو چالاکییەکانی خۆیانت بۆ دەکەن، دەڵێی کوردستان لە سایەی کارەکانی ئەوانەوە بووە بە بەهەشتێک بۆ ژنان! بەڵام دەبینین ڕۆژ نییە لە کەلێن و قوژبنی ئەم وڵاتەدا ژنێک ئاگر لەجەستەی خۆی بەرنەدا یان بە ناوی «نامووسپارێزی»یەوە نەیکوژن، کەچی هەڵوێستێکیان نەگرت دەسەڵات و کۆمەڵ وەخۆبێنێتەوە. هەر دەڵێی ئەو کوشتنانە بەلای ئەوانیشەوە بوون بە شتێکی ئاسایی. ئەو یاسایانەی کەمتاکورتێک مافی ژنییان پاراستوە، لەلایەن دابونەریت و کەلتوور و جاری واشە بە ناوی ئایینەوە هەڕەشەیان لێدەکرێ. تەنانەت لە پرسە و سەرەخۆشییەکانیش بۆ پرۆپاگەندەی کۆنەپەرستانە و دژایەتی لەگەڵ ئازادیی تاکەکان و بەتایبەتی ژنان کەلک وەردەگیرێ، بەڵام کەس نیە پێشیان پێبگرێ و بەرپەرچی تەبلیغاتەکانیان بداتەوە.

دەسەڵاتی کوردی، حیزبی کوردی، ڕووناکبیری کورد،ڕێکخراوەکانی ژنان وهتد دەبێ ئەم ڕاستییە قەبووڵ بکەن کە لە ئاست کێشە کەلتوورییەکان و پرسە کۆمەڵایەتییەکان دا کەمتەرخەم بوون و وەک پێویست کاریان بۆ شوێندانان لە سەر ئەو بوارە نەکردوە. بۆیە ئەمڕۆ فیشەکە ژەنگاوییەکان هەر کاریان پێدەکرێ.

ژنکوژی و خۆکوشتنی ژنان لە ئاکامی بێزاری لە ستەم و هەلاواردن و سووکایەتی پێکران، پەڵەیەکە بە نێوچاوانی ئەم کۆمەڵگەیەوە. ئەم کوردستانە ئازاد و ئاوەدانە، هەتا ئەم پەڵەیە لە نێوچاوان و لە داوێنی خۆی نەسرێتەوە، ناتوانێ بەم ئازادی و ئاوەدانییە بنازێ، چونکە ئازادی و ئاوەدانییەک، کە ئەمنییەت و یەکسانی و حورمەت بۆ نیوەی ئەندامانی کۆمەڵ لە گەڵ خۆیدا نەهینێ و ژیانی ئەوان و مافی ئەوان نەپارێزێ، شتێکی ڕواڵەتییە.

# ڕۆڵی لاوان لە شۆڕشەکانی ئەم دواییانەدا

سیروان موساپوور

زیاتر لە ساڵێک بەسەر شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی هەندێک لە وڵاتانی عەڕەبییدا تێپەڕ دەبێ. لە هەر کام لەم وڵاتانە خەڵکی ڕاپەڕیو توانیویانە بەشێک لە ئامانجەکانیان بێننەدی و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دیکەش هەروا خەریکی هەوڵ و تێکۆشانن. لە توونیس، ئەو وڵاتەی کە چەخماخەی شۆڕشەکان لەوێوە لێدرا، خەڵک توانییان لە ماوەیەکی کورتدا کۆتایی بە دەسەڵاتی چەندین ساڵەی بن عەلی بێنن و لە درێژەی ڕاپەڕینەکانیشدا بە دانی تێچوویەکی زۆر زیاتر توانرا حکوومەتی موبارەک لە میسر و قەزافی لە لیبیا لەناو ببرێن. ئەم خۆپێشاندان و ڕاپەڕینانە وڵاتانی یەمەن و بەحرەین و .. گرتۆتەوە کە دەتوانین لە ئێستادا خوێناویترینیان لە سووریادا ببینن کە لە لایەن دەسەڵاتی ئەسەدەوە بە دڕندانەترین شێوە وەڵام دەدرێتەوە و ئاماری قوربانییەکان بە هەزاران کەس گەیشتوە.

لەسەر هەر یەک لەم شۆڕش و سەهەڵدانانە زۆر گوتراوە و بابەت و وتاری پڕبایەخیش نووسراون. ئەوەی مەبەستی ئەم کورتە وتارەیە زیاتر باسکردنی دەور و ڕۆڵی لاوان، لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکانی ئەم وڵاتانەیە کە لەگەڵ ئەوەیکە ڕۆڵی سەرەکی و چارەنووسسازیان گێڕاوە، بەڵام تا ئێستاش کەمیان لەسەر نووسراوە و وەک پێویست باسیان لێوە نەکراوە.

گیدێنز لە «کۆمەڵناسی»یەکەیدا پێی وایە بۆ ئەوەی کۆمەڵە ڕووداوێک ببنە شۆڕش، دەبێ چەند تایبەتمەندییەک لەخۆ بگرن کە بریتین لە: ۱. ڕووداوگەلێک دەبنە شۆڕش کە لە ناوخۆیاندا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری هەڵبگرن. ۲. شۆڕش پرۆسەی چاکسازیی گەورە یا گۆڕانی لێ دەکەوێتەوە. ۳. لە شۆڕشدا توندوتیژی بەکار دەهێنرێ یان هەڕەشەی بەکارهێنانی دەکرێت.

سەبارەت بە شۆڕشەکانی ئەم دواییانەی هەندێک لە وڵاتانی عەڕەبی دەبێ بڵێین زۆربەیان لەناوخۆیاندا هەڵگری بزووتنەوەگەلێکی کۆمەڵایەتین. لەمەڕ لێکەوتنەوەی پرۆسەی چاکسازیی گەورە یان گۆڕان تەنیا دەتوانین بڵێین کە بە نەمان و لەناوچوونی ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا بێشک گۆڕانی گەورە و ڕیشەیی لە جۆری سیستەم و شێوازی دەسەڵاتدارێتیدا دێتەگۆڕێ، بەڵام ئەم گۆڕانانە تا چەند فۆرمێکی ئەرێنی یان نەرێنی بەخۆوە دەگرن، ئەوە لەدوای سەقامگیربوونی دەسەڵاتی تازە دەردەکەوێ. تەنانەت هاتنەئارای پرۆسەی چاکسازیی گەورەش لە داهاتوودا هەر بەم گۆڕانانەوە بەستراوەتەوە. لە تایبەتمەندیی سێهەمیشدا ئاماژە بە بەکارهێنانی توندوتیژی کراوە. لەم بەشەدا گیدێنز ئاماژەی بەوە کردوە کە «شۆڕشەکان ئەو گۆڕانە سیاسییانەن کە لە بەرامبەر بەرگریی سەرانی ڕێژیمە کۆنەکان کە ئامادە نین بەبێ هەڕەشەی توندوتیژی یا بەکارهێنانی توندوتیژی دەست لە دەسەڵات هەڵگرن». لە شۆڕشەکانی ئەم دواییانەدا ئەم خاڵە بە ئاشکرایی خۆی دەنوێنێ. لە میسر، توونس، لیبیا، سووریە و.. لە گشتیاندا لە لایەن ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانەوە کەڵک لە توندوتیژی وەرگیراوە. جا ئەوەکە ئەو دەسەڵاتانە تا چەند یان بۆ ماوەی چەند توانیویانە کەڵک لە توندوتیژییەکان وەربگرن، ئەوە پێوەندیی بە کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکەوە هەیە. شتێکی سرووشتییە کە لە بەرامبەر توندوتیژیی دەسەڵاتداراندا خەڵکی شۆڕشگێر و ڕاپەڕیویش دەست بۆ توندوتیژی ببەن، ئەگەرچی تێچوویەکی ئینسانیی گەورەشی لە پێناودا دەدەن.

لاوان وەک هێزی بزوێنەر و خاوەن ئیرادەیەکی پتەو و شۆڕشگێرانە لە سەرجەم ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانەدا چ لە وەڕێخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و چ لە بەدیهێنانی گۆڕان و ئاڵوگۆڕەکاندا و، چ لە بەکارهێنانی توندوتیژی یان خەساربینین بە هۆی توندوتیژیی دەسەڵاتدارانەوە، لە ڕیزی پێشەوە بوون و ڕۆڵێکی گرینگ و چارەنووسسازیان گێڕاوە. هەر لەو کاتەوە کە لە توونس خۆسووتاندنی لاوێک بە نارەزایەتی دەربڕین لە ڕەوشی ژیان و بێزاربوون لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری نامرۆڤانەی کاربەدەستانی حکوومەتی، ڕووخانی یەکجارەکیی ڕێژیمی فەرمانڕەوای لێکەوتەوە و بڵێسەکانی ئەم ئاگرە دواتر میسر و لیبیا و هەنووکەش سوریا و چەند وڵاتێکی دیکەی گرتۆتەوە، لە سەرجەمیاندا لاوان لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕش و بەرەنگاریدا بوون و هەن. کەواتە دەتوانین بڵێین لە هەڵگیرساندن، بەرەوپێش بردن و سەرخستنی زۆربەی ئەم ڕاپەڕینانەدا لاوان کاراکتەری بەرچاوی گۆڕەپانەکە و دەستەچیلەی ئاگری ئەم شۆڕشانە بوون.

هەرچەند باسکردنی ڕۆڵی حاشاهەڵنەگری لاوان لە گشت قۆناغەکانی ئەم شۆڕشانەدا شتێکی پێویست و لەجێی خۆ دایە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە باسی لێوە بکرێ ئەرکی لاوان لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکان و نەمانی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانەیە. داخوا لاوان تووشی قۆناغێکی هەستیارتر نابن بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان بە باشترین شێوە و بە شێوازێکی دیکە بگێڕن؟ بێگومان بەڵێ. هەرچەندە سەرخستنی ئەم شۆڕشە پڕبایەخانە هێز و تینێکی زۆر و ئیرادەیەکی پتەوی دەوێ، بەڵام پاراستن و هیدایەتکردنیان بەسەر ڕێڕەوێکی دروست و ڕاستەقینەشدا بێشک ماندووبوون و خەباتێکی زۆر و بەردەوامی دەوێ کە وەئەستۆگرتن و بەرەوپێشبردنی وەها ئەرکێکی گەورەش هەر لە لاوان چاوەڕێ دەکرێ. هەربۆیە لاوان دەبێ تێبکۆشن یەکەم: هەوڵدان بۆ بە ئاکام گەیاندنی یەکجارەکیی ئەو شۆڕشانە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە شۆڕشەکان لە قۆناغی نیوەچڵی یان سەرەتای ڕێگاکە دان. دووهەم: ڕێگەگرتن لە بەلاڕێداچوونی شۆڕش. ئەوە خاڵێکی ئێجگار گرینگە. چونکە زۆرجار لە ئاستی جیهانیدا ئەوە بینراوە کە بەری ڕەنج و خەباتی گەلێک لە لایەن تاقمێکەوە دەستی بەسەردا گیراوە کە لە دواڕۆژدا ئەگەر لە دەسەڵاتدارانی پێشوو خراپتر نەبووبن، ئەوا باشتریش نەبوون کە دەتوانین وەک نمونەیەکی زەق و بەرچاو ئاماژە بە شۆڕشی گەلانی ئێران و بەلاڕێدابردنی لەلایەن ئاخوندە کۆنەپارێزەکانەوە بکەین، کەواتە هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی سیستەمێکی خەڵکی و سەردەمیانە یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی لاوان لەم وڵاتانەدایە. سێهەم: خستنەڕووی داخوازییەکانیان و هەوڵدان بۆ بەدەسهێنانی ئەو ئامانجانەی کە قوربانییان لەپێناودا داوە. بێجگە لە داخوازییە گشتییەکانی جەماوەر، لاوان خۆیان خاوەنی کۆمەڵێک داخوازیی تایبەت بە خۆیانن کە پێویستە گرەنتی دەستەبەربوونیان لە دەسەڵاتە نوێیەکان وەربگیرێ. کەواتە لە کۆتاییدا دەبێ جارێکی دیکە ئەوە دووپات بکەینەوە کە لاوان وەک چۆن لە وەڕێخستن، پێشخستن و سەرخستنی ئەم ڕاپەڕینانەدا کاراکتەری دیاریکەری گۆڕەپانی شۆڕش و سەرهەڵدان بوون و هەن، دەبێ هەر بەم شێوەیەش لە دووبارە بنیاتنانەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و سەقامگیریی سیاسی و هاتنەکایەی دەسەڵاتێکی ڕەوا و دڵخوازی خەڵکەکەیان لە وڵاتەکانیاندا ڕۆڵی ڕاستەقینە و مێژوویی خۆیان بگێڕن چونکە بێگومان هەر ئەوانن کە دەتوانن بە زەینی ڕوون، بیر و هۆشی کراوە و هەبوونی گیانی فیداکاری و قوربانیدان لەم پێناوەدا هەنگاو هەڵبگرن.



# خوێندن بە زمانی دایک لەڕووانگەی مافی مرۆڤەوە:

**قادر فەتاح ئەحمەد**

فێربوون بە زمانی زگماکی، بەرلەوەی مافێکی سیاسی و کولتووری بێت، تەنانەت بەر لەوەی مافێکی هاووڵاتی بێت، مافێکی بنچینەیی و سەرەتاییە. هەربۆیە ستاندنەوەی ئەم مافە نەک هەر پێشێلکردنی مافە سیاسی و کولتووری و هاووڵاتێتیی مرۆڤە بەڵکوو، لەژێر پێنانی بنچینەییترین و پێویستترین مافەکانی مرۆڤیشە.

«زمانی زگماک یەکێک لە سەرەکیترین، پارادیمەکانی شوناس و کەرامەتی مرۆڤە و ئەگەر لە ئاخێوەرەکەی قەدەغە بکرێت، ئەوە شوناس و کەرامەتی مرۆیەکەیە، دەخرێتەژێر پێوە نەک شتێکی دیکە. هەر بۆیە هێندێک لە شارەزایان ئەم دیاردەیە وەکوو «قڕکردنی کولتووری»ی نەتەوەیەک ناو دەبەن». (١)

خوێندن بەزمانی زگماکی مافێکی بێ ئەملاولای مرۆڤە، کە پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ، ئەم مافەیان بەفەرمی ناسیوە و دەوڵەتانیان پابەند کردوە ڕێز لەم مافە بگرن و دابین و دەستەبەری بکەن.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، کە سەرچاوەی زۆر پەیماننامە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤە، لە دووهەم ماددەی خۆیدا، هەبوونی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لەو جاڕنامە جیهانییەدا هاتوون، بە مافی هەموو مرۆڤەکان بە بێ هیچ جیاوازیدانانێک لەڕووی ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، دین، بیروڕای سیاسی، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتی و هتد، دەزانێت. (٢)ئەگەرچی بەڕاشکاوی باسی خوێندن بە زمانی زگماکیی نەکردوە، بەڵام لە ماددەی ٢٦ی خۆید١ـ پێی لەسەر پەرەپێدانی لیک تێگەیشتنی باشتر و وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و گشت تاقم و گرووپە ڕەگەزی و ئایینییەکان و پێگەیاندنی هەموو لایەنەی کەسایەتیی مرۆڤ و برەودان بە ڕەچاوکردنی «مافەکانی مرۆڤ» وەک «ئامانجی پەروەردەو فێرکردن»، داگرتوە(٣)

ئەزموونی ئەو وڵاتانەی نەتەوەی جۆراوجۆریان تێدا دەژین و یەک یان چەند نەتەوە لەگەڵ بێبەشی لە مافەکانیان و یەک لەوان سەرکوتی زمانی بەرەوڕوون، دەریخستوە کە هەڵاواردنی نەتەوەیی، هیچ خزمەتێکی بە لێک تێگەیشتن و وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان پێکهاتەجۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتانە نەکردوە و نەک هەر یارمەتیی پێگەیاندنی هەموولایەنەی کەسایەتیی تاکەکانی ئەم نەتەوانەی نەداوە، بەڵکوو بووە بە هۆی دروستبوونی کۆسپی جۆراوجۆر لەسەر ڕێگای گەشەی کەسایەتیی ئەوان.

ئەم قسەیە لە بەڵگەنامە و پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکانیشدا دانی پێدانراوە. یەکێک لە هۆیەکانی پەسند کردنی «بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان» لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەم ڕاستییە کە:

«دابینکردن و پاراستنی مافەکانی تاکەکانی سەر بە نەتەوە، قەوم، دین، زمان و کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان، سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانەی لێدەکەوێتەوە، کە تێیدا دەژین». هەروەها «دابینکردن و پاراستنی بەردەوامی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان، یەکێک لە مەرجە پێویستەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گشتییە و بە هێزبوونی دۆستایەتی و هاوکاریی دانیشتووانی ئەو وڵاتانەیە». (٤)

«ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان» کە کۆمەڵی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە١٦ی دیسامبری١٩٦٦داپەسندی کردوە، لەو بەڵگەنامە جیهانییە ناودارانەی تایبەت بە مافی مرۆڤە، کە لە باری گرنگییەوە دەکەوێتە دوای بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ. لەم بەڵگەنامەیەدا جگە لەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێک لەسەر بناغەی ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، ئایین و هتد لەچەندین ماددەدا ڕەت کراوەتەوە، لەمادەی٢٧دا، قسەکردن و نووسین بە زمانی خۆیان وەک مافی بێ ئەملاولای کەمایەتییەڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان، دانی پێدا نراوە و بەفەرمی ناسراوە.(٥)



پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی منداڵانەوە، بایەخێکی تایبەتی بەپەروەردەی منداڵ دەدا. لە لایەکەوە لەسەر ئەو هەوڵانەپێ دادەگرێت، کەپێویستە بۆکەمکردنەوەی نەخوێندەواری لەنێو منداڵاندا، دەبێت بدرێت و داواکارە ڕەوتی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا تێکەڵ بەڕێز و شکۆی مرۆیی بکرێن، لەسەرێکی دیکەوە خوازیارە ماددە پەروەردەییەکان لە خزمەت بەهێز کردنی کەسایەتی، ئامادەیی و تواناییە ڕەوانی و جەستەییەکانی منداڵدا بێت. هەروەک لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لە نێو منداڵاندا باشترین بەستێنە. ئەم پەیماننامەیە لە بەندێکی دیکەی ماددەی٢٩ی خۆیدا داواکارە «ماددەپەروەردەییەکان کۆمەک بەپەرەپێدانی ڕێزگرتنی کەسوکاری منداڵ و ناسناوی ڕۆشنبیری و زمانی و بەها تایبەتییەکانی، هەروەها بەها نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتەی منداڵەکە تێیدا دەژی بکەن.» (٦)

ماددەی٣٠ی پەیماننامەی ناوبراویش ئەو مافە بە منداڵانی سەر بە کەمایەتییە ئایینی، نەتەوەیی و زمانییەکان لەو وڵاتانەدا دەدات، کە ئەم کەمایەتییانە هەن .. وێڕای ناسیاوانی دیکەیان بە کۆمەڵ، یان بە شێوەی تاکەکەسی، کەلک لە زمان و کولتوور و ئایینی خۆیان وەربگرن.(٧)

**سەرچاوەکان لە ئارشیوی ڕۆژنامەی «کوردستان» دا پارێزراوە.**

# مافی بەکار بردنی زمان لە دامەزراوە دەوڵەتی و فەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا:

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا**

## بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان:

**ماددەی ١٥:** هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافیان هەیە، کە زمانەکانیان لەسەر زەویی پێشینانی خۆیاندا بە فەرمی بەکار بهێنن ١. هەموو حەشیمەتە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە، کە هەموو بەڵگەنامە کارگێڕی، کەسێتی و دەوڵەتییەکانیان بە زمانی خۆیان بێت.

**ماددەی ٢٣:** فێرکردن و خوێندن لە هەر سەرزەوییەکدا، دەبێت لە خزمەت پاراستن و پەرەپێدانی زمانی ئەو حەشیمەتە زمانییەدابێت، کە لەوێ دەژین.

فێرکردن و خوێندن دەبێت لە خزمەت بڵاوبوونەوە و جۆراوجۆریی زمانی و کولتووری و پێوەندیی هارمۆنییانەی نێوان حەشیمەتە زمانییە جۆراوجۆرەکانی سەرانسەری جیهاندا بێت.

**ماددەی ٢٤:** هەموو حەشیمەتە زمانییەکان، مافی ئەوەیان هەیە لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە زمانەکەیان لە هەموو ئاستێکی خوێندن (باخچەی منداڵان، سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، زانستگا و خوێندنی گەورەساڵان) لەسەر زەویی خۆیاندا، بڕیار بدەن.

**ماددەی ٢٩:**

١. هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە زمانی تایبەتیی سەرزەویی خۆی، فێر بێت و بخوێنێت.

٢.ئەم مافە، مافی فێربوونی زارەکی و بە نووسینی زمانێکی دیکە، کە تاک لەوانەیە وەک زمانی پێوەندی لەگەڵ حەشیمەتە زمانییەکانی دیکە بەکاری بێنێت، زەوت ناکات.

**جاڕنامە (چارتێر)ی ئورووپا بۆ زمانە ناوچەیی و کەمایەتییەکان:**

**ماددەی٨: پەروەردەو فێرکردن**

١. لەبەشی پەروەردەو فێرکردندا، لایەنەکان پابەند دەبن لەو ناوچانەدا کە ئەم زمانانە کاریانپێدەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی تایبەتیی هەرکام لە زمانەکان و بەبێ زیانگەیاندن بە فێربوونی زمان یان زمانەکانی وڵات:

**ا) یەک:** پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە (باخچەی منداڵان) بە زمانەکانی پێوەندیدار بەو ناوچانە یان کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

**دوو:** بەشێکی گرنگ لە پەروەردەی منداڵان لە قۆناغی بەر لە قوتابخانە(باخچەی ساوایان) بە زمانگەلی ناوچەیی و کەمایەتییە نەتەوییەکان بێت یان،

**سێ:** «یەکێک لەم دوو خاڵەی لە ژێر بەندەکانی یەک و دووی ئەم بەندە دا ناویان براوە، دەبێ لانیکەم سەبارەت بەو قوتابیانە بەڕێوە ببرێن کە دایک وباوکیان خوازیارن و قوتابییەکانیش لە رووی چەندیەتیەوە بە رادەی پێویست گەیشتبن،»

**چوار:** ئەگەر هاتوو ئۆرگانە دەوڵەتییەکان هیچ بەرپرسایەتییەکی ڕاستەوخۆیان لە پێوەندی لەگەڵ فێرکردنی بەر لە قوتابخانەدا لە ئەستۆ نەبوو، لانیکەم پشتیوانی لەم هەنگاوانە دەکەن، کە لە بەندەکانی یەک تا سێی ئەم ماددەیەدا هاتوون. یان هانی ئۆرگانە بەرپرسەکان بۆ جێبەجێکردنیان دەدەن.

**ب) یەک:** فێرکردن لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زمانەکانی ناوچەکان یان کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

**دوو:** بەشێکی گرینگ لە فێرکردن لە قۆناغی سەرەتایی بەزمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

**سێ:** خوێندنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخەنە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان یان

**چوار:** نێوەرۆکی لانیکەم یەکێک لەم سێ بەندەی سەرەوە لە بارەی ئەو قوتابیانە جێبەجێ بکەن، کە دایکو بابیان داوای دەکەن و ژمارەی قوتابییەکانیش بەشی ئەم مەبەستە دەکات،

**پ) یەک:** فێرکردن لە قۆناغی دووهەمی خوێندن (لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە تا وەرگرتنی دیپلۆم) بە زمانەکانی ئەو ناوچانە یان کەمایەتییەکان پێشکەش دەکرێت یان

**دوو:** بەشێکی گرنگ لە فێرکردنی قۆناغی دووهەمی خوێندن بە زمانەکانی ناوچەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکرێت یان

**سێ:** خوێندنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەخرێتە ڕیزی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانی قۆناغی دووهەمی خوێندن یان

**چوار:** لانیکەم یەکێک لەو هەنگاوانەی لە بەندەکانی یەک تا سێ دا هاتووە لە بارەی ئەو قوتابیانە بەڕێوە دەبەن، کە دایک وبابیان داوای ( خوێندن بەو زمانە لەو ئاستەیاندا بۆ) دەکەن و قوتابییەکانیش لە ڕووی چەندییەوە بەشی ئەم مەبەستە دەکەن.

ئەم مافانەی لەم چەند بەندەدا هاتوون، لە قۆناغەکانی دیکەشدا(خوێندنی تیکنیکی و پیشەیی، خوێندنی زانکۆو خوێندنگە بەرزەکان، خوێندنی گەورە ساڵان) هەر بەو شێوەیە دووپات دەبنەوە.

**ح)** پێداویستییەکانی فێرکردن و خوێندنی وانەی مێژووو فەرهەنگ، کە پێویستە بە زمانە ناوچەییە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بێت، دابیندەکەن.

**خ)** پێداویستییەکانی پێگەیاندن و پەرەپێدانی ڕاهێنانی مامۆستایان، کە بۆ جێبەجێکردنی نێوەرۆکی بەندەکانی ئەلف تا ح پێویستن و لایەنەکانی ڕێککەوتن قبووڵیانکردوە، دابین دەکەن.

**د)** یەک یان چەند ئۆرگانی چاوەدێر بە مەبەستی چاوەدێریی ئەو هەنگاوانە، کە بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی فێرکردنی زمانە ناوچەییەکان و کەمایەتییەکان دەنرێن، هەروەها بۆ چاوەدێری بەسەر ڕادەی پێشکەوتنەکان لەم بوارەدا، پێک دەهێنرێن. ئەم ئۆرگان یا ئۆرگانانە دەبێت بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتەکانی خۆیان بدەنەوە و بڵاویان بکەنەوە.




**بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان**

**ماددەی چوار:**

١. نەتەوەکانی ئەندام، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵ دەگرن بۆ دڵنیایی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان لە بەڕێوەچوونی مافە مرۆییەکانیان و ئازادییە بنەڕەتییەکان و یەکسانی لە بەرامبەر قانووندا بە بێ هیچ چەشنە ستەم و جیاوازیدانانێک.

٢. نەتەوەکانی ئەندام، هەنگاوی پێویست بە مەبەستی پێکهێنانی هەلومەرجی لەبار بۆ تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان هەڵدەگرن، تا بتوانن لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان و کولتوورو زمان، ئایین و جلوبەرگی خۆیان گوزارشت بکەن، تەنیا لەو جێگایانە نەبێت کەلەگەڵ یاساکانی وڵات یان ستانداردە نێونەتەوەییەکان لە ناتەبابییدان.

٣. نەتەوەکانی ئەندام، ئەگەر بۆیان دەست بدات، دەبێت هەنگاوی پێویست هەڵبگرن بۆ ئەوەی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییەکان دەرەتانی پێویستیان بە مەبەستی فێربوونی زمانی زگماکی و هەبوونی یاسا و ڕێوشوێن بە زمانی زگماکیی خۆیان هەبێت.

٤- نەتەوەکانی ئەندام، ئەگەر بۆیان بگونجێت، دەبێت پێویستییەکانی خوێندن بەزمانی دایک دابین بکەنء هاندەر بن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر مێژوو، نەریتەکان و ئەو زمان و کەلتوورانەی لە نێو سنوورەکانی ئەو کەمایەتییانەدا هەن.

www.ostomaan.org

سەرچاوە: ـ اعلامیە جهانی حقوق زبانی، ترجمە: علی ددەبیگلو

– بیانیە حقوق افراد متعلق بە اقلیتهای ملی، نژادی، مذهبی و زبانی (مصوب مجمع عمومی سازمان ملل متحد، پەسند کراوی ١٨ی دیسامبری ١٩٩٢، سایت ایران امروز

http://iran-emrooz.net

# ئیسلامی سیاسی و تێپەڕین لە گوتاری ئیدئۆلۆژیک

ڕەحمان سەلیمی

وەرگێڕان بۆ کوردی ڕێبوار مەعروف زادە

ئەو گۆڕانانەی کە خەریکە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ڕوودەدەن لە لایەنی جۆراوجۆرەوە شایانی تێڕامانن. ڕۆڵگێرانی سەرەکیی شۆڕشەکانی توونێس، میسر، لیبی و... چ گرووپگەلێک و خاوەنی چ ڕوانگەیەکن؟ ئیسلامییە توندئاژۆ و سەلەفییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی بە بەها جێکەوتووەکانی وەک دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ یان دەوڵەتە بەرژەوەندیخوازەکانی ڕۆژئاوا؟ ئاخۆ جیهانی ئیسلام بەرەو قووڵکردنەوەی کەلێن و مەوداکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئیسرائیل دەڕوا یان لە پێناو هێنانەئارای مۆدێلێکی نوێ لە ئیسلام کە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی بسازێ هەنگاوی هەڵگرتوە؟

ئەوەی لە گۆڕانەکانی شۆڕش لە وڵاتانی عەرەبی دەیبینین، بەشداریی بەرچاوی گرووپە ئیسلامییەکان و سەرکەوتنیانە لە هەڵبژاردنەکانی مەراکش و توونێس و هەروەها کاریگەریی ئەو گرووپانەیە لە سەر ڕووداوەکانی لیبی و سووریە. زاڵبوونی گوتاری ئیسلامگەراکان لە لایەک کۆمەڵگەی جیهانی نیگەران کردووەو لە لایەکی دیکە مەیدانی بۆ گرووپە توندڕەوەکانی وەک ئەلقاعیدە، تاڵیبان و هەروەها کۆماری ئیسلامی خۆش کردوە.

ڕەنگە بکرێ سەید جەماڵەددینی ئەسەدئابادی، محەممەد عەبدە و دواجار حەسەن ئەلبەنا وەک بنیاتنەری ئیسلامی سیاسی لە قەڵەم بدەین. ئەوان دەیانویست لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی شوناسی ئیسلامی، خەڵکی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بە دژی داگیرکاری ڕۆژئاوا و بە تایبەتی بە دژی بریتانیاییەکان وەخۆبخەن. لە ڕاستیدا بنەمای فەلسەفیی ڕێبازی ئیسلامی سیاسی گەڕاندنەوەی شکۆی لە دەستچووی خەلافەتی ئیسلامی بوو. باڵادەستی نیزامی، ئابووری، پیشەیی و فیکری ڕۆژئاواییەکان و زاڵبوونی بێ ئەملاوئەولای ئەوان بە سەر ناوچە ئیسلامییەکان وایکردبوو موسڵمانەکان هەست بە چووکەیی و سووکبوون بکەن. توانایە جەوهەرییەکانی ئیسلام بۆ دەسەڵاتدارێتی بە سەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، گەڕانەوە بۆ بنەما ڕەسەنەکانی ئایینی ئیسلام، جەخت کردنە سەر خواستە ڕۆحییەکانی خەڵک و دواجار جیهاد لە پێناو دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان وەک هێڵە گشتییەکانی توندئاژۆیی ئیسلامی دێتە ئەژمار. ئەوان لەو بڕوایەدان کە تا ئەو کاتەی ئامۆژگارییە کۆمەڵایەتییەکانی ئایینی ئیسلام نەبێتە یاسا و دەزگاکانی دەسەڵات لە بارەی بەڕێوەچوونیان بەرپرسیار نەبن، یەکێک لە سەرەکیترین بوارەکانی ئیسلام لە یاد کراوە و پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی ئیسلام و کوفر بوونی نابێ. بناژۆخوازە ئیسلامییەکان هەوڵ دەدەن ئیسلام لە بیاڤی تاکەکەسی بێننە دەرێ و بیبەنە نێو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک مزگەوتەکان، تەکییەکان...

هەر چەند کە لە وڵاتانی توونێس و بە تایبەتی میسر کە شۆڕشیان تێدا کراوە، گرووپە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکان زۆرترین دەنگیان بە دەست هێناوە و سەرکەوتنێکی بەرچاویان مسۆگەر کردووە، بەڵام پێدەچێ ڕوانگە توندڕەوەکان لە داهاتووی سیاسی ئەو وڵاتانەدا دەرفەتێکی ئەوتۆیان بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک و زاڵبوونێکی ڕەها بە سەر ئەو کۆمەڵگەیانەدا نەبێ. پەرەسەندنی پێوەندییەکان و بەجیهانی بوونی بەها جیهانییەکانی وەک مافی مرۆڤ،



دیمۆکراسی وتۆلێرانس لە لایەک بۆتە هۆی ئەوەی کە چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە بارەی دابینکردنی خۆشبژێوی بچێتەسەرێ و لە لایەکی دیکە وایکردووە ئیسلامگەراکان لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەوایی خەڵکی عەقڵانیتر هەڵسوکەوت بکەن. دیارە هۆکاری جۆراوجۆر لە گۆڕینی هەڵسوکەوتی ئیسلامگەراکان و هاتنەئارای گوتاری نوێی ئیسلامگەراکان لە وڵاتانی عەرەبی و بە گشتی لە گۆڕانەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەشدارن کە بە کورتی ئاماژە بە گرینگترینیان دەکەین :

١- دۆخی سیستمە سیاسییە لیبراڵەکان لەهەمبەر داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک

> **بە سەرنجدان بە خواست و مۆدێلی دڵخوازی ژیانی وڵاتانی ئیسلامی و هەروەها هەوڵی ئەو گەنجانە بۆ کۆچ بەرەو ئۆرووپا و ئەمریکا لە پێناو دابین کردنی ژیانێکی باشتر، گرووپە ئیسلامییەکان چیدیکە ناتوانن، بە کەڵک وەرگرتن لە بنەما ئایینییەکان و بەکارهێنانی دروشمی دژە ڕۆژئاوایی وەک گەورەترین ئامرازی توندئاژۆیی، پشتگیریی خەڵک بە دەست بێنن**

ئاستی بەرزی ژیان لە سیستمە لیبراڵییەکانی ڕۆژئاوا و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵک لەو وڵاتانەدا بۆ زۆربەی خەڵک و بە تایبەتی لاوانی وڵاتانی ئیسلامی بۆتە شێوازی دڵخوازی ژیان. بە سەرنجدان بە خواست و مۆدێلی دڵخوازی ژیانی وڵاتانی ئیسلامی و هەروەها هەوڵی ئەو گەنجانە بۆ کۆچ بەرەو ئۆرووپا و ئەمریکا لە پێناو دابین کردنی ژیانێکی باشتر، گرووپە ئیسلامییەکان چیدیکە ناتوانن، بە کەڵک وەرگرتن لە بنەما ئایینییەکان و بەکارهێنانی دروشمی دژە ڕۆژئاوایی وەک گەورەترین ئامرازی توندئاژۆیی، پشتگیریی خەڵک بە دەست بێنن.

٢- پێوەندی لە گەڵ سیستمی نێودەوڵەتی هۆکارێکی دیکەیە کە گرووپە ئیسلامییەکان ناچار دەکا دەستبەرداری گوتاری ئیدئۆلۆژیک بن و ڕێساکانی دیمۆکراسی و پلۆراڵیسم قبووڵ بکەن. داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتی و بە دوای ئەودا داڕشتنەوەی قانوونی هەڵبژاردن لە ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕشگێرانی وڵاتانی عەرەبی بوون. هەڵبژاردنی پارلمانی لە هەر کام لە وڵاتانی توونێس و مەراکش بەپێچەوانەی ئەو شێوازە ڕەواڵەتی و کۆنترۆڵکراوەی لە سەردەمی موبارەک و بن عەلی بەڕێوە دەچوو، لە چوارچێوەی پرەنسیپە دیمۆکراتیکەکان بەڕێوەچوو. بەو پێیە لە بەرهەمە بە نرخەکانی ئەو شۆڕشانە گۆڕینی ئەو کۆمەڵگەیانە بووە لە سیستمێکی تاک حیزبی بەرەو سیستمێکی فرەحیزبی و پلۆراڵ. ئەگەرچی ئیسلامگەراکان براوەی هەڵبژاردنەکان بوون، بەڵام حیزب و ڕێکخراوە سکۆلارەکانیش بەشداریان کردوە و لە داهاتووی حکوومەت و یاسادانانی ئەو وڵاتانە ڕۆڵیان دەبێ. ئەو بابەتە بۆ گەشە و بڵاوبوونەوەی کلتووری دیمۆکراسی و پلۆراڵیسم کە دژایەتی لە گەڵ بناژۆخوازی هەیە، ڕێخۆشکەر دەبێ.

٣- ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناکارامەبوونی بەردەوامی و تەریککەوتنەوەی لە ئاستی نێونەتەوەییدا، لە پێش چاوی خەڵکی وڵاتانی عەرەبییە و خەڵک و گرووپە ئیسلامییەکانی لە ئاکامەکانی دەسەڵاتدارێتیی ئیدئۆلۆژیک هۆشیار کردۆتەوە. تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە لە سەردەمی پێوەندییەکان و بەجیهانی بوونی سیاسەت، ئابووری، بازار و ...ناکرێ دورگەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگەی جیهانی دروست بکەین، واقعبینی و هەوڵدان بۆ بەشداریی چالاک لەو یەکە گشتگیرەی لێدەکەوێتەوە.

٤- سەرکەوتنی حیزبی ئیسلامگەرای(عدالت و توسعە) لە تورکیە و هێنانەئارای مۆدێلێکی گونجاو لەگەڵ سیستمی نێودەوڵەتی و هەروەها هەوڵی ئەو حیزبە لە پێناو کارکردنە سەر ئیسلامگەراکانی بەهاری عەرەبی یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی ڕوانگە ئیدئۆلۆژیکییەکان. تورکیە بە ڕێبەریی حیزبی ئیسلامگەرای (AKP) لە ڕەوتی گۆڕانکارنەنی وڵاتانی عەرەبیدا، لە ڕۆڵگێرە سەرەکییەکانی ئەو گۆڕەپانە دێتەئەژمار کە تێدەکۆشێ هاوکات لە گەڵ بە دواداچوون بۆ بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی، مۆدێلە ئیسلامییەکەی خۆی لەو کۆمەڵگەیانەدا جێگیربکا. دیارە نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە ئابووریی ڕانتیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر وەک توندڕەویی ئیسلامی، کاردەکەنە سەر ناسەقامگیریی دیمۆکراسی لەو کۆمەڵگەیانەدا، بەڵام دواجار ڕووخانی دیکتاتۆرەکان و ئامادەیی و بەشداریی خەڵک بنەماکانی سەرەڕۆیی لاواز دەکا و ئیسلامگەراکانیش ناچار دەبن ڕێسا و پرەنسیپە دیمۆکراتیکەکان قبووڵ بکەن.

# کوردستانی سوور، داخی گرانی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت

و: ڕێبوار مەعروف زادە

بەشی سێیەم و کۆتایی

کوردەکان بەرەو مۆسکۆ دەچن


کوردەکان لە سەرەتای مانگی مەی لە کۆمارەکان وەڕێکەوتن و بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشتن. «گلچک سەیدۆف» کە لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ کوردەکانی قەزاقستان بۆ مۆسکۆ هاتبوو دەڵێ: «دەتگوت مۆسکۆ لە لایەن کوردەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو». هەزاران کورد لە ڕووناکبیرەوە تا گوندی، لە شوانەوە تا پسپۆر، لە هونەرمەندەوە تا کرێکار بەرەو مۆسکۆ وەڕێکەوتن. «هوتێلی ڕووسیا» لە مۆسکۆ پڕ بوو لە کوردەکان، هەموو شوێنێک پڕ بوو لە کوردەکان. «بارزانی یوسفۆف» کە ئەوکات لەو نوێنەرانە بوو کە لە قرقیزستانەوە هاتبوو، دەڵێ: «تەواوی ئەو کوردانە کە دەبا هاتبان ڕۆژی ٥ی مەی هاتبوونە مۆسکۆ، بەڵام پێموانەبوو ئەو هەمووە کەسە دێن». یسفۆف دەڵێ: «کومیتەیەک کە لە محەممەد بابیۆف، عەلی عەبدولڕەمان، خاتوو سەیدۆف، دوکتور قنیاس میرزۆیۆف، وەلی مستەفا ئۆف، حوسێن نوبوو، ئەشخانە ئەسلان و ڕۆستەم برۆیۆف پێکهاتبوو، ویستیان لەگەڵ حکوومەت دانیشن بەڵام چوونکە حکوومەت قبووڵی نەکرد بڕیاریان دا کە ئەو چالاکییانەی کە پەسندیان کردبوو، دەست پێبکەن».

یەکەمین میتینگی کوردەکان لە مۆسکۆ

کاتێک وڵامێک بە داواکاری کوردەکان نەدراوە، ئەو کوردانەی بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشتبوون بە بەڕێوەبردنی میتینگێک هێزی خۆیان نیشاندا. پاش میتینگێک کە ڕۆژی ٧ی مەی بە بەشداری دوو هەزار کەس لە پارکی «سمائیل ئەفسکی» بەڕێوەچوو، دانیشتنەکان لەگەڵ حکوومەت دەستی پێکرد، کاتێک دانیشتنەکان بێ ئاکام مانەوە، ئەو کوردانەی کە چووبوونە مۆسکۆ دیسان چالاکییەکانی خۆیان دەست پێکردەوە. ئەوجار بە مانگرتن لە یەکێک لە ناوەندەکانی مۆسکۆ بە ناوی مەیدانی پوشکین درێژەیان بە چالاکی دا. لە پێنجەمین ڕۆژی مانگرتن، چالاکانی کورد لەگەڵ هێرشی پۆلیسی یەکیەتی سۆڤییەت ڕووبەڕوو بوونەوە. «گلچک عەبدوڵڵا» کە یەکێک لەو کوردانەیە کە ئەوکات لە قرقیزستانەوە بەرەو مۆسکۆ هاتبوو، هێرشەکانی بەمجۆرە باس دەکا: «ئێمە خۆمان لێرە بێگانە دەدی، بەڵام مادام ئێمە لەساڵی ١٩٢٦ ئەو بارودۆخەمان قبوول نەکرد و شوێنێک بۆ ژیانی ئێمە تەرخان کراوە کەوایە دەبێ بۆ شوێنێک کە بۆ ئێمە دیاری کراوە خەبات بکەین. ئێمە هاتبووین تا بە دێموکراتترین شێواز مافەکانی خۆمان بستێنینەوە. کاتێک هیچ وڵامێکیان بە ئێمە نەداوە، بڕیارمان دا تا وەرگرتنی وڵامێک لە حکوومەت درێژە بە مانگرتن بدەین. هەزاران مرۆڤ بە بێ ئەوەی بۆ کەسێک گرفت درووست بکەن، لەوێ دانیشتبوون، بەڵام پۆلیسی یەکیەتی سۆڤییەت ئەوەی لە ئێمە قبووڵ نەکرد و هێرشێکی دڕندانەی دەستپێکرد. ئێمە هیچ کردەوەیەکی توندوتیژمان ئەنجام نەدا، بەڵام ئەوان لە بەرامبەر ئێمەدا زۆر زاڵمانە جووڵانەوە. «بەریرە مووسا»ش کە یەکێک لەو نوێنەرانە بوو کە لە قەزاقستان هاتبوون، دەڵێ: «ژنانی ڕووس لە بەرامبەر هێرشی پۆلیس دا دڵیان بە ئێمە سووتاوە. کار لە کاران ترازابوو، چیدیکە نەدەکرا بەرەو دواوە گەڕاوە. هەروەک بڕیار درابوو، تا ڕێگەچارەیەک پەیدا نەبێ و بەرپرسانی حکوومەت بەڵێن نەدەن، هیچ کەس نەگەڕێتەوە. ئێمە هاتبووین تا چاومان بە سەرۆکی حکوومەت بکەوێ، بەڵام بە بێ دیتنی سەرۆکی حکوومەت یا ڕاوێژکارەکانی و گرتنی بەڵێنییەک نەماندەتوانی لە مۆسکۆ بڕۆین و هەر واشمان کرد». لەو بەینەدا سەرەڕای هێرشەکانی پۆلیس، مانگرتنی هەزاران کەس لە مەیدانی پووشکین درێژە دەکێشێ. لە هەشتەمین ڕۆژی مانگرتن یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی گۆرباچۆف بە ناوی «گاوریک پۆپۆف» داواکاری دانیشتنی هەیئەتێکی کوردی قبووڵ کرد. هەیئەتێک کە بە نوێنەرایەتی پۆپۆف بوو، پاش ئەوەی جارێکی دیکە گوێی لە داواکارییەکانی هەیئەتی کورد بوو، بۆچوونی فەرمی حکوومەتی ڕاگەیاند. پۆپۆف بە هەیئەتی کورد دەڵێ کە لە ئێستادا لە نێوان ئەرمەنی و ئازەرییەکان شەڕیک لە ئارادایە و بۆ ئەوەی شەڕێکی دیکە دەست پێ نەکا و بۆ چارەسەری کوردستانی سوور، کۆمیسیۆنێک پێکدەهێنن. هەروەها دەڵێ کە لە ڕۆژانی داهاتوودا لەگەڵ هەیئەتی کوردی بۆ لاچین دەڕۆن و لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخەکە لێکۆڵینەوە دەکەن و بۆ چارەسەری پرسەکە بڕیار دەدەن. کوردەکان خۆشحاڵ لە سەرکەوتنی بەدەستهاتوو لە خەباتەکەیان، «کرێملین»یان جێهێشت. کومیتە سەرەتا بە باسکردن لەنێو خۆیاندا و دواتر بە باسکردن لەنێو مانگرتووان بەو ئاکامە دەگەن کە جگە لە چاوەڕوان کردن ڕێگەیەک نییە و بەمجۆرە مۆسکۆ جێدێڵن.

چاوەڕوانی بوو بە چارەنووس

کوردەکان پاش بەڵێنییەکانی پۆپۆف لە ڕێکەوتی ١٩ی مەی ١٩٨٩ بۆ پێکهێنانی کومیتەیەک لەپێناو چارەسەری پرسەکە بۆ ماڵەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە و چاوەڕوان دەکەن. کاتێک ئەو چاوەڕوانییە بە ئاکام نەگەیشت و هێندێک جموجۆڵ لەنێو گەلانی یەکیەتی سۆڤییەت درووست بوو و هەروەها بەدوای ئەو هیرشانەی کە لە قرقیزستان، تورکەمەنستان، ئازەربایجان و ئوزبەکستان بۆسەر کوردەکان ئەنجام درا، کوردەکان دیسان ڕێگەی مۆسکۆیان گرتەبەر.



Map 28a. "Red Kurdistan" and Administrative Divisions of South-Central Caucasus.
Map 28b. "Red Kurdistan" or the Kurdish Autonomous Province of Azerbaijan SSR: 1923- 1929.

حوسێن نوبوو دەڵێ لە ساڵی ١٩٩١ بۆ جارێکی دیکە ناچار بوون بۆ مۆسکۆ بێن. سەبارەت بەو ڕۆژانە دەڵێ: «دوا جار کە هاتین هیچ ئومێدێکمان نەبوو، چونکە یەکێتی سۆڤییەت خەریک بوو تێکدەڕووخا و گۆرباچۆف بۆ پێشگرتن لە تێکشکانی هەوڵی دەدا. ئێمە سەرڕای ئەوەی کە دەمانزانی ناتوانین گۆرباچۆف ببینین هاتینە مۆسکۆ. ئەوجار تەنانەت نەماندەتوانی چاومان بە پۆپۆفیش بکەوێ. هەر چۆن هاتبووین، هەر ئاواش گەڕاینەوە. ئیدی تەنیا شتێک کە بۆمان مابۆوە، مافی پێکهێنانی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی کلتووری بوو! لە هێندێک شوێن، بۆ نموونە لە قەزاقستان، ئەو دامەزراوانەی کە هەیە بپارێزین و بەهێزیان بکەین و لە شوێنێک کە دامەزراوەمان نییە چەند دامەزراوەیەک پێکبێنین. ماوەیەک دواتر یەکیەتی سۆڤییەت ڕووخا. زۆرێک لە نەتەوەکان بەشی خۆیان لەو ڕووخانە بە شێوەی پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ لەو ناوچانەی کە لێی نیشتەجێن بە دەست هێنا. بەشی ئێمەش ئەوە بوو کە بە جێگەی کوردستانی سوور کە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە نەمانتوانی دایبمەزرێنین، بە مافی ئۆتۆنۆمی کلتووری گەیشتین. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئێمە لە خەباتەکەماندا لەسەر هەق بووین. ئەگەر ئەمڕۆکە دەرفەت بڕەخسێ، دیسان خەبات بەڕێوە دەبەین.

سەرچاوە: گۆڤاری ڕۆژەف، ژمارەکانی ١١، ١٢، ١٣_ بەهار، هاوین و پاییزی ١٣٨٨

# ئیبراهیم یونسی، چیدیکە نەیتوانی وشەکان وەبیر بێنێتەوە


**وریا ڕەحمانی**

ئیبراهیم یونسی یەکێک لە دیارترین ڕوخسارەکان و تواناترین قەڵەمەکانی دنیای نووسین و ئەدەبیاتی ئێرانە کە زیاترین دەور و کاریگەریی لە بواری ناساندنی نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان بە خەڵکی غەیری کورد بە تایبەت ئێرانیدا بووە و لەم بەستێنەدا تا دوایین ساتەکانی تەمەنی بۆ ساتێکیش درێغی نەکرد.

د. یوونسی لە دایکبووی ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. قۆناغی سەرەتایی هەر لەوێ و ناوەندیی لە تاران تەواو دەکا و پاشان لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس لە وڵاتی فەرانسە دوکتۆرای ئابووری وەردەگرێ. ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و دەچێتە نێو ئەرتەشەوە. بە هۆی کار و چالاکیی سیاسییەوە پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتیی ئێرانەوە دەگیرێ و بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە بەندیخانەکانی ئەو ڕێژیمەدا دەبێ.

لە پاش ئەو ڕووداوەوە ئیتر بە شێوەیەکی بەربڵاو دەست دەکات بە نووسین و وەرگێڕانی دەق و ئاسەوارە بە نرخە ئەدەبییە جیهانی و مێژووییەکانی بە تایبەت پێوەندیدار بە کوردستان و پرسی کوردەوە. لە ئیبراهیم یونسی، نووسەر و وەرگێڕی بە توانای کورد، زیاتر لە ١٢ کتێبی نووسین و ٨٠ وەرگێڕانی داستانی و مێژوویی بە یادگار ماونەتەوە، کە ئەگەرچی هەمووی ئەم کارە پڕبایەخانە بە فارسین بەڵام تایبەتمەندیی کوردیشیان پێوە دیارە و زۆربەیان لە پێوەندی لەگەڵ کورد و هەڵقوڵاوی فەزا و تایبەتمەندییەکانی کوردستانن. هەر وەکوو بۆخۆشی دەڵێ: «سەرەڕای ئەوەیکە لە نووسین و ئافراندنی کوردیدا لاوازم کەچی هەمیشە هەوڵم داوە بە پێی توانا لە ڕێی زمانی فارسییەوە خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی بکەم. من کوردم و دەبێ تا ئەو جێگایەی بۆم دەکرێ نەتەوەکەم بناسم و بیناسێنم».

ئیبراهیم یونسی بەر لە هەموو شتێک وەک وەرگێڕێکی شارەزا و لێهاتووی زمانی ئینگلیزی ناسراوە و لەگەڵ ئەوەیدا کە شارەزاییەکی باشیشی لە زمانی فەرانسەویش هەبوو کەچی تەنیا یەک کتێبی لەو زمانەوە وەرگێڕاوەتەوە و دیکەی وەرگێڕانەکانی بە گشتی لە ئینگلیزییەوە بوون. ئینجا لە بواری ئافراندن و نووسینیش دا دەستێکی زۆر



باڵای هەبوو، و کتێبی «هونەری چیرۆک نووسی» لە شاکارە هەرە سەرنجڕاکێشەکانیەتی کە یەکەمین دەقی فێرکاریی چیرۆکنووسیی فارسی‌یە و ساڵانێکی زۆر وەک تاکە سەرچاوەی هۆگران و فێرخوازانی هونەری داستان‌نووسی لە ئێراندا دەژمێردرا.

ئەم نووسەرە شێلگیر و لێهاتوویە، کۆی بیرەوەرییەکانی خۆی لە توێی کتێبێکدا بە ناوی « زمستان بی بهار» زستانی بێ‌بەهار، لەم ساڵانەی دوایی‌دا بە چاپ گەیاندوە کە تێیدا باس لە هەوراز و نشێوەکانی پتر لە ٨ دەیە ژیانی پڕبەرهەمی خۆی دەکا و بەدڵنیاییەوە دەتوانێ کۆمەڵێک ئەزموون و بیرەوەریی بە نرخ و پڕ لە سوودی بۆ نەوەی ئێستا تێدا بێ. ئەم نووسەر و وەرگێڕە پایەبەرزەی وڵاتی کوردەواری بەداخەوە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانبار پاش ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا دڵی لە لێدان کەوت و ڕۆژی ٢١ی بەفرانبار لە بانەی زادگاهی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردرا.

بەشێک لە کتێب و ئاسەوارە داستانییەکانی مامۆستا ئیبراهیم یونسی بریتین لە:

*کڵاولار و دۆم، گۆڕستانی غەریبان، زستانی بێ بەهار، خەمی شەوی بێ کۆتایی و نزا بۆ ئارمین. کە ئەم کتێبەی دوایی لەلایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە وەرگێڕدراوەتەوە بۆ سەر زمانی کوردی.

وەک بەشێکیش لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیشی لە زمانی ئینگلیزییەوە دەتوانین ئاماژە بەم کتێبانە بکەین:

پاڵپشت لە نووسینی تیۆدۆ درایز، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە نووسینی رابێرت ئۆلسۆن، کوردەکان و کوردستان لە نووسینی دێرک کینان، هونەری شانۆنامە نووسی لە نووسینی مۆرگان فۆستێر، تۆفان لە نووسینی ویلیام شێکسپیر، جووتێک چاوی شین لە نووسینی تامس هاردی، پرسی کورد و پێوەندیی نێوان ئێران و تورکیە لە نووسینی رابێرت ئۆلسۆن، بەم هەموو تاوانە لێبوردنی چی؟ لە نووسینی جاناتان ڕێندێل، چیرۆکی دوو شار لە نووسینی چارلز دیکێنز، دەفتەری یادداشتی ڕۆژانەی نووسەرێک لە نووسینی داستایۆفسکی، سپارتاکوس لە نووسینی هارد فاست، کۆمەڵناسیی خەڵکی کورد (ئاغا، شێخ، دەوڵەت) لە نووسینی مارتین وان برۆئین سێن، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە نووسینی کریس کۆچێرا، مێژووی کۆمەڵایەتیی هونەر لە نووسینی ئارنۆڵد هاوێز، و بە دەیان کتێب و ئاسەواری بەنرخی ئەدەبی و مێژوویی دیکەش.

**یادی پیرۆز و ڕێبازی پڕ ڕێبوار بێ.**



# پەخشانە شێعرێک

# لە زمانی دایکی هێژاوە

ڕۆڵەی دایە
من بەرهەمی ڕەش هێندراوی مێژوویەکم
تۆ وڵامی دواڕۆژی دوور و نزیکم
کاتێک سۆمای هیواکانم
ژیاننامەی پاییزیمی
دێتەوە یاد
تۆ بۆنی نێرکزت پێبێ و
موژدەی بەهار
بۆ کۆڵانە تۆزگرتووەکانی شارۆچکەم...
کە باڵی قورسی بێدەنگیش
کەوتەسەرماڵی ژیانم
تۆ قریشکەو هاوارێک بە
کە سەبەبی هەڵقورتانی لێوەکانم ڕاچڵەکێنێ...
دەنگ هەڵبێنە بقریشکێنە
ئازادیی ڕاتڵەکێنە
پێبکەنە و بزریقێوە
ئێمەو ڕۆژڕەشی وڵاتم
تەمەنمان ئاوێتەی یەک بوو
تۆ هەڵبەستی ڕووناکی بە
-٢
هەنگاو هەڵبێنە، مەترسێ
با بە تۆوە گەلەکەیشم
دارە دارەی بێ و نەترسێ

- بەری خۆ بدەرە دایکت
من ڕووبار بووم
ئێستە تینوێتیەکم پیـــر...

ئێستاکە مننەتی ژیان
هاتۆتە سەر شانی ماندووم
تۆ وچانێک بە بۆ گیانم...

ستەمنامەی هەزار ساڵە
تان و پۆی لەشی ماندوومی هەڵپڕووکاند...
کۆنەپەرەستی، ئاگر بوو
قژی هەموو ئاواتەکانمی هەڵپڕووزاند...
کۆنەپەرەستی لاقاو بوو
هاتە ناو پێخەفی شەوم
هەموو شێعرەکانم خنکان...

هەتاکوو دواساتی ژیانی ژنیەتیم
وشەیەکم خەوێکی خۆشی نەبینی...

کۆنەپەرەستییان ڕست و
کردیانە ملی ئەوینم
هێشتا هەر نەببووم لە دایک
دایان لە دار
-٤
سەیری نێوچاوی دایکت کە!
کوڕێکی هیوای تێدایە
بە هاتنت
قژی سپیم چرۆی کرد و
چرچو لۆچی بیرەوەریم
هەموو ڕێک بوو!
خوێنی تازە هاتە ناو دەمارەکانم...
تۆ سۆزی خۆشی گۆرانیت
هاتوویتە ناو گوێچکەی ژینم
تۆ دەنگێکی لایە لایەی
کە دایکم وا بۆی نەکردووم...
تۆ سیمای خۆشەویستێکی دوورمی
هەموو کاتێک وای لە پێش چاوی خەیاڵم...
-٥
کوڕی دایکی
لەمەو بەدواش
بەیانیان
تۆ هێزی هەستانەوەو
دەنگی ڕابە ڕابەی

نیوەڕۆژان تۆ فێنکیت
هەر سێبەری ماڵی ئاواتی نەنکمی
کە بۆنی گوڵەڕێحانەی
تا ئەوپەڕی حەزی دەچوو...

ئێوارانیش
هەتاکوو خۆر لاوازتر بێ
تۆ بەتینتری بۆ گیانم
تۆ ئاوی ساردی کانیاوی نیشتمانی
بۆ تینویتیم...
لەگەڵ تۆمە کوڕی دایکی
پێکەنینم نەگرێینی!!!

**مەسعود فەتحی «تەنیا»**

# لەدایکبوون...

تۆوەگوڵێکی ساوا
بەسەر زەویدا بەربۆوە
دایکی هەر شینی بۆ کرد
باوکی خاکیشی ماچ کرد و
چرۆی کرد و تێ هەڵچۆوە

# جوانی...

کەمانگ گیرا
پێیان وا بوو:
خودا مانگی حەشار داوە
کەچی لە ئەو جوانتر،
باڵای یاری مانگ بەزێنم؛
بەسەر زەویدا هەستاوە

**یوسف قەدیری**

# چـــاوەکـــانــت

چاوەکانت دوو کتێبن، باسی ڕەنگی گوڵ ئەکەن
چاوەکانت دوو غەریبن، ڕوو لە ماڵی دڵ ئەکەن
چاوەکانت دوو نیشانن، قەت بە چاو لێ نادرێن
چاوەکانت جوتێ خوشکن، قەت لە یەکتر ناکرێن
چاوەکانت دوو دروشمن، هەڵکراون بۆ ئەوین
...چاوەکانت دوو مەبەستن، بۆ هەمان دنیا و زەمین
چاوەکانت جوتێ کۆترن، وابەسەر گوێی بانەوە
چاوەکانت دوو شەهیدن، وان بەڕێی سەیوانەوە
چاوەکانت دوو پەرین و باخی شیعرم ئاوەدەن
چاوەکانت دوو سوارن، ئەسپی سەرکەش تاوەدەن
چاوەکانت دوو بەهارن باخی دڵ پڕ بۆن ئەکەن
چاوەکانت دوو مناڵن قایلم هەرچۆن ئەکەن
چاوەکانت دوو کوڕی کورد، هەژدە ساڵەن چەک بە دەست
چاوەکانت دوو سەرۆکن بۆ پەیامی یەک مەبەست
چاوەکانت دوو بەیانن وا لەیەک ئاسۆوە دێن
چاوەکانت دوو عەزیزن، چاوەڕێم هەر کاتێ بێن

**حەسیب قەرەداغی**

هەڵە چێنی

# به بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

**«ئیشتیباهی غەیری موەجەهی کوردان لە بەرانبەر ئەسلی ١٥ی قانونی ئەساسیی ئێراندا»**

دوای پیروزیی ئینقلابی ئەقشاری موختەلفی ئێران بە ڕەهبەریی بادرایەتی ئیمام. هەر لە ئیبتدای ئەم ئینقلابە عەزیمەدا ئۆممەتی هەمیشە دەرسەحنەی ئێران ڕەئی موسبەتیان بە جەمهورییی ئیسلامی دا و لە نێوان تاغووت و ئیسلامدا ئیسلامیان ئینتیخاب کرد.

دوای ئینتیخابی ئیسلام، ئۆممەتی هەمیشە دەرسەحنە بە کووری چاوی زیدی ئینقلاب و جەنایەتکارانی جەهانی، قانوونی ئەساسی جەمهورییی ئیسلامیش لە تەسویب گوزەرا و جارێکی دیکە پووزەی دوشمەنانی ئێرانی یەک پارچەی بە خاک ماڵی. وەلایەتی بادرایەتی فەقیهـ وەک ئەسلی تەغییرناپەزیری ئیسلام، قانوونی ئەساسیی خستە ژێر چەتری خۆی و ئێستاش هەروا لە گەزەندی دوشمەنان حیفزی دەکات.

قانوونی ئەساسی لە ژێر چەتری وەلایەتی فەقیهـ دا بە تەوری موستەمڕ تەمامی شئوونا‌تی زیندەگی ساکنینی ئەم مەرزو بوومەی لە یاد نەبردووە و نەزارەتی بەسەر هەموو جێگەیەکی دانەدانەی ئەعزای ئۆممەتی ئیسلامیدا هەیە. موتەئسیفانە دوای پیروزی ئینقلاب تێعدادێک ئەجیرشودەی بیگانە دەر ڕاستای ئەمیالی شەیتانی دوشمەنانی سەوگەند خوردەی ئیسلام بەرعەلەیهی نیزامی موقەددەسی ئیسلامی قەدیان عەلەم کرد کە دوای ئەوەی لە نەدامەتگاکاندا هەر کودام لە ئەعزای بەدەنیان زەرەباتی مەخسووسی خۆی وێکەوت، ئیرشاد کران و ئەوانی دیکە لە ژێر دەستی عەدالەت رایانکرد.

قانوونی ئەساسیی جەمهوری ئیسلامی موشتی دەندانشێکەنی لە لووتی ئەو کەسانەدا کە چاویان بەم قانوونە جوان و ڕێکوپێکە هەڵنایەت.

ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسی کە زۆر بە سەراحەتەوە باس لە لەهجەها و گوییشهای ئێران دەکات، ئیجازەی بە گوییشهای کوردی، ئازەری، بەلووچی و دیگەر گوییش‌هایی مەحەلی داوە بە کەیفی خۆیان مەراسماتی وەک مەولوودی‌خانی و مەوعیزەی ڕەوحانیونی موحتەڕەم بە لەهجە و گوییشهایی خۆیان ئیجرا بکەن.

جەمهوری ئیسلامی بە شەفەقەتەوە و بە نیگاهێکی تۆئەم با تەڕەحوم ڕووی کردووەتە هەموو قەومیەتەکانی ئێران و ئەسلی پازدەی لە قانوونی ئەساسیدا گونجاندووە. بە پێی ئەم ئەسلە:

«زەبانی ڕەسمی و خەتی موشتەرەکی ئێرانیەکان فارسییە و ئەسناد و متونی ڕەسمی و کوتوبی دەرسی بەم زمان و خەتە دەنووسرێن، وەلی ئیستیفادە لە زەبان‌های مەحەلی و قەومی لە مەتبوعات و ڕەسانەهای گروهی‌دا و هەمچونین تەدریسی ئەدەبیاتی ئەوان لە مەدارس لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە.»

دیقەت لە ئاخیری ئەم ئەسلە بکەن، بە سەراحەتەوە کەلیمەی ئازادی بەکار بردووە. باس لە ئازادی دەکات.

جا تۆخودا لەم بورهە حەساسەدا کە ئیستیکباری جەهانی خەریکە بیانوومان پێدەگرێت، تەوەجۆهـ بە تەوتئەهایی ئاشکار و پەنهانی بیگانەگان بکەن. جارێکی دیکە خەریکە بە بیانووی دیفاع لە زەبانی مادەری، دەستی شەیتانی بزورگ لە ئاستینی زیدی ئینقلاب دێتە دەر. کەس‌نییە بە ئەو لەخودا بێخەبەرانە بڵێ ئاخر ئێمە کە بە گوییشی کوردی قسە دەکەین، زمانەکەمان چ عەیبێکی هەیە؟ کێ بۆتە سەددی ڕاهمان کە خدمەتی پێ نەکەین؟ ئێستاش من پێشنهاد دەکەم هەموومان لە جەواری ئەسلی ١٥ی قانونی ئەساسی خدمەت بە نیزامی موقەددەسی جەمهورییی ئیسلامی بکەین.

مستەفا شێخە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 577 19 feb 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# زمانەکەم رۆژت پیرۆز

بێبەش پیرۆتی

جیهان بەرەو رێز گرتن لە رۆژی جیهانی زمانی زگماکییەوە دەچێ و منی کوردیش کە خاوەنی زمانی رەسەن و پاراوی خومم بە مافی خۆمی دەزانم ئەوەندەی بۆم دەلوێ بە باشترین شێوە رێز لەو رۆژە پیرۆزە بگرم.

وشەی ماف هات و بۆ جارێکی دیکەش وەک هەمیشە و وەک ئەوەی لە سەرانسەری مێژووی ژیانمدا دیتوومە و هەستم پێ کردوە لێی بێبەشم. مافی ئەوەم نیە بە ئازادی لە وڵات و لە سەر خاکی خۆم بژیم. مافی ئەوەم نیە خۆم بە بیر و دەستی خۆم چارەنووسی خۆم دیاری بکەم و بەرێوەی بەرم. تەنانەت ئەو مافەشم لێ زەوت دەکەن بڵێم نەتەوەم . مافی دەرس خوێندن و هەتا ئەوەی زۆر جار قسە کردن بە زمانی شیرن و رەسەنی خۆمیان لێ زەوت کردووم ، تۆ بڵێی غەدری لەوەش گەورەتر هەبێ؟!

منی کورد خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەم کە نەتەوەیەک دەبی هەیبێ و یەکێک لەوان زمانەکەمە. زمانی کوردی بە زاراوەکانی کورمانجی خواروو، کورمانجی سەروو، هەورامی و کەلهوڕی و چەندین بن زاراوەوە. دوژمنان و داگیرکەران هەمیشە هەوڵیانداوە تیشە لە ریشەی ئەو زمانەمان بدەن، دەسەڵاتدارانی بەرچاوتەنگی تورک قسەکردن بە زمانی کوردیان کردبووە تاوان و تەنانەت خێزانی کورد پێیان رەوا نەدەبینرا لە چوارچێوەی ماڵی خۆشیاندا بە زمانی زگماکی خۆیان بدوێن وئێستاش کوردەکانی ژێر دەسەڵاتیان ناچارن هەر بە تورکی بخوێنن.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش دەسەڵاتدارانی فارس کە زمانی خۆیان بە هونەر ناودەبەن لە گەڵ ئەوەی ئێستاش کە ئێستایە زمانی کوردییان بە رەسمی نەناسیوە وئیزنیان نەداوە دەرس بەو زمانە لە کوردستانەکە بخوێندرێ، هەوڵیشیان داوە لە رێگای جۆراوجۆری وەک کەلک وەرگرتن لە راگەیەنەکانی سەر بە خۆیان و پەرە پێدانی فەرهەنگی دزێوی بە کوردیی پەتی و رەسەن قسە کردن بێسەوادانە و «بێکلاس»انەیە زمانەکە بەرەو نەمان و لە بیرچوونەوە بەرن. دەسەڵاتدارانی عەرەبی سووریەش ئەوە ئاکارە مرۆڤدۆستانەکانیان! بۆ هەموولایەک روون و ئاشکرایە کە کوردی لە بوونی ناسنامەش بێبەش کردوە.بە داخەوە لە باشووری کوردستانی رزگارکراویشدا کە بووینەتە خاوەنی زۆر دەسکەوتی گرینگ هەوڵی پێویست بۆ پاراستنی زمانە رەسەنەکەمان نەدراوە و نادرێ؛ خەریکە هێنانی وشەگەلی بێگانە و نامۆ و تەنانەت زۆرجارانیش داتاشراو جێگە بە وشە پەتی و رەسەنەکانی کوردی لێژ دەکا و جێگای دەزگایەکی چاوەدێری کردن بەسەر زماندا بەتاڵە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی نەهێندە دووری خۆمان واتە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بخشێنین دەبینین بە مەبەستی پاراستنی زمانی زگماکیمان لە تێیەوە خزانی وشەی نامۆ و نارەسەن و داتاشراو لە لایەن کاربەدەستانی کۆمارەوە لیژنەیەک بۆ چاوەدێری کردن بە سەر زمانی کوردیدا دامەزرا و ئەولێژنەیە لە سەر بەکارهێنان یان نەهێنانی وشە و دەستەواژە نوێیەکان بڕیاری دەدا و بەمجۆرە لە لایەک رەسەنایەتی زمانەکە دەپارێزرا و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ بۆ گەشە پێدان و دەوڵەمەند بوونی دەدرا. خۆزگە لە باشووری کوردستانیش کە ئێستا بارودۆخی بەرێوە بردنی ئەو ئەرکەی لێ رەخساوە هەنگاوێک لەو بارەوە هەڵگیرابایەوە.

بە هەمووی ئەوانەشەوە وەک ئەوەی نەتەوەی کورد بۆ مانەوەی خۆی لە هیچ فیداکارییەک نەپرینگاوەتەوە و وەک کوێستانەکانی کوردستانەکەی سەربەرزانەو خۆراگرانە ماوەتەوە، ئاواش زمانەکەی لە بەرانبەر فەوتاندا بەربەرەکانی کردوە. تەنانەت کاتی زمان و کەلتووری عەرەب بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە خۆی بەسەر زۆرگەل و نەتەودا سەپاند و هەتا ئەوەی بەشێک لە نەتەوەکان تەواو بوون بە عەرەب، کورد لە گەڵ وەرگرتنی ئایینەکەش زمان و بەشێکی بەرچاو لە کەلتوورەکەی پاراست. ئەوەش وەک زۆر بەڵگەی دیکە نیشاندەری ئەو راستی‌یە کە کورد نەتەوەیە و زمانەکەشی زمانێک رەسەن و سەربەخۆو تایبەت بە خۆی.زمانێک کە لە خۆڕا پێداهەڵگوتن نیە ئەگەر بڵێین دەوڵەمەندیشە و ئەدەبی نەنووسراومان باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو راستییە. زمانێک کە لە باری وەرزێری و ئاژەڵداری و کۆمەڵایەتیەوە بۆ وشە و دەستەواژەی رەسەن و پەتی و رەوان دانامێنێ. زمانێک کە ئەگەر خاوەنەکەی گیرۆدەی ئەو چارەنووسە شوومە نەبووبایە کە تا ئێستاش لێی دەرباز نەبووە لە باری زانستە جۆراوجۆرەکانیشەوە دەیتوانی سەر زیاتر بەرز کاتەوە و ئاوا هەژار نەمابایەوە.

بەڵام ئەو زمانە کە تا ئەمرۆ بەرانبەر بە هەموو پیلانەکان خۆی پاراستوە و سەربەرزانە ماوەتەوە بە دڵنیایەوە لەمەو بەدواش نافەوتێ و بە هیمەتی خاوەنە فیداکار ودڵسۆزەکانیشی ئەو رۆژە هەردێ لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە رەسمی بناسرێ و دەرسی پێبگوترێتەوە و بخوێندرێ.ئەو رۆژە دێ زمانی کوردییش وەک هەموو زمانە دەوڵەمەندەکانی دونیایە بە پێی رەوتی بەرەو پێشچوونی پێشکەوتن بەرەو پێش بچێ و لە باری زانستە جۆراوجۆرەکانیشەوە سەری لە نێو سەراندا دیار بێ.

زمانەرەسەن و شیرنەکەمان کە وەک خاوەنەکەی خۆراگر بووە و یەکێک لە بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی نەتەوە بوونمانە پێویستە هەمیشەرێزی لێبگیرێ و وەک چاو بپارێزرێ و بۆ زیاتر گەشە کردن و دەوڵەمەندتر کردنی هەوڵ بدرێ و بە شانازی و ئەرکی سەر شانمانی بزانین رۆژەجیهانییەکەی واتە رۆژی جیهانی زمانی زگماکی رێز بگرین و لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێن بدەین نەسرەوین تا هەرچی زووتر باشتر، بیکەینە رەسمی.

رۆژی جیهانی زگماکی لە زمانی کوردییش پیروز بێ.

## فستیڤاڵی ناوچەیی شانۆی کوردی لە سەقز



دەیەمین فستیڤاڵی ناوچەیی شانۆی کوردی لە سەقز بە ئامادەبوونی ٩ گرووپی شانۆیی لە ئێوارەی رۆژی شەممە ١٨ فێوریەوە لە شوێنی فەرهەنگ و ئیرشادی ئسلامی سەقز دەستی پێ کرد.

بە وتەی سەرۆکی کۆڕی هونەرە شانۆییەکانی شاری سەقز ئەو فستیڤاڵە لە ماوەی سێ رۆژدا لە شوێنی ئیدارەی «فەرهەنگ و ئیرشادی» سەقز بەرێوە دەچێ.

لەو فستیڤاڵەدا ٩ گرووپی نمایشی لە پارێزگاکانی سنە، کرماشان و ورمێ لەگەڵ یەکتر رکابەری دەکەن و بریارە لە کۆتایی فستیڤاڵەکەدا گرووپەکانی سەرکەوتووی فستیڤاڵەکە رێزیان لێ بگیرێ.

یەکێکی دیکە لە بەشەکانی ئەو فستیڤاڵە بەرێوەچوونی کارگەکانی فێرکردن و کۆبوونەوەکانی رەخنە و لێکدانەوە بە ئامادەبوونی مامۆستا بە ئەزموون و خاوەن ناوەکانی ئێران لە پەراوێزی ئەو فستیڤاڵەدایە.

شایانی باسە کە فستیڤاڵی ناوچەیی شانۆی کوردی سەقز لە ساڵی ١٣٧١ەوە دەستی بە کار کردوە و سەرەڕای چەند ساڵ راگیرانی درەێژەی بە کارەکەی داوە.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی ئیبراهیم یوونسی لە شاری سنە

رۆژی پێنجشەممە، ٢٧ ی رێبەندان رێوڕەسمی پرسەو ماتەمینیی ئیبراهیم یوونسی، نووسەرو وەرگێڕی بەناوبانگی کورد لە مزگەوتی مەلا وەیسیی شاری سنە بەڕێوەچوو.

لەو رێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لەنووسەران و رووناکبیرانی کورد و هەروەها ژمارەیەک لە بەرپرسانی وەزارەتی رۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرێوە چوو، دوکتور ئۆمید وەرزەندە، مامۆستای زانکۆکانی کوردستان لەم رێورەسمەدا وتەیەکی پێشکەش کرد و رایگەیاند کە وەرگێران و چیرۆکنووسی لە ئێراندا قەرزداری ئیبراهیم یونسییە.

دوکتور وەرزەندە لەبارەی تایبەتمەندیی وەرگێڕانەکانی ئیبراهیم یوونسی رایگەیاند کە هونەری وەرگێڕانی ئیبراهیم خان، تەنیا خۆی لەزمان و مانادا نابینێتەوە، ئەو کتێبەکانی تەنیا لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە نەگواستۆتەوە، ئەوەندە بەسەر کون و قوژبنەکانی زمانەکانی دەستپێک و مەبەستدا زاڵ بوو؛ نەتەنیا مانا، بەڵکوو شێوازو رۆح و فۆرم و فەرهەنگ و تایبەتمەندییە زمانییەکانیشی لە وەرگێڕانەکانیدا دەگواستەوە.

شایانی باسە کە لەو رێوڕەسمەدا چەند کەسێکی دیکەش لە کەسایەتییە سیاسی و رووناکبیرییەکان لە سەر لایەنەکانی ژیانی ئەدەبی و فەرهەنگیی ئیبراهیم یوونسی وتاریان پێشکەش کرد.



## فیستیڤاڵی قەدەم خێر لەشاری سلێمانی بەڕێوە چوو



رۆژی ٢٢ی رێبەندانی ١٣٩٠ی هەتاوی بەرانبەر بە١٠ی فێوریەی٢٠١٢ی زایینی لەلایەن سەنتەری هاوبەشی لوڕ لە شاری سلێمانی فیستڤاڵیک لەژێر دروشمی «قەدەم خێر ژنێکی شۆرشگێر، سەرکردەیەکی نەتەوەیی» بۆماوەی دوو رۆژ سازکرا. لەو فیستڤاڵەدا چەندین کەسایەتی لە نەتەوەکانی لوڕو کردو فارس بەشدار بوون. لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستانیشەوە هەیئەتێک بەشداری ئەم فیستڤاڵە بوون. لە رێورەسمی دەست پێکردنی فیستیڤالەکە دا مامۆستا شێرکۆ بێکەس پەخشانێکی خوێندەوە. پاشان چەندین بروسکەی پیرۆزبایی کە بروسکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانیش یەکێکیان بوو خوێندرانەوە. لە درێژە دا لە لایەن جەبار یاوەر سەرۆکی سەنتەری هاوبەشی لوڕ چەند وتەیەک پێشکەش کرا، لە پاشان بەرێز حاکم قادر وتارێکی پێشکەش کرد.

دوایین بەشی بەرنامەکانی رێورەسمی دەست پێکردنی فیستڤاڵی قەدەم خێر پێشکەش کردنی چەند بەرهەمێکی جوان لەلایەن گرووپی موزیکی سەنتەری هاوبەشی لوڕ بوو.

## نامەیەکی دوکتورا لە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان



نامەی دوکتۆرای خوێندکاری خوێندنی باڵا «هوشمەند عەلی مەحموود» لە ژێر ناونیشانی «رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ـەوە تا ساڵی ١٩٨٤» لە زانکۆی سلێمانی لە لایەن لێژنەی هەڵسەنگاندنەوە بە پلەی «نایاب» وەرگیرا.

ئەم نامەیە کە لێکۆڵینەوەیەکی سیاسییە لە سەر دۆخی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان،پێنج شەممە ٢٠١٢|٢|١٦ لە هۆڵی رووناکیی زانکۆی سلێمانی بە شداریی لێژنەی هەڵسەنگاندن و ژمارەیەکی زۆری لە کەسایەتییە سیاسی و ئاکادیمیەکان و نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، گفتوگۆی لە سەر کرا.

پاش دەست پێکردنی دانیشتنەکە «هوشمەند عەلی» کورتەیەکی لە باسەکەی پێشکەش کرد و وێرای خستنە رووی مەبەستەکانی خۆی لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بۆ تێزی دوکتۆراکەی رایگەیاند کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە کە بریتین لە : کورد و شۆڕشی گەلانی ئێران تا چەسپاندنی کۆماری ئیسلامی؛ کوردستان لە ژێر حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا؛ بارودۆخی نێوخۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و؛ پێوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان».

شایانی باسە کە لە دانیشتنی گفتوگۆ کردن لە سەر ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێکهاتوو لە بەرێزان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە جەلیل گادانی، حوسێن مەدەنی، سمایل بازیار و مادیح ئەحمەدی بەشدار بوون.



فەرشی سووری بەشار ئەسەد بۆ رووسەکان

نیک ئاهەنگ کەوسەر

## چاپکراوی نوێ




کتێبی «چەند راستییەکی تاڵ» لە وەرگێڕانی سەید جەلال ساڵحی چاپ و بڵاو کرایەوە.

«چەند راستییەکی تاڵ» کە کۆمەڵە چیرۆکێک لە خۆوە دەگرێ؛ نووسراوی دوکتور گولمرادی مورادی کەسایەتیی فەرهەنگی، ئاکادیمیی ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستانە چیرۆکەکانی ئەم بەرهەمە باس لە ژان و ئازارەکانی ژیانی کوردەواری لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن کە روویان داوە. نووسەر لەم کتێبەدا گرنگیی زۆری بە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو کێشانەداوە کە دەبنە قسەی سەر زاران و نیشاندەری راستییە تاڵەکانی ژیانن.